ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان



## پیرۆزبایی

لەبەرەبەری ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان‌دا گەرمترین پیرۆزبایی لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەین‌و هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنتان بۆ ئاوات دەخوازین!

**بەڕێوەبەران‌و کارگێرانی ڕۆژنامەی «کوردستان»**

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا | شەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٣ _ ٦ی دێسامبری ٢٠١٤ | ژمارە ٦٤٥ | www.kurdistanukurd.com

# بەندییە سیاسییە مانگرتووەکان، نوێنگەی بە چۆکدانەهاتنی خۆڕاگریی نەتەوەکەمانن،
# با هەمووومان، پشتیوانیان بین

### پەیامی پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە زیندانیانی سیاسیی مانگرتوو لە زیندانی ورمێ و داوای بە هاناوە هاتنی ناوەندەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ

بەڕێز، بان کی مۆن سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەڕێز ئەحمەد شەهید، نێردراوی تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئێران

کۆڕ و کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان و ناوەندەکانی داکۆکیکار لە ماڤەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان

بۆ ئاگاداریتان لە ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە ٢٠ی نوامبری ٢٠١٤ەوە ٢٩ کەس لە زیندانیانی سیاسیی کورد لە بەندیخانەی ناوەندیی شاری ورمێ، بە نیشانەی ناڕەزایەتی بە هەڵسوکەتی خراپی بەرپرسانی زیندان و گوێ نەدانی بەرپرسانی قەزایی و زیندانی ناوەندی ورمێ بەداواکانیان، پەنایان بۆ مانگرتن بردوە.

ماوەیەک لەوەپێش بەرپرسانی ئەو زیندانە ٢٧ کەس لە زیندانیانی سیاسییان بۆ بەندەکانی تایبەت بە تاوانبارانی کۆمەڵایەتی و مادەسڕکەرەکان گواستووتەوە و لە جیاتی ئەوان کۆمەڵێک لە تاوانبارانی کۆمەڵایەتی و مادەسڕکەرەکانیان هێناوەتە بەندی زیندانیە سیاسیەکان.

زیندانیانی سیاسیی بەندیخانەی ورمێ خوازیاری ئەوەن کە هاوڕێیەکانیان بۆ بەندی زیندانیانی سیاسی بگەڕێننەوە و ئەوان لە تاوانبارانی کۆمەڵایەتی جیا بکرێنەوە، بەڵام بەرپرسانی قەزایی ئەو شارە و بەرپرسانی زیندان هەتا ئێستا وڵامی داواکاریی ئەوانیان نەداوەتەوە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی هەموو یاسا نێونەتەوەییەکان و بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ دەبێ زیندانیەکان بە پێی ڕەگەز و تەمەن و جۆری تاوان و تەندروستی لە یەکتر جیا بکرێنەوە.

بەرپرسانی پێوەندیداری قەزایی و زیندانی ورمێ نە تەنیا تا ئێستا وڵامی داخوازیی ئەو کۆمەڵە زیندانیەیان نەداوەتەوە کەچی دەستیان داوەتە ئەزیەت و ئازار و ڕاگواستنی هەندێ لە زیندانیەکان بۆ شوێنی دیکە و مەترسی ئەوەش هەیە کە هەردەم گاردی تایبەتیی هێزە ئەمنیەتیەکان هێرش بکەنە سەر زیندانیەکان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای پشتیوانی لە داوای بەرحەقی زیندانیانی سیاسیی زیندانی ورمێ، داوا لە ئێوە بەڕێزان و هەموو ناوەندەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ دەکا کە بە هانای ئەو زیندانییانەوە بێن و ڕێگا نەدەن کە ئەو کۆمەڵە زیندانیە لەوە زیاتر بکەونە بەر ئازار و شکەنجەی بەرپرسانی قەزایی کۆماری ئیسلامی ئێران.

داوا لە خەڵکی ئازادیخواز لە کوردستان، ئێران و سەرانسەری جیهان دەکەین کە بە بەڕێوبردنی خۆپیشاندان یان بە هەر شێوەیەکی دیکە کە بۆیان دەکرێ دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی زیندانیانی سیاسیی کورد لە هەموو زیندانەکانی ئێران و بە تایبەت زیندانیانی سیاسیی زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١/١٢/٢٠١٤**
**١٠ی سەرماوەزی ١٣٩٣**




لە ٢٩ی خەزەڵوەری ڕابردووەوە،٢٩بەندیی سیاسیی کورد لە زیندانی ورمێ، وەک دەربڕینی ناڕەزایەتی لە هەڵسوکەوتی دژەئینسانیی بەندییەوانەکان‌و کاربەدەستان لە گەڵ بەندییە سیاسییەکان، مانیان لە خواردن گرتوە.

مانگرتنەکە دوای ئەوە دەستی پێکرد کە کاربەدەستان، دەیان بەندیی دیکە کە تاوانەکەیان کڕین‌و فرۆشتنی مادە سڕکەرەکان‌و کوشتن‌و تاوانی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر بوو، بە بیانووی نەبوونی جێگا، هێنایە نێو بەندییە سیاسییەکان. هەروەها ژمارەیەک لە بەندییە سیاسییە کوردەکانیشیان لە هاوبەندەکانیان جیا کردەوەو بە سەر بەندەکانی دیکەدا کە تایبەتن بە ئەنجامدەرانی تاوانی کۆمەڵایەتی، دابەشیان کردن. ئەو مانگرتنە لە گەڵ پشتیوانیی ژمارەیەکی دیکە لە بەندییە سیاسییەکانی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران بەرەوڕوو بووە.

بە پێی زانیارییەکانی کەمپەینی بەرگری لە بەندییە سیاسی‌و مەدەنییەکان، لانیکەم ٤٥بەندیی سیاسیی کورد لە بەندیخانەی ورمێدا هەن. لەو ٤٥ کەسە بە لانی کەمەوە ١٠ کەسیان حوکمی ئێعدامیان هەیە. زانیارییەکان کە لە بەندیخانەوە دەگەن، نیشانی دەدەن کە مانگرتووان لە سەر داواکەیان کە پێویستیی هەبوونی بەندی تایبەت بە بەندییە سیاسییەکانە، پێداگرن‌و دەیانەوێ سووکایەتی‌و بێڕێزی‌و بێمافیی ئەوان کۆتایی پێ بێ. ئەو نیگەرانییە هەیە کە کاربەدەستان نەک هەر گوێ لە داخوازی بەندییە سیاسییە مانگرتووەکان نەگرن بەڵکوو بۆ چاوترسێن کردنیان، ئەوانەش کە حوکمی ئێعدامیان هەیە، ئێعدام بکەن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای ڕاگەیاندنی پشتیوانیی خۆی لەم مانگرتنەو داوا ڕەواکانی مانگرتووان، لە نامەیەک دا داوای لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ کردوە، هاواری زۆرلێکراوای‌و داوای ڕەوای بەندییە سیاسییە کوردەکان ببیسن‌و پشتیوانیان لێ بکەن.



**ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەم تاقیکارییەکی گرنگدا**

٥



**ڕۆژهەڵاتتەوەری، بەستێنێک بۆ کاروخەباتی هاوبەش ڕێکارێک بۆ دەربازبوون لە پەراوێزخران**

٦



**چاوخشاندنێکی کورت بەسەر مودێرنیتەو ڕۆڵی لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران**

٧



**دوو لایەن بە دوای چی‌دا دەگەڕێن؟**

٨



**لە پەراوێزی ڕاپرسییەکەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە مهاباد**

٩

## ناساندنی ئێران وەک خراپترین وڵات لە بواری ئازادیی ئینترنێتدا

ئێران لە ساڵی ٢٠١٤ دا وەک خراپترین وڵات لە بواری ئازادیی ئینترنێت هەڵبژێردرا.

بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی «خانەی ئازادی»ی ئێران لە بواری ئازادیی ئینترنێتدا لە سەرووی لیستەی خراپترین وڵاتانی جیهان لە ساڵی ٢٠١٤ جێی گرتوەو هاتووە کە خراپترین ئینترنێت لە جیهاندا بە خەڵکەکەی دەدا.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ئێران، چین، سووریەو کوبا لەو وڵاتانەن کە خراپترین خزمەتگوزاریی ئینترنێت بە خەڵکەکەیان دەدەن و ئێران دووهەمین ساڵی بەردەوامە کە وەک خراپترین وڵاتی جیهان لە بواری ئازادیی ئینترنێتدا لە سەرووی هەموو وڵاتانی جیهاندا جێ دەگرێ.



## بێ‌خەمی‌و گوێنەدانی ژنانی مەجلیس بە کێشەکانی ژنان

بێ‌خەمی‌و گوێنەدانی ژنانی نوێنەری مەجلیس بە گیروگرفتەکانی ژنان، ڕەخنەی چالاکانی ژنانی لە ئێران لێ‌کەوتەوە.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان لە ٤٨٤ بیرهێنانەوەو تانەی نوێنەرانی ژن لە مەجلیس لە ماوەی ٣٠ مانگ چالاکیی مەجلیسی نۆیەم‌دا تەنیا ١٩ بیرهێنانەوەو تانەی نوێنەرانی ژن لە مجلیس لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی ژنان بووەو ئەم ڕێژەیە بەرابەرە لەگەڵ سەدا ٣ ی ئەو تانەو بیرهێنانەوەی کە ژنانی مەجلیس ڕوو بە سەرکۆمارو ئەندامانی هەیئەتی دەوڵەت کردوویانە.


بەپێی ڕاپۆرتی «خەبەر ئانلاین» وردبوونەوە لەم ١٩ جارە دەری دەخا کە جگە لە ڕووداوی «پرژاندنی ئەسید لە ئیسفەهان»، «سووتانی دوو ژن لە شەقامێکی تاران»و «جێبەجێکردنی پەسندکراوی مەرەخەسیی منداڵبوون» نوێنەرانی ژن لە مەجلیسی نۆیەم بە کردەوە ئاوڕیان لە خەسارە کۆمەڵایەتی، قەیران‌و گیروگرفتەکانی ژنان نەداوەتەوە.



هەروەها بە پێی لێکۆڵینەوەکان، ڕێژەی تانەو بیرهێنانەوە بە نووسراوەکانی ژنان لە دەوڵەت‌و دەزگای جێبەجێکردنی کۆماری ئیسلامی نیشانەی ئەوەیە کە جگە لە ٢ جار لە ماوەی ١٥ مانگی ڕابردوودا کە یەکیان لە لایەن مێهناز بەهەمەنی، نوێنەری سەراب لە مەجلیس ڕوو بە بۆ وەزیری ئیتلاعات و وەزیری نێوخۆ لەبارەی ئەسید پرژاندن لە ئیسفەهان بووە، ژنانی مەجلیس هیچ گرینگییەکیان بە توندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێران نەداوە.

# دێموکرات و کۆمەڵە: دەکرێ گوتاری «ڕۆژهەڵات مێحوەری» بکەینە بنەمایەک بۆ کاری هاوبەشی لەمەوبەدوامان

**لە دانیشتنی دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا**



لە کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا دوولایەن پێیان وابوو کە دەکرێ گوتاری «ڕۆژهەڵات مێحوەری» بکرێتە بنەمایەک بۆ کاری هاوبەشی لەمەوبەدوای ئەو دوو حیزبە.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٣ی سەرماوەز، هەیئەتێکی ڕێبەریی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵە سەردانی حیزبی دێموکراتی کردو لە لایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی ئەم حیزبەوە بە سەرۆکایەتیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا.

لەم دیدارو کۆبوونەوەی دوو هەیئەتی دێموکراتو کۆمەڵەدا کۆمەڵەدا پرسی تایبەت بە بارودۆخی ناوچەکە، ڕۆڵ و پێگەی کورد، وەزعییەتی سیاسی لە ئێرانو بە تایبەت بارودۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کارکردی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەیی لەم بەشە لە کوردستانو ڕۆڵی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ئاڵوگۆڕی بیرو ڕایان لە سەر کرا.

لە کۆبوونەوەی هەر دوو هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتو کۆمەڵەدا بە ئاوڕدانەوە لە دیاردەی داعشو هێرشی بۆ سەر هەرێمی باشووری کوردستانو ڕۆژاوای کوردستان، وێڕای بەرزنرخاندنی بەرەنگاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو شەڕڤانان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ هێزی تێرۆریستیی داعش، باس لە ڕۆڵو پێگەی کورد لە پرسی دژ بە تێرۆریزمی نیودەوڵەتی کرا.

لەم پێوەندییەدا هەردوو لا پێیان وابوو کە کورد لەم مەیدانەدا لەگەڵ ئەوەی کە لە لایەن تێرۆریستانەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵە زیانێکی مرۆییو ئابووری بۆتەوە، بەڵام توانیویەتی لە دەرفەتەکە بە باشی بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێو لەگەڵ ڕاکێشانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ لای پرسە ڕەواکەی، ماهییەتی ئاشتیخوازانەی خۆی بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نیشان بدا.

لە درێژەی ئەم کۆبوونەوەیەدا هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە ئاوڕدانەوە لە کاردکردی نزیک بە دوو ساڵی دەوڵەتی ڕووحانی، لە گەڵ ئەوەیکە ئاماژەیان بە هێندێک گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم دا کرد، بەڵام پێیان وابوو لە سەر ئاستی نێوخۆییدا ڕووحانی نەیتوانیوە بەڵێنییەکانی جێبەجێ بکاو گۆڕانێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ.

لە پێوەندیی لە گەڵ بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەردوو لا بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە لە کارکردی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە سەرووی هەموانەوە دوو ڕەوتی خاوەنی ڕابردووی دێموکراتو کۆمەڵە، کۆمەڵە باسێکیان هێنایە بەر باس.

لە سەرەتای ئەم بەشە لە باسەکانی نێوان هەردوو هەیئەتدا وێڕای تاوتوێکردنی باردودۆخی خەباتو تێکۆشان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، قسە لە سەر پرسی لەپەراوێزدابوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو خەبات لەم بەشە لە کوردستاندا کرا.

هەر لەم پێوەندییەدا هەردوو لا بە خوێندنەوەیەکی زۆر نزیک لە یەکتری، پێیان وابوو لە گەڵ ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پیلان بۆ لە پەراوێزخستنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەڕێژێو لە سەر ئاستی دەورووبەریشدا کار لە سەر ئەم پرسە دەکرێ، بەڵام هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەم پێوەندییەدا پێویستە بەخۆداچوونەوەیەک لە هەڵوێستو ڕوانینەکانیاندا بکەنەوە.

لە درێژەی ئەم باسەدا هەردوو هەیئەتی کۆبوونەوەکە بە پێداگری لە سەر پەسەند کردنی گوتاری «ڕۆژهەڵات مێحوەری»، پێیان وابوو کە دەکرێ ئەم گوتارە ببێتە بنەمایەک بۆ کاری هاوبەشی لەمەو بەدوای نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە دوایین بەشی دیدارەکەی هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دا بە جیدییەتێکی زیاتر لە جارانەوە قسە لە سەر لێک نزیکبوونەوەو کاری هاوبەشی نێوان حیزبەکان کراو هەردوو لا خۆیان بە ئەرکدار زانی کە لە داهاتوویەکی زۆر نزیک دا بەکردەوە بۆ ئەم مەبەستە هەنگاو هەڵێننەوەو کۆبوونەوەکانیان لە گەڵ یەکتری بەردەوام بن.

# خالید عەزیزی: ڕۆژهەڵات مێحوەری بە هیچ جۆرێک دژایەتیی لەگەڵ بەرپرسایەتییە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نیە



کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی کادو پێشمەرگەکاندا تیشکی خستەسەر باسەکانی نوێترین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لێکدانەوەو سیاسەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە هەمبەر پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران، کوردستانو ناوچەی خستە بەرباس.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٩ ی خەزەڵوەر بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم تەوەری باسەکەی بۆ لێکدانەوەی وتووێژی هەستیاری کۆمەڵگای جیهانی لەگەڵ ئێران لە سەر پرسی ئەتومیی ئەو وڵاتە تەرخان کرد.

کاک خالید عەزیزی بە ئاماژە بەوەی کە کێشەی ئەتومیی ئێرانو ئەو قەیرانەی ئێران لەو پێوەندییەدا دروستی کردوە سێبەری خستۆتە سەر زۆربەی پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگای ئێران، پێی وابوو چارەسەربوونی قەیرانی ئەتومیی ئێرانو ساغبوونەوەی جیهانی لەسەر ئەو بابەتە بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە، لەبەر ئەوەی بەهۆی قەیرانی ئەتومییەوە بۆ نموونە پرسی نەتەوەکان، پرسی ئازادیی سیاسی، پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، پرسی بەشداریو بەشداری پێنەکردنی خەڵک لە



سیاسەتو بەڕێوەبەری، پرسی ژنان، زیندانیانی سیاسی، قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان هەر هەموو خراونەتە پەراوێزەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەو قەیرانە لە نێوخۆی وڵات بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنو شاردنەوەی قەیرانەکانی دیکەو لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ کەڵەوەکێشیو وەرگرتنی باج لە وڵاتانی بچووکی دراوسێی کەلک وەردەگرێو تەنیا کاتێک پاشەکشە دەکا کە فشاری بۆ هاتبێو گەمارۆ ئابوورییەکانو دابەزینی نرخی نەوت لەوەدا کاریگەریی خۆی بووە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر ئەو پرسە گوتی: ئێمە لە دانیشتنو کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ لایەنە بیانییەکان پێمان گوتون کە نابێ متمانە بە ئێران بکرێو ناکرێ هەموو هێلکەکانتان لە سەبەتەیەک دابنێن، چونکی ئێران ژانەسەری دیکەتان لە شوێنێکی دیکە لە یەمەن ڕا تا تا دەگاتە لوبنان بۆ دروست دەکا.

کاک خالید عەزیزی لەو بەشە لە قسەکانیدا بە ئاماژە بە سەردانەکەی بۆ ئەمریکا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە بەلایەنی ئەمریکای گوتوە کە نابێ کورد لە گێژەنی ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەتەنیا بێڵنەوە. هەروەها جەختی کردەوە کە ڕەخنەی لە سیاسەتو ڕوانگەی ئەمریکا بە نیسبەت پرسی کورد لە ئێران گرتوە کە بە نیسبەت کێشەی کوردو قورسایی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکێشەکانی ئێرانو ناوچەدا کەمتەرخەم بوون.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا بە ئاماژە بەوەی لەو ماوەیەدا زۆر باس لە وتووێژی نێوان دەوڵەتو حیزبی دێموکرات کراوە، گوتی لە ڕوانگەی ئێمەوە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کێشەی سیاسیو ماف لە ڕێگەی وتووێژو دانوستانەوە چارەسەر دەکرێو لە ڕابردووشدا کە ئێمە دەستمان بۆ چەک بردوە، ناچاریان کردووین.

کاک خالید عەزیزی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە باشترین ڕێگای چارەسەری پرسی کورد لە ئێران دانوستانو وتووێژەو لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بنەمای وتووێژ بۆ چارەسەری کێشەکان قەت ڕەت نەکراوەتەوە.

باس لە هێنانەگۆڕێی چەمکی ڕۆژهەڵات مێحوەری تەوەرێکی دیکەی باسەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا بوو.

کاک خالید عەزیزی بە ئاماژە بە پێویستیی هێنانەبەرباسو بەڕۆژەڤکردنی چەمکی ڕۆژهەڵات مێحوەریو چۆنیەتیی نهادینەکردنو چەسپاندنی ئەو گوتارە لەسەر کاردکردی حیزبو کۆمەڵگاو نوخبەی وڵات باسێکی تێرو تەسەلی پێشکێش کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای باس لەوەی کە بەشێوەیەکی سروشتی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات بە پلەی یەکەم ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو ئەساسەن حیزبی دێموکراتی کوردستان بەر بۆ ئەو مەبەستە دامەزراوە، باسی لە کۆمەڵێک هۆکاری نێوخۆییو دەرەکی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو دروشمە کردو گۆتی مەبەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەوڵێک بووە کە بۆ لەپەراوێز خستنی هەرچی زیاتری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ڕووبەری بزوتنەوەی کوردو نەخشەی ئاڵوگۆڕەکان لە ناوچەدا تێ‌دەکۆشی.

کاک خالید جەختی کردەوە کە سیاسەتو گرتنەبەری ڕۆژهەڵات مێحوەری بە هیچ جۆرێک دژایەتیی لەگەڵ بەرپرسایەتییە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نیە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بە مانای ئەوەیە کە تێبکۆشین لە ڕێگەی هێنانەوە نێو ڕۆژەڤی پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فاکتەری گشتیی کوردی بەهێزتر و کاملتر و کاراتر بکرێ.

شایانی باسە کاک خالید لە بەشی کۆتایی باسەکەیدا پڕژایە سەر کۆمەڵێک باسی تەشکیلاتیو ڕێنوێنی پێویستی بۆ بردنەپێشێی کاروباری حیزبی لەو بوارانەدا بە بەشە پێوەندیدارەکان دا.

# بەشداریی دوو شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمەکانی یادی شەهیدانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا

دوو شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمەکانی یادی شەهیدانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شارەکانی سلێمانیو کۆیەدا بەشدارییان کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی بەشی پێوەندییەکانی سکرتاریان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان شاندێکی حیزب بە سەرپەرستیی عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب و هاوڕێیەتی کەریم مەهدەوی، نوێنەری حیزب لە سلێمانیو سیامەک وەکیلی، کادری بەوەجی حیزب لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانی یەکیەتیی نیشتمانیدا بەشدار بوون کە لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو.

شاندی حیزب لەو ڕێورسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەیان پێشکێش بە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کرد.

هەر لەو پێوەندییەدا لە شاری کۆیەش لە ڕێوەرەسمێکی هاوشێوەدا کە لەلایەن مەڵبەندی ١٤ ی یەکیەتیی نیشتمانی بەڕێوەچوو، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید وەنەوشە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبو هاوڕێیەتی فەتاح ئیلخانیزادە، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە کۆیەو محەممەد شەهرەوان کادری بەوەجی حیزب بەشدارییان کرد.



هەیئەتی حیزب لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێشکێش بەو یادە کرد.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ تاوتوێکردنی لایەنە جیاجیاکانی پەروەندی ئەتۆمیی ئێران

سەرلە بەیانیی ڕۆژی دووشەممە ١٠ی سەرماوەز سمینارێک لە ژێر ناوی لێکدانەوەی لایەنە جیاجیاکانی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران لە لایەن عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکێک لەساڵۆنەکانی حیزب بەڕێوەچوو.

لە سمینارەدا کاک عومەر باڵەکی بە تاوتوێی لایەنە جۆربەجۆرەکانی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێرانو ڕەوتی ئەم پەروەندەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کردو. ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای لێکدانەوەی ئەم پەروەندەیە لە بواری قەزاییەوە، ئاوڕی لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دوو گرووپە واتە ئێران و ١+٥ دایەوە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا پڕژایە سەر ڕەوتی مێژوویی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا جەختی کردەوە کە وڵاتانی جیهان بەهۆی نەبوونی سەلاحییەت و ئەگەری کەلکی خراپ وەرگرتن و کەوتنە مەترسیی کۆمەڵگای جیهانی لە لایەن ئێرانەوە ڕێگری لە دەستڕاگەیشتنی ئەم وڵاتە بە چەکە ئەتۆمییەکان دەکەن.

لە کۆتایی ئەم سمینارەدا ئامادەبووان بە دەربڕینی بیروڕای خۆیان و هێنانە ئارای پرسیارەکانیان سمینارەکەیان دەوڵەمەندتر کرد و پاشان کاک عومەر وڵامی پرسیارەکانی دانەوە.





# دیداری نوێنەری حیزبی دێموکرات لەگەڵ ڕاوێژکاری سیاسی گروپی کۆنسێرڤاتیڤ و ڕێفۆرمیستی پاڕلمانی ئوروپا

ڕۆژی دووشەممە کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری یەکێتی ئوروپا، لەگەڵ ریچارد هازلوود ( Richard Hazlewood) ڕاوێژکاری سیاسی گروپی کۆنسێرڤاتیڤ و ڕێفۆرمیستی پاڕلمانی ئوروپا دیداری پێک هێنا.

لەم دیدارەدا کۆمەلێک باسی تایبەت بە ئێران، ناوچە، ڕوانینی سیاسی گروپی ناوبراو لە سەر ئێران، کوردستان و ئێستا و داهاتووی ئەم وڵاتە هاتنە بەر باس.

لە تەوەرێکی دیکەی باسەکاندا، لەسەر کێشەی ناوەکی و گفتوگۆی وڵاتانی ١+٥ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئەم کەیسە و سیاسەتەکانی گروپی کۆنسێرڤاتیڤ و ڕێفۆرمیستی گفتوگۆ کرا. ئاهەنگەری وێڕای ڕاگەیاندنی هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە چەکی ناوەکی، جەغتی لە سەر دۆخی مافی مرۆڤ و نەبوونی دێموکراسی و ئازادی لە ئێراندا کردەوە و پێداگری و دانی بەهای زیاتری وڵاتانی ١+٥ بە کەیسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە وتووێژەکاندا، بە پێویست زانی.

# بەڕێوەچوونی سیمیناری « ڕۆژهەڵات مێحوەری: پرەنسیبێک بۆ بووژاندنەوەو یەکخستنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»

یەکیەتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد سمیناریکی لەژێر ناوی» ڕۆژهەڵات مێحوەری: پرەنسیبێک بۆ بووژاندنەوەو یەکخستنی خەبات لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە برد.

ئەم سمینارە پاش نیوەڕۆی سێشەممە ٤ ی سەرماوەز، لە « هوتێل چوارچرا» ی هەولێر بە بەشداریی نوێنەرانی کۆمەڵێک حیزب‌و لایەنی سیاسی‌و ڕێکخراوی مەدەنیی بەشەکانی باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەم سیمینارە بە ڕاگرتنی یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان دەستی بە کارەکانی کردو میدیا بایزیدپوور ئەندامی دەستەی بەڕێوبەریی « یەکیەتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» بە باسێک لە سەر « ڕۆژهەڵات مێحوەری» سمینارەکەی دەست پێکرد.

لە سەرەتای کاری کونفرانس‌دا پەیامی ڕێکخراوی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» لە لایەن چیا مەلاک، ئەندامی دەستەی بەڕێوبەری ئەم ڕێکخراویە خویندراوەیەو لە پەنێلی یەکەم‌دا دوکتور ئاسۆ حەسەن‌زادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی لە ژێر ناوی «ڕۆژهەڵات تەوەری وەک ئەسڵێکی کاتالیزۆر» پێشکەشی بەشداران کرد.

دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە گوتی ئەم چەمکە وشەیەکی خەیاڵ و لوکس نییە و وەڵامدەری زەروورەتێکە بەهۆی ئەوەی لەسەر ئەساسی هەندێ هۆکار ڕوژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژەڤی هاوکێشەکان‌دا نییە، دیارە. ناوبراو هۆکارەکانی لە پەراویز خستنی ڕۆژهەڵاتی گێڕایەوە بۆ تایبەتمەندیی « «ئەرزش گرایی» خەڵک‌و ڕێخکراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆحی دێموکراتیک بوون‌و خۆپاراستن لەوەی کە هەموو کارێ بۆ بەرژەوەندیی خۆیان نەکەن.

کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو پانێلە خالید محەمەدزادە، چالاکی سیاسی‌و ڕۆژنامەنووس بوو کە باسەکەی بە رەخنە گرتن لە کردەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەست پێکردو گوتی لە پێشدا دەبێ خۆمان ڕەخنە لە خۆمان بگرین‌و وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ئایا حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ باسی نەتەوەیی بوون هاوتەریب لەگەل ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچنە پێش؟

خالد محەممەد زادە گوتی دەبی ئێمە خۆمان یەکلای بکەینەوە کە یان کوردستانین یان ئێرانی، چونکە تا ئێستا ڕۆژهەڵاتی کودرستان نەیتوانیوە کوردستانی بوونی خۆی پێناسە بکا و تەنیا هەوڵی بۆ پارچەکانی دیکە داوە. ئەو جەختی کردەوە کە ڕۆژهەڵات میحوەری دەبێ بە ڕوانینی کوردستانی بێ نەک حیزبی‌و دەبێ چەترێک بێ بۆ هەموو لایەنەکانی ڕۆژهەڵات بە ڕاست‌و چەپ‌و ئایینی.

سێهەم کۆڕگێڕی ئەو پانێلە ناسر باباخانی، نووسەرو مامۆستای زانکۆ بوو کە لە ڕێگەی « سکایپ»ەوە بەشداری سمینارەکە بوو.

کاک ناسر باباخانی لە باسەکەی‌دا لە ژێر ناوی « چوار ئیپیزۆد بۆ یەک پرۆژە« تیشکی خستە سەر ئەوەی چەمکی ڕۆژهەڵات مێحوەری زەرورەتێک بوو کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هەستی پێ کردوەو لە بەردەم خۆی‌و ڕووناکبیرانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات داینا. جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ ڕۆژهەڵات گوتاری خۆی نوێژن کاتەوەو بۆ پێوەند کردنی خەباتی شاخ‌و شار ئاراستەی بکا.

جەلیل ئازادیخواز، چالاکی سیاسی کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو پانێلە بوو کە باسەکەی لە ژێر ناوی «بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات مێحوەری، سێ گوتاری یەکانگیر»دا پێشکەش کرد.

ئازادیخواز گوتی پێویستە کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغی «موحافزەکارانە» بێتە دەرەوەو گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵات مێحوەری بەندە بە کۆمەڵە فاکتەرێک‌و دەبێ کۆمەڵگای مەدەنیش بە خواستی خۆی لەم پێوەندییەدا بجووڵێ.

قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کورگێڕێکی تری ئەم سمینارە بوو کە باسەکەی بە ناوی « ڕۆژهەڵات میحوەری بەستێنێک بۆ کار و خەباتی هاوبەش « پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم سمینارەدا حیسام دەست‌پیش، نووسەرو مامۆستای زانکۆ باسەکەی لە ژێر ناوی «خۆرهەڵات لە نیوان مێحوەرو ژیانەوە«دا پێشکەش کرد.

ناوبراو بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە بە ئاماژە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو گوتارە گوتی چەمکی ڕۆژهەڵات مێحوەری نەیتوانیوە لە بەستێنێکی مێژوویی‌دا کەڵک لە زرفیەتەکان وەربگرێ‌و ئێمە بەم چەمکە خۆمان لە ناوچەیەکی جوغرافیایی بەرتەسک‌دا قەتیس دەکەین.

حسین عبدالله قادر کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو سمینارە بوو باسێکی لە ژێر ناوی خەباتی چەکداری‌و هیزی نەرم بە شێوەی ورک شاپ پێشکەش کرد. حسێن قادر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە خەباتی چەکداری ڕێگا خۆش کەرە بۆ یارمەتی دەرەکی‌و خەباتی مەدەنی لە وڵاتی نادمکراتیکدا سەر ناکەوێ.

ژیوار ڕەسوولی، کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەم سمینارە باسێکی لە ژێر ناوی «ڕۆژهەڵات مێحوریی ئەمرۆ زوڵمێکی گەورەیە لە ڕۆژهەڵات مێحوریی دۆینێ» پێشکێش کردو گوتی ڕۆژهەڵات مێحوەری باسێکی نوێیەو ترس لە باکووریزە بوون‌و باشوویزە بوونی ڕۆژهەڵات ناچاری کردووین ئەم باسە بێنینە گۆڕێ.

عەلی ئیسمائیل نژاد کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو سمینارە باسێکی لە ژێر ناوی پێوەندییە هەرێمییەکانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە پێی گوتاری سیاسی لە کوردستان پێشکێش کرد.

عەلی ئیسماعیل‌نژاد گوتی شۆڕشی کوردستان یەک دیسکورسی هەیەو ڕەخنەی لە حیزبەکان کرد کە دیسکورسی کوردستان دێننەوە نێو دیسکۆرسی ئێران یان تورکیەوەو ئەوانیش باوەریان بەم باسە نییە.

روئیا تلووعی، نووسەرو چالاکی ژنان کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو سمینارە بوو کە باسەکەی لە ژێر ناوی» ژنی کورد لە کوێی پرۆژەی ڕۆژهەڵات مێحوەری دایە« پێشکێش کرد.

ناوبرا بە ئاماژە بە پیداویستییەکانی ڕۆژهەڵات مێحوری، خوێندنەوەی بۆ ڕۆژهەڵات حزووری بە ڕێگەی سیاسی‌و چەکداری باسی لە کۆسپ‌و لەمپەرەکانی بەردەم ڕۆژهەڵات





# هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سێهەمین کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ‌دا بەشداری کرد

بەبەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سێهەمین کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ(بانگەوازی ژنێڤ) لە شاری ژنێڤ بەڕێوەچوو.

سێهەمین کۆنفرانسی بانگەوازی ژنێڤ لە ڕۆژەکانی دووشەممە، تا پێنجشەممە، ٢٦ تا ٢٩ ی خەزەڵوەر ( ١٧ تا ٢٠ی نوامبر) لە شاری ژنێڤ بەبەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوو لە کاک حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و کاک برایم چووکەڵی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و هەروەها نوێنەرایەتیی زیاتر لە ٥٠ حیزب‌و لایەن لە سەرانسەری جیهان کە نوێنەرایەتیی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دەکەن بەڕێوە چوو.

ئەو کۆنفڕانسە سەرەتا بە باسێکی گشتی خاتوو هینریک‌و بەخێرهاتنی میوانەکان دەستی پێکردو باسێکی لەسەر چۆنیەتی گرتنی کۆبوونەوەکە کردو پاشان هیوای خواست کە ئەو کۆبوونەوە بەرینە بەرهەمێکی باشێ لێ بکەوێتەوەو ببێتە چرایەکی ڕووناکی بۆ کارەکانی داهاتوو. لە درێژەدا چەندین شەخسیەتی ئاکادیمی جیهانی‌و پسپۆڕ لەسەر ٣ تەوەرەی سەرەکی‌و لایەنە جۆراوجۆرەکانی باسەکان بەشدارییان کرد.

لەو کۆنفڕانسەدا حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ مژاری سەرەکیی کۆنفڕانس، واتە بەکارنەهێنانی مینی دژەنەفەر، چەکدارنەکردنی منداڵانی خوار ١٨ ساڵ‌و پاراستنی ژنان لە بەرەکانی شەڕدا پێشکێش کردو سیاسەت‌و خوێندنەوەو کارو کردەوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەو پێوەندییەدا بۆ بەشدارانی کۆنفڕانس شی کردەوە.

کورد یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەو کۆنفڕانسە لەسەر نەهێشتنی مینی دژی نەفەر، بەکارنەهێنان، عومبارنەکردن‌و دروستنەکردنی بوو کە لەو بەشەش‌دا کاک برایم چووکەڵی باسێکی گشتی‌و پوختی لەسەر قوربانییانی مین لەکوردستان‌و ڕەفتارو کارو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی پێشکێش کرد.

لە درێژەی کۆبوونەوەکان‌دا باس لەبارەی چەکدار نەکردنی منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ‌و ڕێگرتن لە توندوتیژی جنسی‌و جیاوازیی ڕەگەزی کران‌و لە تاوتێی ئەو باسانەدا لە ژێر ڕووناکانیی پەیماننامە نێونەتەوەیی‌کان‌و کۆنڤانسیونەکان تایبەت بەپاراستنی مافی مرۆڤ کران، تیشک خرایە سەر خاڵە لاوازو بەهێزەکان‌و ئەو هەنگاوانەی کە لەلایەن هێزە نیزامییە ناحکومی‌یەکانەوە هەڵگیراون‌و لەو باسەش‌دا هەیئەتی حیزب بەشداریی چالاکانەی لە باسەکان‌دا کردو سەرنج‌و تێبینییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەو بارەیەدا باس کرد.

لە برگەیەکی دیکەی کاری ئەو کۆنفڕانسەدا دوو کۆبوونەوەی ناوچەیی بە بەشداری نوێنەری ژنێڤاکاڵ‌و هێزە کوردستانیەکان تایبەت بە بارودۆخی کوردستان گیراو لە بەشێکی دیکەدا حیزب‌و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداریی هەیئەتی ژنێڤاکاڵ‌و هەیئەتی کولمبیایی کە پێوەندییان بەو باسانەی هەبوو، ئالوگۆڕی بیروڕایان کردو لەسەر کۆسپەکانی سەر ڕێگایان کۆبوونەوەو چەند خالێکی گرینگیان دەست نیشان کرد، کە لەداهاتوودا لەگەڵ ژنێڤاکاڵ هاوکاری زیاتر بکرێ‌و ژنێڤاکاڵیش لەوبارەوە هەنگاوی پێویست هەڵبگرێ.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە هەیئەتی حیزب لە پراوێزی کۆبوونەوەکان‌دا چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ حیزب‌و ڕێکخراوەکانی غەیری کوردستانی بەشدار لە کۆبوونەوە پێکهێنا و لەسەر دۆخی کورد لە ئێران‌و خەباتی گەلی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستان زانیاریی پێویست بەو حیزب‌و لایەنانە درا.

شایانی باسە لە کۆتایی کاری کۆبوونەوەداو لە ئاکامی باسی چەند ڕۆژەدا دوو بەڵگەنامەی پابەند بوون بە بانگەوازی ژنێڤاکاڵ لە لایەن ئیمزاکەرانی بەڵگەنامەکانەوە پەسەند کرا.



# بەڕێوەچوونی کۆنفرانسێک لە سەر ڕەوشی کوردەکانی ئیزەدی لە پاڕلمانی ئورووپا

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩ی نوامبر کۆنفرانسێک لەسەر ڕەوشی کوردانی ئیزەدی لە یەکێک لە سالۆنەکانی پارلمانی ئوروپا بەرێوەچوو.

ئەم کۆنفرانسە لەلایەن خاتو ‹ ئانا گۆمێز› ئەندامی پاڕلمانی ئورووپا لە سەر لیستی سۆسیال دێموکراتەکان‌و حیزبی پارتی گەل ( ە د پ) و ئەنیستیتۆی کورد لە بروکسێل بەڕێوە چوو و، بۆ ئەم کۆنفرانسەش ‹ ژۆزێف وەیدن هۆلزێر› ئەندامی پاڕلمانی ئوروپا هاورێ لەگەڵ ئانا گۆمێز کۆنفرانسەکەیان بەرێوە برد و چوار کەس وتاریان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە:

فیکرەت ئیگرێت ، نوێنەری پێوەندییە بیانییە فیدراسیۆنی ئێزەدییەکان لە ئورووپا؛ عەلی ئاتالان، جێگری سەرۆکی فیدراسیۆنی ئیزەدییەکان لە ئورووپا، ئەیوب دۆروو، نوێنەری ئورووپای حیزبی دیموکراتیکی گەڵ ( ە د پ)و ریمان توزون، بەرپرسی پێوەندییە خاریجییەکانی یەکێتی سریانییەکان لە ئورووپا.

لەم کۆنفرانسەدا وێڕای بەرزنرخاندنی خەباتی کوردەکان بە دژی تێرۆریستانی داعش، داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە گشتی و یەکیەتیی ئورووپا بە تایبەتی بۆ بە هاناچوونی کوردانی ئێزەدی و کۆبانێ کرا.

شایانی باسە کە هاورێ کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حیزب بۆکاروباری یەکێتی ئورووپا لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بوو.



# سەردانی هەیئەتێکی کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانییەکان لە پارلمانی بریتانیا

هەیئەتێکی کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان سەردانی پارلمانی بریتانیایان کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٧ی خەزەڵوەر هەیئەتێکی کۆمیتەی هاوکاریی حیزبەکوردستانیەکان سەردانی پارلمانی بریتانیایان کردو لەگەڵ تۆم براک لە حیزبی لیبەراڵ دیموکراتی دەسەڵاتدارو وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری پارلمان و هەروەها جێگری سەرۆکی پارلمان کۆبوونەوە.

هەیئەتە بەشداربووەکان لەسەر پاڕچە جیاوازەکانی کوردستان قسەیان کرد. کاک مەولود سوارە، ئەندامی ڕێبەری حیزب‌و نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا کە یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتەکە بوو، لەسەر ئێران‌و کوردستان‌و هەروەها دانوستانی ناوکی ئێران و گرووپی ٥+١ قسە و باسی کرد و لەو پەیوەندییە دا گوتی: ئەو دانیشتنانە نە هیچ ئەنجامێکی باشی بە دوادا دێ نە ئازادیی بۆ خەڵکی ئێران و نەتەوەکان پێیە. تەنانەت لە پەروایزی ئەم دانیشتنانەدا بەداخەوە مەسەلەی مافی مرۆڤ، ژنان، لاوان، سێدارە و بەندییە سیاسییەکان و سەرئەنجام دوایین دیاردەی دزێوی هێرش بۆ سەر ژنان‌و کچانی ئێران بە ئەسید و سووتاندنی ڕوخساریان لە بیر چوونەتەوە و هیچ باسێکیان لێ ناکرێ.

شایانی باسە لە کۆتایی ئەم دیدارەدا تۆم براک پشتیوانی خۆی لە مافی ڕەوای گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەربری.



# بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد لە سمینارێکی ئەحمەد شەهید دا



#REMOVE# بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد لە سمینارێکی ئەحمەد شەهید دا

نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد لە سمینارێکی ئەحمەد شەهید، نێردەی تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێراندا بەشداری کرد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٥ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٦ی نوامبری ٢٠١٤، سمینارێک بۆ ئەحمەد شەهید، نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، لە پارلمانی سوئێد بەڕێوەچوو.

لەو سمینارەدا ئەحمەد شەهید بارووەدۆخی مافی مرۆڤی لە ئێران بۆ بەشداران باس کردو گوتی مافی مرۆڤ لە ئێران بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی پێشێل دەکرێ‌و ڕێژیمی ئێران گوێ ناداتە لۆمەو سەرکۆنەی جیهانی‌و بڕیارنامەکانی کۆمەڵگای جیهانیی لەو پێوەندییەدا پشتگوێ خستوە.

ناوبراو بە ئاماژە بەوەی لە زیندانەکانی ئێراندا ئەشکەنجەو ئازاری زیندانییان بەردەوامەو ئێعدام بێ پسانەوە درێژەی هەیە، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە هاتنە سەرکاری ڕووحانی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر باشبوونی مافی مرۆڤ لە ئێران دانەناوە. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئەحمەد شەهید باسی ئەوەی کرد کە ئەوان هەوڵ دەدەن دۆسییەی ئەتۆمیی‌و دۆسییەی مافی مرۆڤ وەک دوو دۆسییەی سەربەخۆ کاری بۆ بکرێ‌و شوێندانەرییان لەسەر یەکتر نەبێ.

دوای قسەکانی ئەحمەد شەهید، نورەی پرسیارو تێبینییەکانی بەشداران هات کە لەو بەشەدا کەمال گروێسی، نوێنەری حیزب بە ئاماژە بە دەروەستییە قانونییەکانی ئێران بە پڕەنسیپ‌و قانوونەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و لە کردەوەدا خۆدزینەوە لەو دەروەستییانە ئەو باسەی هێنایە گۆڕێ کە هەڵویستی کۆمەڵگای جیهانی لە هەمبەر هەڵاواردنی ئاشکرا لە ئێران دەبێ چۆن بێ دوابەشی سمینارەکە بە وڵام‌و تێبینییەکانی ئەحمەد شەهید کۆتایی هات.

### پەیامی هاوخەمی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان

## لە پیوەندی لە گەڵ نوێترین قوربانییەکانی شەڕ لە گەڵ داعشدا

لەو کاتەوە کە چەکدارەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، خاکی پیرۆزی کوردستانیان کردوە بە ئامانجی هێرشەکانیانو بەرەیەکی بەربڵاوو دوورو درێژ بە درێژایی سەدان کیلۆمیتریان لە باشوورو خۆراوای کوردستان لە دژی خەڵکی کوردستان کردوەتەوە، کەم ڕۆژ هەبووە چەند ڕۆڵەیەکی نەتەوەکەمان گیانی خۆیان بەخت نەکەنو نەبنە قوربانی.

ئەوە بۆ ٦مانگ دەچێ هێزی پێشمەرگە،هەرلە سەعدییە و جلەولاوە تا دەگاتە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووکو لەوێشەوە تا دەگاتە شەنگال، وەک قەڵخانێک بەرامبەر پەلاماری تیرۆریستان ڕاوەستاوە. ڕۆڵە قارەمانەکانی کوردستان بە بەخشینی خوینو گیانی خۆیان، پەلاماری تیرۆریستانیان تیک شکاندوەو خاکو خەڵکی هەرێمی کوردستانیان پاراستوە. دیارە لە خۆراوای کوردستانیش خۆڕاگریو فیداکاریی شەڕڤانانی کورد بە تایبەتی لە کۆبانی،بووە بە مایەی سەرنج وئافەرینی نەک هەر نەتەوەی کورد بەڵکوو ئازادیخوازانی جیهانیش.

بەم جۆرە نەتەوەی کورد لە دوو بەشی نیشتمانەکەی لە سەنگەری هەرە پێشەوەی شەڕ بە دژی سوپای تاریکیو دڕندەیی دایەو لە شەڕ بە دژی تیرۆریستان‌دا، بەردەوام قوربانی دەدا.لە شەڕەکانی ئەم دوایانەی هیزی پێشمەرگەش‌دا کە ڕزگارکردنو پاک بوونەوەی چەند شارو شارۆچکەو چەندین ناوچەو گوند لە چەکدارەکانی داعشیان بە دواوە بوو،بە داخەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە پێشمەرگەکانو کۆمەڵێک لە فەرماندەرانو ئەفسەرانی هیزی پێشمەرگە گیانیان بەخت کرد.

لە بەر بەرفراوانیی ڕووبەڕی شەڕگەکانو بەربڵاوبوونی خەسارە گیانییەکان، بە داخەوە بۆ ڕێبەری و نوێنەرایەتییەکانی حیزبی ئێمە لە هەرێمی کوردستان نەگونجاوە لە نزیکەوە بەشداری هەموو یا زۆربەی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە شەهیدبوونو خەسارەگیانییەکانی هیزی پێشمەرگە بێ. هەر بۆیەو بە تایبەتی کە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا،دەیان پێشمەرگە لە پلەی جۆراوجۆردا، لە شەڕ لە گەڵ تیرۆریستان‌دا گیانیان بەخشییوە، بە پێویستی دەزانین وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی خۆمان لەو بەرگرییە ڕەواو جیی شانازییە،هاودەردیو هاوخەمیی خۆمان بە هەموو بنەماڵە شەهیدەکان،بەهێزی خۆڕاگری پێشمەرگەو تیکڕای خەڵکی هەرێمی کوردستان، رابگەیەنین.

ئێمە بۆ بریندارەکانی ئەم شەڕانە ئارەزووی چاکبوونەوەو بۆ خەڵکی ئاوارەی شەڕی داسەپێنراوی داعش، هیوای گەڕانەوەی بە زوویی بۆ سەر ماڵو بۆ نێو زێد و گوندو شاری خۆیان، دەخوازین.

ئەو نموونەو دیمەنانەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە فیداکاریو گیانبەخشین، لە شەڕی بەرگری لە خاکو خەلکی کوردستان لە چەند مانگی ڕابردوو دا نیشانیان داوە، باوەڕی قووڵی نەتەوەی کورد بە ئازادژیان وملنەدان بۆ تاریکیو جەهلو ستەم وزۆرداری، دەسەلمێنن. هیوای ئێمەو هەموو خەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەوەیە حکوومەتی هەرێمو هێزی پێشمەرگە بە پشتیوانیی بێدریغی کۆمەڵانی خەڵکو پشت ئەستوور بە یەکیەتیو تەبایی ڕیزەکانیان، لەم شەڕەش‌دا بە سەر دوژمنانی پەلاماردەردا سەرکەونو خوێنی شەهیدەکان، باشترین دەسکەوت و بەرهەمی لێ بکەوێتەوە.

**سڵاو لە گیانی نوێترین شەهیدانی سەنگەری بەرگری لە خاکی کوردستان و سەربەرزی بۆ بنەماڵەکانیان. شکان و سەرشۆری بۆ پەلاماردەرانی تیرۆریست.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠١٤/١١/٢٩**
**٨ی سەرماوەزی ١٣٩٣**

## سمینارێکی هاوبەشی کۆمیتەی ئۆستفۆڵدی حدکو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە



**نۆروێژ**

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٣ی نوامبری ٢٠١٤ لە پارێزگای ئۆستفۆڵدی نۆروێژ سمینارێکی هاوبەشی هەر دوو کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی سووریە لەو ناوچەیە، لەسەر پرسەکانی ڕۆژئاوای کوردستانو ڕۆژهەڵات مێحوەری بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەری حیزبو ڕێکخراوە کوردییەکان و ئەندامانی حیزب و کوردانی دانیشتوویی نۆروێژ بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ئەو سمینارەدا مەحمود بڕۆ، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سووریە باسێکی لە سەر مێژوو و جوغرافیای ڕۆژئاوای کوردستانو خەباتی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان بۆ پاراستنی هەستی نەتەوایەتیو دابو نەریتو زمانی کوردی کرد کە ڕێژیمی سووریە بەردەوام ویستوویەتی کورد بتوێننەوە.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا مەحموود بڕۆ، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد بە ئاماژە بە ڕووداوەکانی باشوورو خۆرئاوای کوردستانو خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەو شەرڤانان لە کوبانی

ئاماژەی بە هەوڵەکانی هەر دوو ئەنجوومەنی کورد لە ڕۆژئاوا بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا کە هاوپەیمانی دهۆکی لێکەوتەوە.

لە بەشی دووهەمی ئەو سمینارە کە بۆ باسی ڕۆژهەڵات مێحوەری تەرخان کرابوو، کاک هاشم رۆستەمی باسێکی لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی ڕۆژهەڵات مێحوەری‌دا پێشکەش کرد.

کاک هاشم بە ئاماژە بە کورتە مێژوویەکی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی لەوە کرد کە ئەگەرچی ئەو چەمکە لە رابردوودا بەم شێوەیەی ئێستا بەرجەستە نەبووە، بەڵام بە هیچ جۆر ئەمە هەلوێستێکی تازە نییە، ئەمە سەرچاوە گرتوو لە واقعی هەلومەرجە سیاسییەکانە. حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەیدانی خەبات و تێکۆشانیان، گۆرەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. کاک هاشم لە درێژەی باسەکەی‌دا بە تێرو تەسەلی لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵات مێحوەری بۆ بەشداران دواو باسی لە چۆنیەتیی ئەکتیوتر کردنی دروشمی ڕۆژهەڵات تەوەری کردو لەو پێوەندیەدا هاوکاریو لێک کۆبوونەوەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی بە زەروورەتێکی مێژوویی زانی.

## لە نورویژ خوپیشاندانێک بۆ پشتگیری لە زینندانیانی سیاسی کورد




ڕۆژی هەینی ١٤ی سەرماوەز کوردستانیانی نۆروێژ، خوپیشاندانێکیان بۆ پشتگیری لە زیندانیانی سیاسی مانگرتووی کورد بەڕێوە برد.

خوپیشاندەران بە بەرزکردنەوەی کۆمەلیک دروشمو داواکاریو وینەی زیندانیانی سیاسی کورد، داوایان لە بەرپرسانی ئەو ولاتە کرد بە هانای زیندانیانی سیاسی کوردەوە بچن کە نزیک ٣ حەوتوویە بە هۆی پێشێلکردنی مافەکانیان لە لایەن بەرپرسانی زیندانەکان لە ئێران لە مانگرتن دان.

٧ حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی ئازادی کوردستان، پارتی سەربەستی کوردستان لەو خوپیشاندانەدا نامەیەکیان بۆ وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ ناردو داوایان لەو دەوڵەتی نۆروێژ کردبوو فشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نەجاتی گیانی ئەو زیندانییە سیاسی یانە و وڵامی داوا ڕەواکانیان بدەنەوە.

## چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی٢٦ی سەرماوەز




**ڕەبەت**

ئەندامانی سەر بە تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز و یادێک لە نەمر ڕەسووڵ لیلانەیی لە شاری ڕەبەت چالاکی تەبلیغییان کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلات شەوی ٢٩ی خەزەلوەر ئەندامانی چالاکو هەڵسووڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ڕەبەتو گوندەکانی دەوروبەری بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانو هەروەها بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی نەمر ڕەسوول لیلانەیی پێشمەرگەی ئازاو بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆژی ١٧ی خەزەڵوەری ئەمساڵ کۆچی دوایی کرد، چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە لەو چالاکییەدا بە نووسینو بڵاوکردنەوەی دروشمەکانی بژی دێموکرات، بژی قاسملوو، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بژی پێشمەرگە بەرەو پیلی ٢٦ ی سەرماوەز چوونو یادی نەمر ڕەسووڵ لەیلانەیی یان بەرز ڕاگرت.

شایانی باسە ئەم شوێنانەی کە چالاکیان لێ کراوە بریتی بوون لە: کەمەربەندیی ڕەبەت، سەرچاوێو ڕێگای ڕەبەت و لیلانێ، هەنداوێو هەروەها گوندەکانی لیلانێ و هەنداوێ.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە سوپاسو دەست خۆشی لە ئەندامانی نێوخۆ دەکا و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازێ.

**بۆکان**

شەوی چوارشەممە لە شاری بۆکان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە پێش قەڵای سەردار، شەقامی ساحیلی و قوتابخانەی تەمەدون (تمدن) یادی ٣٠ ساڵەی ئەم ڕۆژە مێژوویيە بەرز ڕاگیرا.

## کۆتایی دەورەی ٢٠٩ی سەرەتایی پێشمەرگەی فێرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان



بە تەواوبوونی دەورەی ٢٠٩ ی سەرەتایی پێسمەرگە کە بە دەورەی شەهید هەژار قاسمی، تازەترین شەهیدی سەنگەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ناودێر کرابوو، پۆلێکی دیکە لەلاوانی بەهەستی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرگی پێشمەرگایەتییان پۆشی.

فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوای کۆتایی دەورەی فێرکاریی ٢٠٩ ی پێشمەرگە ڕێوڕەسمێکی پێک‌هێنا.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕێژەی نیزامیی بەشداربووان دەستی پێکردو برگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزب درێژەی پێدرا.

خەدیجە مەعزوور، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەیامی فێرگەی بەو بۆنەیە پێشکێش کرد. لە باسەکەی‌دا تیشکی خستە سەر جێگەو پێگەی پێشمەرگە وەک تاکی هەرە وشیاری کۆمەڵگاو بە پوختی پێناسەو باسی لە تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگە کرد.

هەروەها بە بایەخەوە چالاکییەکانی ئەم دواییانەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەڵسەنگاند. خەدیجە مەعزور لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا پەڕژانە سەر بارودۆخی کوردستانو ئێران گوتی لە ئێستاش‌دا کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتەکەی بە زەبری چەکو سەرکوتی جموجۆڵە نەتەوەییو سیاسییەکانو سڕکردنی لاوان بە بەڵای مادە هۆشبەرەکان ڕاگرتووە بە پەرەپێدان بە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان وایکردوە خەڵک بە کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەیان سەرقاڵ بن، بەڵام کۆمەڵگاو بە تایبەت لاوان لە هیچ بڕگەیەکی ئەو مێژووەدا خۆیان بە دەستەوە نەداوەو دەستیان لە خەبات و تێکۆشان هەڵنەگرتوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکڕات چەند سروودو گۆرانیی پێشکێش بە بەشداربووان کردو پەیامی کۆتایی دەورەش لەلایەن ئاکۆ مرادی، یەکێک لە بەشدارانی دەورەی ٢٠٩ خوێندرایەوە.

لەو پەیامەدا بە جەختکردنەوە لەسەر درێژەدانی ڕێگای تێکۆشانو خەباتی نەتەوەیی هاتبوو کە ئەوان بە ئاگاهییەوە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان بۆ خەبات هەڵبژاردوە.

شایانی باسە لەو ڕێوڕەسمەدا سەرکەوتووانی دەورەی ٢٠٩ خەڵاتو ڕێزلێنانی فێرگەیان وەرگرت.

## بەشداری نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانی p u k لە بریتانیا



بەبەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەو وڵاتە بەڕێوەچوو.

لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریو نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو وڵاتە لە ڕێوڕەسمی ٣٨ ساڵەی ڕۆژی شەهیدان یەکیەتیی نیشتمانی کوردستاندا بەشداری کرد کە لە هۆڵی کوردستان لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە شاری لەندەن ڕێکخرابوو.

شایانی باسە لەو کۆڕیادەدا مەولوود سوارە پەیامی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە بریتانیا پێشکەش کرد.

### پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

# رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەدژی ژنان

**لەلایەن خەدیجە مەعزوور ئەندامی کومیتەی ناوەندییەوە، لە سمیناری رۆژی ٢٥ی نوامبردا خوێندرایەوە**



**ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان!**
**چالاکان و هۆگرانی یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤ!**

لە رۆژی ٢٥ ی نۆڤامبردا، رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی بەدژی ژنان، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرلەنوێ بە پێویست و شیاوی دەزانێ هەرچەشنە توندوتیژییەک بەدژی ژنان لەنێو خێزان و لە کۆمەڵگادا مەحکوم بکات و پەیامی پشتیوانی و هاوپێوەندیی خۆی بە هەموو ئەو ڕێکخراو و پێکهاتانە رابگەیەنێ کە بواری کار و تێکۆشانی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و خەبات بەدژی توندوتیژی لەگەڵ ژنان تەرخان کردووە.

هەر لەو دەرفەتەدا بە چاوی رێز و قەدرزانینەوە دەڕوانینە هەوڵ و هیمەت و تێکۆشانی چالاکانی ژنی رۆژهەڵاتی کوردستان لەنێوخۆی وڵات و لە هەندەران چ لەپێناو مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلەکەماندا و چ بۆ باشکردنی دۆخی ماف و ئازادییەکانی ژنانی کورد لە ئێران. جێی خۆیەتی هەروەها سڵاو بۆ ئازایەتی و فیداکاریی هەموو ئەو ژنە کوردانە بنێرین کە لە مانگ و حەوتووەکانی رابردوودا لە سەنگەرەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داعش بەتایبەتی لە کۆبانی گیانی خۆیان کردە قەڵغانی بەرەنگاربوونەوەی بەربەرییەت و بەمجۆرە سیمای کوردیان لە دنیادا هەرچی جوانتر کرد.

**بەڕێزان!**

وەک دەزانین کاکڵی سەرەکیی مافەکانی ژن وەک بەشێکی گرینگ و جیانەکراوەی مافەکانی مرۆڤ، نەهێشتنی جیاوازیدانان و هەڵاواردن لەسەر بنەمای رەگەزی و وەدیهێنان و قووڵکردنەوەی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودایە. بەڵام مەسەلەی توندوتیژی بەدژی ژنان تەنانەت دەکەوێتە سەرەوە و دەرەوەی ئەو نێوەرۆک و خانەبەندییەشەوە کە فەلسەفەی یەکسانیخوازانەی مافەکانی مرۆڤی لەسەر دامەزراوە. لە پرسی توندوتیژی بەدژی ژناندا مەسەلەکە پێش ئەوەی پێوەندیی بە هەڵاواردن و جیاوازیدانان لەنێوان ژن و پیاویشەوە هەبێ، بەوێنەی پرسی بەکۆیلەکردن یان شکەنجەی مرۆڤ، هەر لە بنەڕەت ڕا مەوجودییەت و جەوهەری کەسایەتی و کەرامەتی مرۆڤ دەخاتە گرەوی خۆیەوە چونکە قسە لەسەر پارێزراویی جەستەیی ژنە.

ئێمە لە بۆنەیەکی وەک ئەمەی ئەمڕۆدا لە پەراوێزی بزوتنەوەیەکی سیاسیدا کە بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمانتێدەکۆشێ، قسە لەسەر بابەتێک دەکەین کە لەگەڵ ئەوەدا کە رەهەندێکی سیاسیی حاشاهەڵنەگری هەیە، بەڵام هەموویشی هەر سیاسی نیە. ئێمە بێگومان ئەوەمان لەبەرچاوە کە پرسی توندوتیژی بەدژی ژن و بەگشتی هەموو پرسەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەی ژنان، بابەتگەلێکن کە سەرچاوەکەیان تەنیا لە بەستێنێکدا قەتیس نابێتەوە، بەڵکوو زۆر هۆکاریان هەیە کە ریشەی دوور و درێژی مێژوویی و فەرهەنگییان لهقوولایی کۆمەڵگادا داکوتاوە. هەربۆیەشە پرسی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی بەدژی ژنان ئەرک و بەرپرسیارێتی دەخاتە سەر هەموو چین و توێژ و پێکهاتە وشیار و پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگا. لەو نێوەشدا بزوتنەوە ئازادیخوازەکان و یەک لەوان ئەو خەباتە سیاسی و نەتەوەییە کە ئێمە بەڕێوەی دەبەین، دەبێ لەوپێوەندییەدا خۆیان بە بەرپرس و ئەرکدار بزانن و روانگە و بەرنامەی ورد و بەکردەوەیان بۆی هەبێ.

هەر لەو کاتەدا بەڵام حاشا هەڵنەگرە کە لە هەر وڵاتێکدا یاساکان و سیاسەتی دەوڵەت و دامودەزگا حکومەتییە پێوەندیدارەکان لە مامەڵە و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم جۆرە کێشانەدا دەوری سەرەکی نەک هەر لەسەر جێگە و پێگە و ماف و ئازادییەکانی ژنان لە بەستێنی گشتیدا دەگێڕێ، بەڵکوو کاریگەریی گەورەشی لەسەر بواری کەلتوور و پەروەردە و زەینیەتی تاکەکان لەنێو خێزان و لە کۆمەڵگاشدا هەیە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێرانی ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامییش، دەبینین کە جیا لەوە کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا هەر لە بنەڕەت ڕا ژن لە یاسادا بە کەم گیراوە و بەشێکی بەرچاو لە مافە سروشتی و رەواکانی لێ زەوت کراوە، بەڵکوو هەڵسوکەوتی دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی یاساش لەبواری پرسەکانی پێوەندیدار بە مافی ژناندا دژمنکارانە و برەوپێدەری توندوتیژیی هەرچی زیاتر بەدژی ژنان لە بەستێنی تایبەتی و لەنێو کۆمەڵگادایە. لەم پێوەندییەدا هەر ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بە نوێترین نموونەی لەم چەشنە کە بریتی بوو لە پیلانی ڕێکخراو و بەرنامە بۆ دارێژراوی پرژاندنی ئەسید بەسەر پۆلێک لە ژنان لە ئێران و مامەڵەی چەواشەکارانە و نابەرپرسانەی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا بکەین.

ئەگەر لە ئێرانی ئەمڕۆدا مافەکانی ژنان چ لەبواری پرسەکانی باری کەسێتیدا و چ لە بەستێنی سیاسی و گشتیدا ئەوەندە پێشێل دەکرێن، ئەوە تەنیا لەبەر ئەو هۆکارە بەناو شەرعی و ئیدئۆلۆژیکانە نیە کە کۆماری ئیسلامی پشتیان پێ دەبەستێ. بەڵکوو هەر لە بنەڕەت ڕا هۆکارێکی گەورەی سیاسیی لەپشتە کە ئەویش بریتییە لە دژایەتی لەگەڵ ئازادی بە مانا گشتی و هەمەلاگیرەکەی. لە ئێرانی ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا ژنان، هەروەک نەتەوە ژێردەستەکان، لەریزی پێشەوەی ئەو هێزە ساختارییانەدان کە ڕێژیم نیگەرانی بزوتنەوەی مافخوازانەیانە، چونکە لەروانگەی ڕێژیمەوە ماف و ئازادی بۆ ژنان دەتوانێ بزوێنەرێکی چارەنووسساز بۆ ماف و ئازادییەکانی سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بێ. هەربۆیەش بۆ پێشگیری لە ئازادبوونی کۆمەڵگایەک کە بتوانێ ئایندەی سیاسیی خۆی بگرێتە دەست، نووکی هێرشیان دەخەنە رووی ئەو چینە هەقخوازەی کۆمەڵگا واتە ژنان کە بەنێو هەموو چین و توێژ و پێکهاتە مافخوازەکانی تری کۆمەڵگادا تێپەڕ دەبێ و دەتوانێ لە هەموو بەستێنەکانی مافخوازی لە کۆمەڵگادا حزووری هەبێ.

بە هەموو ئەو کارنامە ڕەشەوە کە کۆماری ئیسلامی لە دژایەتی کردن لەگەڵ جێگە و پێگە و مافەکانی ژنان چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە مەیدانی نێونەتەوەییدا لەلای بنیاتە نێونەتەوەییەکانی چاوەدێری کردنی مافەکانی ژناندا هەیەتی و پێویستە لە قاوی بدەین، با جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە لەو مەیدان و بەستێنانەدا کە دەکەونە ژێر بەرپرسیارێتیی تاک و پێکهاتە وشیار و ئازادیخوازەکانی کۆمەڵگا پێویستە بە هەموو رێگایەکی مومکین هەوڵی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی بەدژی ژنان لە هەر ئاست و لە هەر شکڵ و شێوازێکیدا بکرێ. لەو بوارەشدا ئەوەندەی پەروەردە و وشیارکردنەوە دەتوانن نەخشی کارساز بگێڕن، ئەوەندەش بەشداریی سیاسی ژنان و هاوبەشیی ئەوان لە پرۆسەکانی بڕیاردان و بەڕێوەبردندا کاریگەرییان دەبێ. لێرەدایە کە پێکەوە بەستنەوەی خەبات بۆ ئازادیی نەتەوایەتی و خەبات بۆ یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا بە تەواوی مانا پەیدا دەکا و دەتوانێ نەک هەر لەپێناوی کۆتایی هێنان بە زەبر و زەنگی سیاسی، بەڵکوو بەمەبەستی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و سالمیش بەبەرهەم بێ، کۆمەڵگایەک کە لەودا چیدیکە کچان و ژنان لەسەر بنەمای جنسیەتی نەبنە قوربانیی زوڵم و تەبعیز و توندوتیژی.

لە کۆتاییدا لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە، جارێکی دیکە دەسخۆشیی بەڕێوەبردنی ئەو سیمینارە لە ژنانی ڕێکخەر و بەڕێوەبەری ئەم بۆنەیە دەکەین و پشتیوانی و ئامادەیی حیزب لە خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی رەگەزی و بەگشتی لەپێناو مافەکانی ژناندا دووپات دەکەینەوە.

هەربژین و سەرکەوتوو بن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٥ ی نۆڤامبری ٢٠١٤**

---



✍ **عەوڵڵا بەهرامی**

# رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم تاقیکارییەکی گرنگ دا

## (پشتیوانی لە مانگرتنی بەندییە سیاسییەکان، دەرفەتێک بۆ چالاکییەکی هەمەلایەنە)

مانگرتنی بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی ورمێ پێی نایە سێیەم حەوتووی خۆیەوە. بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ ٢٩ بەندیی سیاسیی کورد لە ڕێکەوتی ٢٩ی خەزەڵوەرەوە مانیان لە خواردن گرتوە. مانگرتنی ئەو کۆمەڵە بەندییە لە کاتێک دا درێژەی هەیە کە بەرپرسانی بەندیخانە بەندییە مانگرتوەکانیان خستۆتە ژێر فشارو هەڕەشەی جۆراوجۆری وەک دوورخرانەوە بۆ بەندیخانەی شارە دوورەکان، پێکهێنانی پەروەندەی نوێ بە تاوانی ئاژاوەنانەوەو سەرکوتکردنی مانگرتووان.

ئەم مانگرتنە لە پێناوی مافە سەرەتاییەکانی وەک جیاکردنەوەی بەندی بەندییە سیاسییەکان لە تاوانبارانی کۆمەڵایەتی کە لە نێویاندا کەسانی مەترسیدارو قاچاخچیەکانی مادده هۆشبەرەکان بەدی دەکرێن، کۆتاییهێنان بە هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە لەگەڵ بەندییە سیاسییەکانو بەگشتی دۆخی خراپی بەندیخانە وەڕ خراوە.

لە سێبەری ڕێژیمە سەرەڕۆو پاوانخوازەکاندا بوونی بەندیی سیاسیو بیروباوەڕ شتێکی ئاساییە. ئاسایی لەو بارەیەوە کە لە روانگەی دەسەڵاتداران‌و یاساکانیانەوە تێکۆشان لە پێناوی ئازادی‌داو دژایەتیی سەرەڕۆیی دەسەڵاتدار تاوانێکی نەبەخشراوەو لە سەرووی قورسترین تاوانە باوەکانیشەوە پلەبەندی دەکرێ. دیاردەی بەندیی سیاسیو تاوانە دژە مرۆڤانەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە بەندییە سیاسییەکان هەر لەگەڵ دامەزرانی ئەم ڕێژیمە سەری هەڵداوە. بۆیە دەتوانین بڵێین بەندییە سیاسییەکان هێماو رووناکیی بڵێسەی ئەو خەباتە ئازادیخوازانەیەن کە بە درێژایی تەمەنی ئەم ڕێژیمە لە ئێران‌و بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا بوەو هەیە.

بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی ورمێ بەم مانگرتنەیان کە لەگەڵ پشتیوانیی هاوچارەنووسەکانیان لە بەندیخانەکانی دیکەی ئێرانیش بەرەوڕوو بوە، پەیامێکی روون‌و گرنگیان گەیاندە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەلایەک‌و کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کورستان لەلایەکی دیکەوە. ئەوان بەم هەنگاوە خەباتکارانەیەیان جارێکی دیکە ئەم ڕاستییەیان بە دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە سەلماندەوە، کە سیاسەتی سەرکوت‌و سێدارە پاش ٣٥ ساڵ نەک سەرکەوتوو نەبوە، بەڵکوو ئیرادەی خەباتکارانەی رۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەی کوردی پتەوتر کردوە. بە چەشنێک کە ئێستاش پاش ٣٥ ساڵ سەرکوت‌و سێدارە رۆڵەکانی ئەم نەتەوە مافخوازە لە گیانبازی‌و بەندیخانەو سێدارە ناپرینگێنەوە. پەیامی بەندییە مانگرتوەکان روو لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە کە کاتی ئەوەیە بە شێوازی جۆراوجۆر خۆیان لەوان، کە لە راستی‌دا مەشغەڵدارانی ماف‌و ئازادییەکانی ئەوانن، بە خاوەن بکەن‌و بە هەر شێوەیەک لە دەستیان دێ پشتیوانییان لێبکەن. ئەوان بەم مانگرتنەی خۆیان ئەم ڕاستییە وەبیر هەموو لایەکمان دێننەوە کە ئەگەر ئەوان لە بەندیخانەکانی سەرەڕۆیان‌و پاوانخوازانی دەسەڵاتداردا دەتوانن مایە لە خۆیان دانێن‌و شەوەزەنگی بێدادی بشکێنن، بۆیە سروشتییە کە چاوەڕوانییان لە کۆمەگەی کوردستان ئەوە بێ بە پشتیوانی لەوان درِ بەو شەوەزەنگی سەرکوت‌و دمکوتکردنە بدەن کە کۆماری ئیسلامی پێی وایە توانیویەتی بە سەر کوردستان‌دا بیسەپێنێ.

هەر چەند بەداخەوە تێچووی تێکۆشانی سیاسی لە ژێر دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی‌دا هەمیشە قورس بوەو داکۆکی لە زیندانیانی سیاسییش دەچێتە خانەی دژایەتیی ئەم ڕێژیمەوە، بەڵام ئەوە بەم مانایە نیە کە کۆمەڵگەی کوردستان‌و رۆڵەکانی نەتەوەی کورد هیچ ڕێگایەکیان بۆ پشتیوانی لەو رۆڵە خەباتکارانە لە بەردەمدا نەمابێتەوە. بۆیە زۆر پێویستە حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان‌و چالاکانی سیاسی‌و مەدەنی وەک دینامیزمەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک زۆر جیدیتر لەوە کە تا ئێستا بینراوە وڵامی ئەم پەیامەی بەندییە سیاسییە مانگرتوەکانی بەندیخانەی ورمێ بدەنەوە. چونکە ئەزموونەکانی پێشوو دەریانخستوە مانگرتنی بەندییە سیاسییەکان لە نێو بەندیخانەکان‌دا کاتێک دەتوانێ دەسکەوتی زیاتری هەبێ‌و لانیکەم دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە ناچار بکا داخوازەکانی بەندییە سیاسییەکان قبوڵ بکەن کە کەوتبێتنە ژێر فشارەوە.

پشتیوانی لە بەندییە سیاسییە مانگرتوەکان بە تایبەت لەم هەلومەرجەدا کە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونێکی سەرکەوتووی لە پشتیوانی لە هاونەتەوەکانمان لە باشوورو رۆژئاوا لە خۆی نیشان داوە، دەتوانێ نیشانەی ئەم ڕاستییە بێ کە ئەم کۆمەڵگە لەسەر وەدەستهێنانی ماف‌و ئازادییە زەوتکراوەکانی خۆیشی هەر وا پێداگرە.

وەڕێ خستنی کەمپەین‌و چالاکیی مەدەنیی گونجاو لە شارو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، سەردانی بنەماڵەی بەندییە سیاسییەکان، بە میدیایی کردنی هەرچی زیاتری پرسی بەندییە سیاسییەکان، وەڕێخستنی خۆپێشاندان لە بەردەم باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جۆراوجۆری دنیاو گەیاندنی دەنگی بەندییە سیاسییەکان بە کۆڕو کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ‌و وڵاتانی رۆژئاوایی‌و میدیا جیهانییەکان بەشێک لەم چالاکییانەن کە دەکرێ بە کەلک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک بخرێن.

لە کۆتایی‌دا ماوەتەوە بڵێین مانگرتنی بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی ورمێ ئەگەر لەلایەک نیشانەیەکی بەرچاوی خۆڕاگریی بەندییە سیاسییەکانە لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی‌دا، تاقیکارییەکی دیکەشە بۆ حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکان‌و چالاکانی سیاسی‌و مەدەنیی نێوخۆی وڵات. ئەوان کاتێک دەتوانن تاقیکارییە بە سەرکەوتوویی تێپەڕ بکەن کە جیدیتر لە هەر کات ئاوڕ لە رۆژهەڵات‌و خەم ئازارەکانی، کە بەندییە سیاسییەکان بەشێکی گرنگی ئەوانن، بدەنەوە. چونکە پشتیوانی لە بەندییە سیاسییەکان لە راستی‌دا بە واتای وەدەنگ هاتنە لە سەر مافی رەوای ئازادیی بیروڕاو تێکۆشانی سیاسی. ڕێکخستنی پشتیوانی مەدەنی‌و جەماوەری‌و شێوازەکانی دیکەی پشتیوانیی هەمەلایەنە تەنیا ڕێگای سەرکەوتنە لەم ئەزموونەدا.



کوردستان
ڕۆژنامەی ● ژمارە: ٦٤٥

# ڕۆژهەڵاتتەوەری، بەستێنێک بۆ کار و خەباتی هاوبەش ڕێکارێک بۆ دەربازبوون لە پەراوێزخران



قادر وریا

ڕۆژهەڵاتتەوەری، وەک چەمک و زاراوە، لە مێژ نییە لە دایک بووە. لەم ١-٢ ساڵەی دواییدا بۆ یەکەم جار بە کار هاتوە. لەم مانگانەی دواییش‌دا هاتووەتە نێومیدیاکان و ئەدەبیاتی سیاسی و، بووە بە جێگای باس و قسەلەسەکردن. داهێنەر یا بەرهەمهێنی ئەم چەمک و زاراوەیە، یا هەر نەبێ کارپێکەر و پەرەپێدەرەکەی، حیزبی دیموکراتی کوردستانە. بەڵام وەک ڕوانین و عەقڵیەت و بیرکردنەوە،دەکرێ بڵێم شتێکی نوێ نییە و ئەوەندە کۆنە کە لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا لە دایک بووە.

**ڕۆژهەڵاتتەوەری چیە؟**

مەبەست لە ڕۆژهەڵاتتەوەری ئەوەیە تاکەکان‌و لایەنەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تیکۆشانی خۆیان دا، چ لە گۆڕەپانی کوردی و لە ئاستی نەتەوەیی، چ لە ئاستی ئێران دا بناغەی کاری خۆیان لە سەر بایەخدان بە پرسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و بەرگری کردن لە ئامانجەکان‌و داخوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دابمەزرێنن. بەم پێیە نابێ سەبارەت بە پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، یا نابێ سەبارەت بە بزووتنەوەیەکی سەرانسەریی ئێران، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ببێت بە قوربانی و پشتگوێ بخرێ. واتە ئەسل بۆ تاک یا لایەنێکی ڕۆژهەڵاتی، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرس نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستانە.

وڵامێک بەو پرسیارانەی بەرەوڕووی تاک و لایەنی ڕۆژهەڵاتتەوەر دەبنەوە؟

بە دڵنیاییەوە، ئەم جۆرە پێناسەکردنی ڕۆژهەڵاتتەوەری، پرسیار دەخولقێنێ. بۆ وێنە «کە وابیت بۆ تاک یا لایەنێکی ڕۆژهەڵاتتەوەر، نەتەوەی کوردو کوردستان لە تەواوەتییەکەی خۆیان‌دا ئەسل نین، بەڵکوو کوردی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەسلن؟» یا بە دەربڕینێکی دیکە: بۆ تاک‌و لایەنی ڕۆژهەڵاتتەوەر،»جزء» سەرەکییە و «کل» ناسەرەکی؟!! وڵامی ئەم پرسیارانە لە جیاتی بەڵێ یا نەخێرێکی کتوپڕ،ساغکردنەوەو وڵامدانەوەی پرسیارێکی دیکەیە.

لە گەڵ ئەوەی کورد یەک نەتەوەتەو کوردستان یەک سەرزەوییە و، دابەش کراون، ئایا قبووڵمانە لە سەردەمی ئیستا دا، هەر بەشێکی کوردستان، لە چوارچێوەی وڵاتێکدا کە پێیەوە لکێنراوە، دەیەوێ یا دەتوانێ پرسە نەتەوەییەکەی خۆی چارەسەر بکا؟ ئایا قبووڵمانە کە هەر بەشێکی کوردستان، خاوەنی هیزی سیاسی یا هیزە سیاسییەکانی خۆیەتی کە ئەوە ئەوانن نوینەرایەتیی مەسەلەی کورد لەو پارچەیە دەکەن؟ ئایا قبووڵمانە کە هیچ هێزێکی سیاسیی کوردی نیە کە نوێنەرایەتیی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان بکاو هیچ هیزێکی کوردی نییە کە ڕزگاریی کورد لە هەموو بەشەکان‌و خەبات لە گەڵ هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانی لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆی خۆی‌دا هەبێ؟ ئەگەر ئەم ڕاستیانەمان قبووڵ بن، دەبێ قبووڵیش بکەین کە کوردی هەر بەشێکی کوردستان، دەبێ بۆ خۆی خاوەنداریەتی پرسەکەی خۆی بکا. دەبێ لە چوارچێوەی وڵاتێکیش دا کە بە پێچەوانەی ویستی خۆی پێیەوە لکێنراوە، بە دوای چارەسەری پرسەکەی خۆی‌دا بگەڕێ.

ئەگەر ئەمە نەکەن‌و پرسەکەی خۆیان بسپێرنە هیزێکی کوردی پارچەیەکی دیکەی کوردستان، لە ڕاستیدا مەسەلەکەیان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی «اصل و فرع»ی ئەم هێزە کە دیارە ئەسلەکەیان، پارچەکەی خۆیان‌و فەرعەکەیان پارچەکانی دیکەی کوردستانە. هەر وەها مەسەلەکەیان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندو پێوەندییەکانی ئەو پارچەیە لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ، ئەویش دراوسێگەلێک کە لە گەڵ کورد لە وڵاتەکەی خۆیان‌دا تەڕەفن‌و کێشەیان هەیەو لە زۆربەی حالەتەکان دا، زەوتکەر و پێشێلکەر و ئینکارکەری مافی کوردن‌و، وەک داگیرکەر لە گەڵ کورد لە بەشەکەی خۆیان‌دا دەجووڵێنەوە.

پرسی کورد لە بەشێکی کوردستان لە گەڵ بزووتنەوەیەکی سەرانسەری لە ئاستی وڵاتێکیش دا کە کوردستانی پێوە لکێنراوە، زۆر جار بووە بە قوربانیی «اصل و فرع»ی ئەم بزووتنەوانە.جا ئەم بزووتنەوانە چ شۆڕش‌و ڕاپەڕینی دژ بە دیکتاتۆری بووبن، چ بزووتنەوەی چەپ بووبن چ ڕیفۆرمخوازی. هەموو ئەو شۆڕش‌و ڕاپەڕین‌و بزووتنەوانە چاوەڕوانیان لە کورد لە وڵاتەکی خۆیان دا ئەوە بوو، ڕەگەڵیان کەون‌و لە پیناوی ئامانجی گەورەتر و سەرانسەری دا، لە سەر جێگە و پێگەی پرسەکەی خۆیان‌و ئەو ماف‌و دەسکەوتانەی لەم سۆنگەیەوە دەستیان دەکەوی، پیداگری نەکەن. واتە ئەمە هەڵ بگرن بۆ داهاتووو دوای سەرکەوتن! بەلام وەک دیتوومانە دوای سەرکەوتنی شۆڕش‌و ڕاپەڕین‌و بزووتنەوە سەرانسەرییەکان، ئەوەی وەبەر کورد کەوتوە، بەدعەهدی‌و پاشگەزبوونەوەی فاتیحان لە بەڵێنەکانیان‌و پەنابردنەوەیان بۆ بەر سیاسەتی ئینکار و سەرکوت بووە!

**هیچ هێزێکی سیاسیی کوردی نیە کە نوێنەرایەتیی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان بکاو هیچ هیزێکی کوردی نییە کە ڕزگاریی کورد لە هەموو بەشەکان‌و خەبات لە گەڵ هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانی لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆی خۆی‌دا هەبێ؟ ئەگەر ئەم ڕاستیانەمان قبووڵ بن، دەبێ قبووڵیش بکەین کە کوردی هەر بەشێکی کوردستان، دەبێ بۆ خۆی خاوەنداریەتی پرسەکەی خۆی بکا**

کەوایە ڕێگە هەر ئەوەیە کوردی هەر بەشێکی کوردستان بۆ خۆی خاوەنداریەتیی پرسە نەتەوەییەکەی خۆی بکا، پرسەکەی خۆی، نە بسپێرێتە دەست هێزێکی کوردی لە بەشێکی دیکەی کوردستان، نە بە تەمای «قول سر خرمن»ی بزووتنەوەیەکی سەرانسەری لە چوارچیوەی وڵاتەکەی ئیستای دابیت.

**تەعامول لە گەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان‌و لە گەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری لە وڵاتێک‌دا**

لێرە دا پرسیار ئەوەیە کە وایە تەعامولی کوردی هەر پارچەیەک لە گەڵ پرسی کورد بە گشتی، یا لە گەڵ بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێ چۆن بێت؟ هەر وەها کوردی هەر پارچەیەک لە گەڵ شۆڕش و ڕاپەڕین و بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی وڵاتی خۆیان چۆن تەعامول بکەن؟ وڵامەکە زۆر سادە بەڵام هەر لەو کاتە دا مەنتقی و مەعقوول و بەرپرسانەیەیە. بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێک‌و، هەر حیزب و ڕێکخراو و تاکێکی نەتەوەیی و وشیار و بەرپرس لە هەر بەشیکی کوردستان، پیویستە دڵسۆزو پشتیوان‌و خەمخۆرو هاوکاری بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە بێت، هەر هاوکاری‌و پشتیوانییەک لە دەستی هات، درێغی لێ نەکا. بەلام ئەوانە بەو مانایە نین،مەسەلەی کورد لە بەشەکەی خۆی، لە بیر بەرێتەوە. هاوکاری‌و خەمخۆری‌و پشتیوانی بەرانبەر بزووتنەوەی کورد لە بەشێکی دیکەی کوردستان، جێگای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی بەرامبەر بە بەشەکەی خۆی، بۆ پڕ ناکاتەوە. هەر هیزێکیش لە بەشێکی دیکەی کوردستان، چاوەڕوانیی ئەوەی لێ هەبێ کە تیکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی و خەبات لە گەڵ ڕێژیمی زاڵ بە سەر ئەو پارچەیەی کوردستان، سەبارەت بە بەرژەوەندەکانی ئەو تەعتیل بکا، دەبێ لێی قبووڵ نەکا. لەوانەیە لە قۆناغیک یا لە بڕگەیەکی زەمانی دا، بەرژەوەندێکی نەتەوەیی، یا بەرژەوەندێکی گەورەتر وا بخوازێ کوردی پارچەیەک یا هێزە سیاسییەکانی ئەو پارچەیە، بە تێبینییەوە،شێوە خەباتێک بەڕێوە ببەن یا ڕەچاوی هەلومەرجێکی تایبەتی لە ناوچەکە دا بکەن. بەلام بە دوو مەرج: یەکەم، بە تەفاهوم‌و ڕێککەوتنی دوو لایەنە بێ نەک بە داسەپاندن یا بە جۆریکی خۆبەدەستەوەدەرانە. دووهەم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بیت نەک بۆ هەمیشە. جگە لەمەش دلسۆزی و بەدەنگەوەچوونەکە نابێ هەر لە لایەنیکەوە بێ.

لە پێوەندی لە گەڵ ڕاپەڕین و بزووتنەوە سەرانسەرییەکانیش دا، بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشیکی کوردستان، دەبێ بە شیوەیەکی مەرجدار ڕەگەڵیان بکەوێ.واتە پاش داننانی ڕێبەریی بزووتنەوەکە بە ڕەوایی پرسی کورد لەو وڵاتە و قبوولکردنی داخوازە بنەڕەتییەکان- هەر نەبێ بە شێوەیەکی گشتی بەلام سەریح-. هەر وەها پشتبەستن بە هێندێک گەرەنتی و میکانیزم وەک بوونی نوێنەری بزووتنەوەی کورد لە ناوەندی بڕیارو ڕێبەریی بزووتنەوە سەرانسەرییەکە یا بوون بە هێزێک لە سەر ئەرزی واقیع کە لە ئەگەری هەر ئالوگۆڕێک دا، فاتیحانی سبەینێ نەتوانن بە هاسانی کورد پشتگوێ بخەن، کە ئەمەش کۆمەڵێک ئەرک دەخاتە سەر هیزە سیاسییەکانی ئەو پارچەیە کە لە هەموویان گرنگتر پێکەوە کارکردن وهەبوونی پلاتفۆرمی هاوکاری و بە یەکگرتوویەوە چوون بە پێشوازی ڕووداوەکانە.

**ئایا ڕۆژهەڵاتتەوەری، ڕوانین و سیاسەتکردنێکی نوێیە ؟**

وەک لە سەرەتای ئەم باسە دا گوترا، چەمک و واژەکە، نوێیە ئەگینا ئەم جۆرە ڕوانین لە چارەسەری پرسی کورد لە نیو بزووتنەوەی کورددا نوێ نییە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوەتا هەیە، بەم جۆرە بیری کردوەتەوە. نە خۆی بە نوێنەری کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان زانیوەو لە جیاتی ئەوان بڕیاری داوە یا قسەی کردوە، نە هیچ کات قبووڵی بووە هێزو لایەنێک لە بەشێکی دیکەی کوردستانەوە ببێتە دەمڕاستی کوردی ڕۆژهەلات. دەتوانین بڵێین ئەوە هەر تایبەت بە حیزبی دیموکراتیش نەبووە، لە نێو بەشێکی بەرچاوی هێزو لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەلات‌دا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە زاڵ بووە. ئەگەر وایە بۆ چی لە هەلومەرجی ئێستا دا،باس لە ڕۆژهەلاتتەوەری دەکرێ‌و دەمانەوێ ببێتە گوتاری زاڵی ئەمڕۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان؟

لە ڕاستیدا، وەک لە نووسین‌و ئاخاوتنەکانی ئەم دواییانەی کۆمەڵێک لە خاوەنڕای ڕۆژهەلاتتەوەریش‌دا هاتوە، لە لایەکەوە هەوڵێکی ئاگایانەو بە بەرنامە هەیە بۆ ئەوەی پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان‌و لە ئێران‌دا، تۆزی فەرامۆشیی لێ بنیشێ و بوارو مەجالی خۆ دەرخستنی بۆ نەڕەخسێ. هەر وا بزانە کورد لە ئێران لە گەڵ بیمافی و بندەستی و سەرکوت بەرەوڕوو نییە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کێشەیەکی لە گەڵ کورد لە وڵاتەکەی خۆی دا نییە!! یا لە کوردستان تیکۆشان و هەولدان و خەبات بۆ داواکردنی مافی نەتەوەیی‌و بۆ نەهێشتنی بندەستی و زۆرلێکراوی لە ئارا دا نییە!! لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی لە ڕۆژەڤ دابوونی پرسی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەتی شەڕفرۆشیی داعش بە کوردو هێندێک کارەسات کە بەرەوڕووی کورد لە باشوورو خۆراوا بووەتەوەو، سەرقاڵبوونی میدیاکان‌و دەوڵەتان و ناوەندە سیاسییەکان بەو ڕووداوانەوە، هەم لە نێو بەشێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی‌و خەڵکی دیکە لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان،هەم لە نیو بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو بەشە، خەریکە بندەستیی کورد لە ئێران و بێبەش ڕاگرتنی کورد لەم وڵاتە لە سەرەتاییترین مافەکانی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە بیر دەچێتەوە.

**چارەسەر و هەنگاوەکان:**

- گوتارو سیاسەتی ڕۆژهەڵاتتەوەر، ڕێکارێکە بۆ هینانەوە سەری پرسی کورد لەم بەشەی کوردستان، بۆ پێدانەوەی جێگە و پێگەی شیاو بە پرسی کورد و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دەبێ کوردی ڕۆژهەڵات گوتار و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتتەوەر بگرێتە بەر.
- گوتارو سیاسەتی ڕۆژهەڵاتتەوەر، دەبێ ببێتە بەستێنی دیالۆگو بیروڕاگۆڕینەوەی حیزب‌و ڕیکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات لە گەڵ یەکتر، ئەکتەران و ڕێکخەران‌و بەشدارانی نیو بزووتنەوەی مەدەنی لە نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە گەڵ یەکتر، هەر وەها لە نیوان حیزب و ڕێکخراوەکان و ئەو بزووتنەوە مەدەنییە. بۆ ئەوەی پێکەوە بگەنە ڕێککەوتن لە سەر ئامانجە دریژخایەن و کورتخایەنەکانی ئەم گوتار و سیاسەتە.
- لە باری نێورۆکەوە هەر وەها شێوازەکانی تێکۆشان‌و خەباتەوە ، دەبێ گوتار و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتتەوەر دەوڵەمەند و فرەڕەهەند بکرێ بە جۆرێک بێ کە هەم حیزب و ڕیکخراوە سیاسییەکان ، هەم چالاکانی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و بوارەکانی دیکە لە دەرەوەو ژووری وڵات، خۆیانی تێدا ببیننەوە. هەر وەها لە ڕووی ڕەنگدانەوەی ویست‌و داخوازی چین و تویژەکانی کۆمەڵگە. لە ڕووی جۆگرافیاییشەوە، پێویستە هەموو کوردی ڕۆژهەلات بگرێتەوە، بەوشار وناوچانەی ئێرانیشەوە کە کوردنشینن و دەکەونە دەرەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان.
- زالکردنی ئەم گوتارو سیاسەتە پیویستی بە سمینارو کۆڕو کۆبوونەوە و دیالۆگ لە نیوان هەمووبوارەکان‌و لایەنەکان دا هەیە. هەر وەها پێویستی بە ناوەند و دەزگای ئەوتۆ هەیە کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بکا و ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو هێز و لایەن و تاکێکی ڕۆژهەلاتتەوەر لە دەوری خۆی. چەترێک یا دامەزراوەیەک کە هەر هێز و لایەنێک کە بڕوای بە سیاسەت و گوتاری ڕۆژهەلاتتەوەرانە هەبێ و، بڕیاردان لە سەرڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مافی خەڵکی ئەو بەشە بزانێ،نەک هێزێک لە بەشێکی دیکە، بگرێتە خۆ.

**(ئەم وتارە لە سمیناری تایبەت بە «ڕۆژهەڵاتتەوەری» کە ڕۆژی ٢٥ی نوڤامبری ٢٠١٤. یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە هۆڵی هوتێل چوارچرای شاری هەولێر پێکی هێنابوو، پێشکەش کرا.)**

# ئاستەنگییەکانی بەردەم ئوسوولگەراکان



حەسەن شێخانی

١)حیزب و حیزبایەتی شانۆی سیاسی ڕێک دەخا و کێبەرکێ سیاسییەکان ڕێکوپێک و جێگیر دەکا. لە ئێراندا بە هۆی نەبوونی حیزبی بەهێز و گشتگیر، شانۆی سیاسی لەگەڵ چەشنێک ئالۆزیی و پێچەڵپێچی بەرەوڕوویە. ئەمە وێڕای ئەوە کە چالاکی و بنیاتە سیاسییەکانی تووشی کۆمەڵێک کەموکووڕی کردووە.

لە ئێراندا لە جیاتی بوونی سیستمێکی حیزبیی بەهێز، باڵ و باڵبەندیی سیاسی هەیە، کە بە بەراورد لەگەڵ دیاردەی حیزب دا خاوەنی چوارچێوەیەکی ڕوانین و ڕێکار و میتۆدیکی روون نییە. ئەمەش وایکردووە کە چەشنێک ناجێگیری، «سیالیت» و پێشبینی نەکراوی، بەرۆکی فەزای سیاسیی ئێران بگرێتەوە و ڕەوتە سیاسییەکانیش لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگی بەرەوڕوو ببنەوە.

٢)دوای مەرگی ئایەتوڵڵا مەهدەوی کەنی و حەبیبوڵڵا عەسەکەر ئەولادی، دوو کەسایەتی دیار و کاریگەری نەریتی یان میانەڕەوی ئوسوولگەراکان، لە لایەک قەیرانی ڕێبەریی باڵی ئوسوولگەرا قووڵتر بۆتەوە و لە لایەکی دیکە مەیدان بۆ توندڕەوەکانی ئەو باڵە ئاوەڵاتر بووە. هۆکارێکی دیکە کە دەرەتانی مانۆڕی بۆ توندڕەوەکان رەخساندووە، ئەوەیە کە ئەوان بە بەراورد لەگەڵ میانەڕەوەکانی باڵی ئوسوولگەرا، یەکگرتووترن و ستراتیژ و بەرنامەیەکی دیاریکراویان هەیە. بەرەی پایداری و فەراکسیۆنی «ئوسوولگەرا»ی مەجلیس سەرەڕای ئەوە کە کەمایەتی مەجلیسن، بەڵام هەر بەو هۆکارە توانیان دەسەڵات نوێنێ بکەن و نوێنەرانی ئەندامی فەراکسیۆنی «ڕەهرەوان»یش بخەنە ژێر کاریگەری خۆیان و، وابکەن کە چوار بەربژێری وەزارەتی «علوم» دەنگی متمانەی مەجلیس نەهێنەوە(یان لە دەستی بدەن).

٣)ئوسوولگەراکان کێشەی تیۆریک و خۆپێناسە کردنیان هەیە؛ توندڕەوەکانی ئەو باڵە پێناسەیەک لە ئوسوولگەرایی دەخەنە روو کە تەنیا خۆیان لە بازنەی ئەو باڵەدا جێ‌دەگرن. لە بەرامبەردا جاری وایە بازنەی ئوسوولگەرایی ئەوەندە بەرفراوان دەکرێتەوە کە سنووری شوناس بەخشیی ئەو باڵە زۆر کاڵ دەکاتەوە. ئەمیر موحببیان ستراتیژیستی ئوسولگەرا و دامەزرێنەری حیزبی «نواندیشان ایران اسلامی» لەم بارەوە دەڵێ: ئوسوولگەراکان لە هەر سێ بواری ڕوانین، ئاکار و میتۆد کێشەیان هەیە و دەبێ چارەسەریان بکەن. بە باوەڕی موحبیان ئوسوولگەراکان دەبێ خۆیان پێناسە بکەنەوە و پێناسەیەکی دیاریکراویان لە چەمک و دەستەواژەکانی دیسکۆرسی خۆیان هەبێ.( قسەکانی موحبیان تەواو)

سەید رەزا ئەکرەمی ئەندامی شۆرای ناوەندی « کۆمەڵەی روحانییەتی خەباتگێڕ» دەڵێ: نەبوونی بەرنامەیەکی دیاریکراو و سیستماتیک لە کێشەکانی ئوسوولگەراکانە. بە باوەڕی ناوبراو ئوسوولگەراکان حیزبی کارامە و گوتارێکی دیاریکراویان نییە.(قسەکانی ئەکرەمی تەواو) پێ دەچێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بێ، کە باسی ئەوە دەکرێ حیزبێکی گشتگیر لە لایەن عەلی لاریجانیەوە، کە لە هێڵی میانەڕەوی ئوسوولگەرایی دا جێ دەگرێ، دروست دەکرێ.

٤) یەکێک لە کێشەکانی دیکەی لانی کەم بەشێک لە ئوسوولگەراکان ئەوەیە کە چ پێوەندییەک لە نێوان رای شەرعی و بۆچوونی ڕێکخراوەیی دا دروست دەکەن. یەکێک لە کێشەکانی حیزبی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ی هەتاویی دا ئەوە بوو کە بەشێکیان پێیان وابوو کە دەبێ رای شەرعی بە سەر بۆچوونی ڕێکخراوەیی دا زاڵ بکرێ. مەسەلەیەک کە دواتر یەکێک لە هۆیەکانی هەڵوەشانەوەی ئەو حیزبە و یەکێک لە خاڵەکانی جیاوازیی بەخشیی باڵی چەپ و راستی دیەی ٦٠ بوو. بێجگە لەوە بەشێک لە ئوسوولگەراکان دیدێکی ئەرێنیان بە نیسبەت دیاردەی حیزبایەتی نییە و هەمووی ئەمانەش یەکگرتوویی ئوسوولگەراکان لەگەڵ ئاستەنگی بەرەوڕوو دەکا. ئەوەی کە لە ئێران دا غەیرە حیزبی و سەروو جیناحی بوون وەک پوانێکی ئەرێنی دەژمێردرێ، بۆ ئەو روانینە نیگەتیڤە بۆ حیزبایەتی، کە بنج و بناوانێکی ئیسلامیشی هەیە، دەگەڕێتەوە. ریفۆرمخوازەکان بە هۆی ئەوە کە زیاتر خۆیان لەگەڵ مۆدێرنیزم راهێناوە، کەمتر لەگەڵ ئەو کێشەیە بەرەوڕوون.

ڕێکارێک کە لە لایەن میانەڕەوەکانی ئوسوولگەراوە بۆ زاڵ بوون بە سەر ئەو کێشەیەدا دەخرێتە روو ئەوەیە کە خۆیان نوێ بکەنەوە و لە دوگماتیزم دوور بکەوەنەوە.

٥)لە سەر ئەوەی کە کێ تەوەری یەکگرتن بێ، لە نێو ئوسوولگەراکان و کەسایەتییەکانیان دا رای جیاواز هەیە. حەمید رەزا تەرەقی ئەندامی شۆرای ناوەندی حیزبی «موئتلفە« دەڵێ: زۆرینەی ئوسوولگەراکان بۆچوونی ئایەتوڵڵا میسباحیان قبووڵ نییە.(قسەکانی تەرەقی تەواو) ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئایەتوڵڵا میسباح بە باوکی رۆحی «بەرەی پایداری» دەناسرێ و ڕێکخراوە توندڕەوەکانی « جەمعییەتی ئیسارگەران» و « جەمعییەتی رەهپویان» ناوبراویان قبووڵە.

لە حاڵێک دا کە « بەرەی پێڕەوانی هێڵی ئیمام و ڕێبەری» کە بە گەورەترین ڕێکخستنی ئوسوولگەرا نەریتی و میانەرەوکان دەژمێردرێ، لە ژێر چەتری «جامعتین» دا هەنگاو دەنێ، ناسر ئیمانی چالاکی سیاسیی ئوسوولگەرا پێی وایە کە «جامعتین» ناتوانێ هەموو ئوسوولگەراکان بگرێتەوە. ناوبراو دەڵێ: ئەو باڵە پێویستی بە خۆ نوێ کردنەوەی ڕێکخراوەیی و گوتاری هەیە و دەبێ بە کاری بەکۆمەڵ بەرەو یەکگرتن هەنگاو بنێن.(قسەکانی ئیمانی تەواو)

بە گشتی کۆمەڵێک لە میانەڕەوەکان، توندڕەوکانیان قبووڵ نییە، بۆنموونە «بەرەی پایداری» بە ڕێکخراوێکی رەسەن و خاوەن پێگەی جڤاکی نازانن، لە بەرامبەردا ئەوانیش تەنیا خۆیان بە ئوسوولگەرای راستەقینە دەزانن.

ئەگەر لە جیاتی باڵ و باڵبەندیی سیاسی، سیستمێکی حیزبیی بەهێز و جێگیر لە ئێراندا بوونی هەبا یان بەستێنی دروست بوونی هەبا، رەوتە سیاسییەکان چوارچێوەیەکی روونتر و دیاریکراوتریان دەبوو و سیستمی سیاسیش ڕێڕەوێکی باشتری وەردەگرت.

# چاوخشاندنێکی کورت بەسەر مودێرنیتەو رۆڵی لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران



**ئارەش لورستانی**

**وەرگێڕان : ئاڵەشین**

ئەگەر بڕوانینە یەکەم قۆناغی پێکهاتنی دەوڵەت ـ نەتەوە لە ئێران، رەزا شای پەهلەوی مودێرنیزم سەرەکیترین فاکتۆر بۆ سەقامگیر کردنی حکوومەت و دەسەلاتی خۆی بەکاردێنێ. ئەو مودیرنیزمەی کە پاشەکشە بە گرینگترین بەربەستی خۆی واتە نەریت لە ڕێگری ئەهرومی حکوومەتی ناوەندییەوە دەکاو هەوڵ دەدا شوناسی نەتەوەیی و ئەتنیکە جیاوازکانی ئێران لە یەکەم هەنگاوی فۆرمگرتنی دەوڵەت - نەتەوەدا بتوێنێتەوە. دوای رەزاشاو هاتنە سەرکاری کوڕەکەی محەمەد رەزا شا، پرۆژەکەی رەزاشا درێژەی پێدەدرێ مۆدێرنیزم بە هەمەن بیچمی حکومەتی خۆیەوە رووڵەگەشەیە. لە سردەمی پەهلەوی دوویەمدا دەگەڵ سەرکوتی نەریت، شوناسی نەتەوەیی‌و تەنانەت هزرە مودێرنە ناحکوومەتییەکان کە زیاتر لە لایەن پارت‌و لایەنە چەپەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرا، مودیرنیتە ناتوانێ ئەو گەشە ئوسولی‌و لۆژیکییەی خۆی بپێوێ.

ئەو هێزو لایەنانەی کە لەو پرۆسەیە شوناس‌و تەنانەت بوونی خۆیان لە مەترسی‌دا دەدیت، درێژەیان بە دژایەتی حکوومەتی ناوەندی داو بەرەبەرە پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆیان بەهێز کرد. پارتە چەپەکان، پیاوانی ئایینی‌و هێزە ناسیۆنالیستییەکان کە زیاتر کورد و تورک بوون، سەرەکیترین و گرینگترین دژبەرانی حکوومەتی محەمەد رەزا شا بوون. چالاکی هاوکات و بەربەرینی هێزە دژبەرەکانی سیستمی دەسەلاتدار، کە خاوەن پێگەیەکی قووڵ بوون لە نێو چینەکانی کۆمەڵگەدا بە چەشنێک پەرەی ساند کە محەمەد رەزا شا لە ئێران هەلاتو دەسەڵاتەکانی بە شاپوور بەختیار سپارد کە ئیدی بۆ ئەم کارەش درەنگ بوو. کۆمەڵگە ئامادەی تەقینەوەی ئێران بە شۆڕشی ١٣٥٧، حکوومەتی پەهلەوی لێ‌خست‌و قۆناغێکی دیکەی دەست پێکرد.

ئاخوندو پیاوانی ئایینی کە خۆیان بە نوێنەری ئیسلام‌و بە گشتی چینی نەریتی‌و تەنانەت مودیرنی ئیسلامگەرای ئێران دەناساند، توانییان کەڵک لە کێشەو ئاریشەی نێوان پارت و لایەنە چەپەکان و هەروەها هەژاری و دواکەوتوویی هێندێک گەلی ئێران وەرگرن و بە بەرێوەبردنی گشتپرسی(رێفراندۆم) ی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دابمەزرێنن.

بزوتنەوەی چەپ لە ئێران بە هۆی نەبوونی ئەزموونی بەشداری لە پروسەی حکوومەت‌دا، گەشەنەستەندووی مودێرنیتە لە چەپدا کە دەگەڵ پێداویستییە راستەقینەکانی خەڵکی ئێران گونجاو بێ‌و کۆمەڵگە بتوانێ بە شێوەیەکی گونجاو پێوەندی دەگەڵ دامەزرێنێ‌و هەروەها سەرەڕای ئەوانەش کاریگەری نەریتی چەپی کلاسیک کە زیاتر لە لایان یەکیەتیی سۆڤییەتەوە پرۆپاگەندەی بۆ دەکرا، لە کۆتایی‌دا هەنگاوبە هەنگاو لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە کە دەسەلاتیان بەدەست بوو یان پەڕاوێز خران یان بە گرتن‌و ئێعدام و تێرۆرێکی بەربرینتر لە حکوومەتی پێشوو سەرکوت کران.

هێزە نەتەوەییەکانی وەک کورد و تورک و ئازەرییەکان لە ئامادە نەبوونی نەتەووەکانی دیکەدا بوونە کەمایەتی‌و بە چارەنووسی رەوتە چەپەکان چوون، بەڵام حیزبی دێموکڕات وەک ئەو بەشە شوناسخوازو ناسیونالیستەی کورد کە مودێرنیزاسیۆن و تێگەیشتنی لە مافی گەلی کورد لە رێگەی ئەزموونی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی قازی محەممەد بە کۆمەڵگەی کوردی گەیاندبوو، لە ژێر باری سەرکوت‌و شەڕی بەتەواو مانای حکوومەتی ناوەندیی‌دا نەک نەبەزی، بەڵکوو بە جۆرێک بوو بە پێگەو پەناگەی خەباتگێرانی غەیرە کورد بە تایبەت رەوتی چەپ، کە چەندین ساڵ وەک پێشەنگی خەبات و شۆڕش دژی سیستمی ئایینی و پاوانخوازی دەسەلاتدار دەناسرا.



بە گشتی لە دەیەی یەکەمی پاش شۆڕشی ١٣٥٧ جگە لە چەند مانگێکی سەرەتایی، رەوتی مودێرنیتە دەوەستێ، بەڵام دوای شەڕی ٨ ساڵە بە سەرنجدان بە زەرەرو زیان‌و کاولکاری زۆری ئابووری‌و فەرهەنگی و پێویستی ئاوەدانکردنەوەی وڵات، رەوتی مودێرنیزاسیونیش دەستی پێکردەوە. ئەسڵی ویلایەتی فەقیهـ لە چوارچێوەی سیستمی شیعەدا، خسڵەتگەلێکی تایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامی پێک هێنابوو کە دەبوو مۆدێرنیتە بە هەمان رادەی ئاراستەدار و بە ئارستەی خواست و داخوازییەکانی سیستمی دەسەلاتبەدەست کۆنترۆڵ و لغاو بکرایە . بەو ئاقارە میدیا و سیستمی پەروەردە باشترین ئامرازێک بوون کە کۆماری ئیسلامی بۆ خستنە خزمەت خۆی و کۆنترۆلی مۆدیرنیتە کەڵکی لێوەرگرت.

دەیەی دوویەمی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ خراپترین و ناخۆشترین قۆناغی چالاکی رەوتە چەپەکان بوو، چونکە تەنانەت وەک سەردەمی پەهلەوییش نەیاندەتوانی لە نێوخۆ چالاک بن، میدیاو سیستمی پەروەردە بە تەواوی لە دەسەلاتی حکوومەتی ناوەندی دابوون، بەڵام بارودۆخی پارتە شووناسخوازە کوردستانییەکان باشتر بوو، چونکە تا رادەیەک تا کۆتایی سەردەمی یەکەمی سەرکۆماری محەمەدی خاتەمی چالاکی رێکخستن و سەربازی بەرینیان هەبوو گەلی کوردیش لە هەموو کوردستان پشتیوانیان بوو.

دەستپێکی دەیەی سێیەمی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی هاوکات بوو دەگەڵ هەوێنگرتن و پەرەساندنی رەوتی بەجیهانیبوون کە بە هاتنە ئارایی بەرچاوی کۆمپیتەرو پێویستی بەکارهێنانی، پاشان ئینتەرنێت و سەتەلایت لە سەرانسەری جیهاندا رەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی لە پاوانی دەوڵەتەکان دەرهێناو هێژمۆنی و ئەنجام‌دانی خستە دەست کۆمپانیا گەورەو فرەنەتەوەییەکانەوە.

بەم جۆرە حکوومەتەکانی وەک کۆماری ئیسلامی کە نوینەرایەتی بەرژەوەندی هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی نەدەکرد رووبەڕووی مودێرنیتە بوویەوە کە وەک ئەهرومێکی گوشاری بەهێز دەبووە هۆی دارمانی دەسەلاتەکەی. رووخانی هێندێک دەوڵەتی عەرەبی لە ماوەی شۆرشی ناسراو بە بەهاری عەرەبدا نموونەیەکە لە هێزی مودێرنیتە کە کۆمەڵگە توانیویە بە ئاقاری ئامانج و مەبەستە گرووپییەکان کەڵکی لێ وەرگرێ.

لە جیهانی ئەمرۆدا مودێرنیتە لە گۆڕەپانی بەرهەمهێنان و دابەشینی کالا ئابوورییەکان، زانیاری، سەربازی، تەنانەت فەرهەنگی‌دا وەک پێوەری هەڵسەنگاندنی دەسەلاتی دەوڵەتەکان هێندە هەستیارو پێویستە کە هیچ وڵاتێک ناتوانێ حاشا لە گرینگبوونی بکاو لە لایەکی دیکەشەوە رۆژ بە رۆژ لە پاوانی دەوڵەتان دەردەچێ و دەگاتە داواکارانی سەرەکی خۆی کە کۆمەڵە مرۆییەکانە.

**حیزبی دێموکڕات بەشی شوناسخوازو ناسیونالیستی کوردە کە مودێرنیزاسیۆن و تێگەیشتنی لە مافی گەلی کورد لە رێگەی ئەزموونی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی قازی محەممەد بە کۆمەڵگەی کوردی گەیاند**

کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئیسلامی شیعە بە ئاخێزگەی سەرەکی خۆی دەناسێنی لە نێوەڕاستەکانی دەیەی سێیەمی خۆیەوە تا ئەمرۆ بە تایبەت دوای نارەزایەتییەکانی ناسراو بە بزوتنەوەی سەوز تووشی قەیرانی قوڵی پێکهاتەیی بووە کە روو لە بنەماکانی دەسەلاتەو چونکە ئەم قەیرانانە نیشاندەری دژایەتی نێوان بەرژەوەندی نەتەوەکانی ئێران و خواستەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆیە رووخانی سیستەم‌و یان گۆڕانکاری زۆر قوڵ‌و بنەمایی لە دەسەلاتدا شتێکە ناکرێ خۆی لێ ببوێردرێ. پارت‌و لایانە سیاسییەکانی دژبەر یان رەخنەگری کۆماری ئیسلامی ئێران ئەگەر بتوانن لە پێداویستی و پێویستییە راستەقینەکانی کۆمەڵگە بگەن‌و لە رێگەی ئەو دەرفەتانەی رەوتی مودێرنیزم خستویەتییە دەسەلاتیانەوە زانیاری بە کۆمەڵگە بگەیەنن‌و ئەرک و رۆڵی خۆیان بگێرن، بێگومان کۆمەڵگەش هاوهەنگاو دەگەڵیان بیر لە دابەشینی میتۆدێکی نوێ بۆ دیموکراتیزەکردنی ئێران دەکەنەوەو بەشداری ئەم پرۆسەیە دەبن.

# له رۆژهەڵاتەوە...

# ناسر رەزازی‌و شتی تریش!



**خالید محەممەدزادە**

سالی(٢٠٠٢) فارۆق رەفیق کتێبی«مالێکی لێکترازاوو ویژدانیکی بیمار»ی بڵاوکردەوەو سەرنجێکی بە نیسبەت رۆژهەلاتی کوردستان‌و بە تایبەت فەزای مەجازی ئەم کۆمەلگایە خستوتەروو کە تێی‌دا دەڵێت:» چات‌و ژووری گفتوگۆکردن(یان) لە ئەنتەرنێت زیاتر لە مەیدانی فرۆشتنی ئاژەل دەچێت، وەک لە شوێنێک بۆ گفتوگۆیەکی لە سەرخۆو ئازاد».(١)

ئەم سەرنجەی نوسەر ئەگەرچی دەکریت لە رواڵەتدا توند بێ‌و لە زەمەنێکدا کە میدیاو تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبوک، وایبرو واتساپ، تیلی گرام‌و... بەم بەرفراوانیەی ئێستا نەبوون، تەنیا چەند سایت‌و ژووری پاڵتاک هەبوو، لەو کاتەدا قبووڵاندنی ئەو رایەی فارۆق ئاسان نەبوو، بەڵام لە ئێستا بە سەرنجدان بە بەرفراوانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان‌و کاریگەریان‌و بەشداریی زیاتری رۆژهەڵاتییەکان لەم فەزایەداو ئەو کاردانەوانەی لەم فەزایە روو دەدەن، زیاتر سەرنجی منی بۆ لای خۆی راکیشا.

فەزای مەجازی لە ئێستادا لە زۆر حاڵەت‌دا جێگەی خۆی داوە بە فەزای حەقیقی‌و شەقام‌و کاردانەوەو نارەزاییەکان پێش شەقام لەم فەزایە خۆیان نمایش دەکەن‌و زورجاریش لەوێ‌را دەگوازرینەوە بۆ سەر شەقام.

لە راستی‌دا هیچ زەمەنیک بە قەد ئێستا چالاکی رۆژهەلاتی نەگوازراوەتەوە بۆ چالاکی مەجازی‌و لە زۆر حاڵەتیش‌دا ئەوەی پێی دەلێن چالاکی رۆژهەڵاتی هیچ نیە جگە لە چالاکی فەزای مەجازی‌و میدیایی. لە ئێستادا ئەوەندەی رۆژهەڵاتی مەجازی چالاکە، بە قەد ئەوەش رۆژهەڵاتی حەقیقی خاموشە!

ئەمەش زەمینەیەکی باشە بۆ خویندنەوەو تێگەیشتن لە بیروراى گشتی رۆژهەڵات‌و قسەکردن لە شێوازی کاردانەوەو دەربرین‌و چالاکی رۆژانەیان لە کەرتە جیاکان.

کاردانەوەی توند تا ئاستی تومەتبارکردن‌و هاوتاکردنی لە گەل قاسم سلیمانی تیرۆریست دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی بلاونەکراوەی هونەرمەندێکی ناسراو، قەیرانی ئەخلاق لە دەربڕین‌و نەبوونی کەلتووری ئازادی رادەربڕین لای ئێمە بۆجاریکی‌تر خستەوە بەردەم خوێندنەوەو راڤەکردنێکی دووبارە کە ئێمەی رۆژهەڵاتی هەڵگری چ عەقڵیەت‌و هەڵگری چ زمانێک لە دەربرین‌و چ کەلتورێکین لە دەربرین‌و کاردانەوە؟ بە تایبەت بە نیسبەت خەڵکانیک کە ساڵانێکە موژدەی ئازادی‌و دیموکراسی بۆ ئەم کۆمەڵگایە دەبەخشنەوە، گۆمانەکان زیاتر خۆی نمایش کرد.

لێرە قسە لە سەر پەسندکردنی روانینەکانی رەزازی‌و رەتکردنەوەی نیە، ئەوەندەی قسە لە سەر فۆرم‌و شیوازی دەربرین‌و ئاخاوتن‌و ئازادی رادەربرین‌و پاککردنەوەی زمانە لە هەر توندوتیژییەک کە دەکرێت بە سەرنجدان بە کاردانەوەکان بەرامبەر بەم دیمانەو هاوشێوەکانی قسەی لە سەر بکرێت.

هەوڵدان بۆ پاککردنەوەی زمانی دەربرین لە هەر هەڵچوون‌و هەر زبرییەک کە دەکرێت توندوتیژی لێ‌بکەوێتەوەو دەرگای دیالۆگ بۆ هەمیشە قەبات بکات، هەولێک بۆ پاککردنەوەی زمان، کە دەگەڕێتەوە بۆ سۆفیستەکان لە یونانی باستان کە هەوڵیان دەدا دەربڕین یان هەڵگری رەهەندێکی ئەخلاقی بێت‌و دەیانویست هونەری ئاخاوتن جێگای توندوتیژی زمانی بگرێتەوە، هەولێک کە لە کوتاییەکانی سەدەی بیستەم، دوکتۆر قاسملوش لە رووە سیاسییەکەی دەڵێت:» ئێمە یەکەم حیزبی سیاسی بووین کە ئەخلاقمان تێکەڵ بە سیاسەت کردوە«. لێرەدا گرنک نیە چ دەلێی، بەڵام گرنگە چونی دەڵێی‌و گرنگە دەربرین ئەخلاقڕێژ بکرێت نەک بزمار رێژو دڕکاوی.

لای ئێمە نەک هەر دڕکاوی بوونی زمانی، فۆرمی زمان‌و ئامانجەکانی پشت زمانی ناشیرین کردوە، ئەوە ئەم زمان شڕییە بە شێوازی هەوسارچراو رۆژانە لە پلاماردانی بەرامبەردایەو ئەوەندەی لە کاردانەوەیەکی شەڕەنگیزانە دەژی، هەڵگری تێرامان‌و هیچ فیکرەیەک بۆ دەربرین نیەو لە دواجار لە سەر کوشتنی فۆرمی دیالۆگ کار دەکات، هەر ئەمەش وایکردوە دوای ٣٠ ساڵ لە چالاکی سیاسی ئێستاشی لە گەڵ بێت زمانی ئاخاوتن‌و دیالۆگ زمانی غایبی نێوپرۆسەی سیاسی‌و رۆشنبیری رۆژهەڵات بێت. کاتی ئەم زمانشڕییەی دوور لە رەنگرێژی ئەخلاقی رووبەڕوی لێپرسینەوەش دەکرێتەوە هەر زوو خۆی لە پشت سەری یەکێ لە پیرۆزییەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەشارێتەوە.

لای ئێمە توندوتیژیی چەکداری جێگەی خۆی داوە بە توندوتیژیی زمانی، ئەگەر چەکەکان لە ئێستادا بەرامبەر بە یەکتر ناتوانن بتەقێنن بکەن، ئەوە زمان لە ئێستا رۆلی چەکە بێ دەنگ کراوەکان دەگێرێت‌و فەزای مەجازی رۆژهەڵاتی بووەتەوە بە هەمان فەزای چەکداری دەیەی ٦٠ی هەتاوی رۆژهەڵات کە هەموو بەربوونە گیانی یەکتر.

گرفتی ئێستای بلوکبەندی سیاسی‌و فەزای رۆشنبیری‌و سیاسیی رۆژهەڵات یەکنەگرتنی هێزە پرش‌و بڵاوەکانی بە پلەی یەکەم نیە، بەڵکوو غایبونی زمانی دیالۆگ‌و نەبوونی فۆرمێکی ئەخلاقی پێکەوە دواندنە کە دابرانی گەورەو دەشتاییەکی لە لالبوون‌و هەڵچوون بەرامبەر بە یەک بەرهەمهێناوە.

فەزای سیاسی ئێستای رۆژهەڵاتی فەزای نە شەڕو ئاشتییە کە زمانی ئاخاوتن جێگەی خوی داوە بە زمانی تۆمەتبارکردن‌و پەلاماردان. لە دواجاردا پێموایە دەبێت بەر بەم شەرەنگیزییە لە زمان بگیرێت‌و ئەخلاق بگەڕێنینەوە بۆ نێو زمانی ئاخاوتن‌و وەک گورگیاس دەڵێت «زمان لە هەر توندوتیژییەک پاک بکەینەوە«.

**سەرچاوە:**
**(١)ـ لاپەرەی بیستی کتیبی«مالیکی لێک ترازاوو ویژدانیکی بیمار»**
**(٢) ـ کتیبی سۆفیستەکان**

# دوو لایەن بە دوای چی‌دا دەگەڕێن؟



**عومەر باڵەکی**

ماوەی ١١ ساڵە کێشەی ناوەکی ئێران بۆتە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی‌و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک « آژانس نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی‌و شورای بڕیاردەری ئەو ئاژانسەو شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و یەکیەتیی ئورووپاو چەندین وڵاتی پێشکەوتووی سەنعەتی دنیای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە. لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٢٩ کۆبوونەوە لە پێتەختی ١٣ وڵاتی دنیا لە نێوان ئێران‌و هەموو ئەولایەنانە بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێکەوتنێک بەڕێوە چووە کە ئێران نەتوانێ ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.

ئاخرین وتوویژ کە لە ساڵێک پێشترەوە ریکەوت‌و رۆژی بۆ دیاری کرابوو لەسەر وادەی دیاری‌کراو لە «مسقط» پی‌تەختی عمان بە بەشداری وەزیری دەرەوەی ئێران‌و وەزیرانی وڵاتانی ١+٥ بەڕێوەچووو هەموو لایەک چاوەڕوانی ڕۆژی دیاری‌کراو واتە ٢٤ی نوامبر بوون کە لەو ڕێکەوتە هەردوو لایەن بگەنە ئامانجێک بەڵام نەگەیشتنە ئامانجی کۆتایی‌و شوێنی وتووێژەکەشیان گۆڕی بۆ وییەن پی‌تەختی وڵاتی ئۆتریش بەڵام هەروەکی ڕاگەیاندرا دوای ئەو هەموو ساڵەو ئەو هەموو وتووێژە دیسان وتووێژەکانیان بۆ حەوت مانگی دیکە وەدوا خراو بۆ نیشاندانی نیازپاکی بە یەکتر بڕیاریان دا مانگانە ٧٠٠ میلیۆن دۆلار لە ماوەی ئەو حەوت مانگە لە پووڵی فرۆشی نەوتی ئێران کە بلوک کراون بدەن بە ئێران‌و ئێرانیش لەو ماوەیەدا بە کردارو ڕەفتار نیازپاکی خۆی بە لایەنەکەی دیکە واتە ١+٥ نیشان بدا.

ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە لە ماوەی نزیک بە یازدە ساڵە ئەو دوو لایەنە بە دوای چی‌دا دەگەڕێن؟ و بۆلایەنێک ناتوانێ لایەنەکەی دیکە بە کردەوەی خۆی ڕازی بکا؟ بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ئێران دەیهەوێ دەستی بە چەکی ناوەکی را بگا کە ئەوەش بە دوو هۆ ئێران ناتوانێ‌و ڕێگەی پی‌نادەن کە دەستی بگاتە زانستی ناوەکی. یەکەم بەپێی پەیمانی ڕێگری لە بڵاوبوونەوە یان پەرەگرتنی چەکە ناوەکییەکان، ئێران ئێزنی پی‌نادرێ ببێتە خاوەنی چەکی ناوەکی چونکە لە خاڵی یەکەمی ئەو پەیماننامەیەدا کە ساڵی ١٩٦٨ ئیمزا کراوەو ئێرانیش لە دواییدا چۆتە ناو ئەو پەیمانە، دەڵێ «... ئەو وڵاتانەی کە چەکی ناوەکییان نییە پەیمان دەدەن کە کەرەسەی لەو بابەتە نە وەردەگرن‌و نە بەرهەمی دێنن‌و داواکاری لەو وڵاتانی دیکەش ناکەن بۆ دروست کردنی چەکێکی لەو بابەتە».

دووهەم، ئێران بە هۆی ڕابردوویەکی کە هەیەتی لە پێشێل‌کردنی مافی مرۆڤ‌و دەستتی‌وەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەو پەروەدەکردنی تێرۆریست‌و ناردنی بۆ دەرەوەی سنوورەکان‌و هەڕەشە لە وڵاتانی وەک ئیسرائیل کە لە سەر گۆی زەوی پاکی دەکاتەوە ئەو ترس‌و دڵەڕاوکێیە لای دەوڵەتە زلهێزەکان‌و وڵاتانی ناوچەکە دروست کردوە کە ئەگەر ئێران دەستی بە چەکی ناوەکی ڕابگا ئێحتمالی ئەوە هەیە ئاشتی‌و تەبایی لە ناوچەکەدا بکەوێتە مەترسی‌و هەڕەشە بێت لەسەر ئاشتی هەموو دنیاو ئەوە دەچێتە خانەی ڕەچاو نەکردنی بەشی حەوتەم لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ.



بەشی حەوتەم لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ ئەو ئێزنە دەدا بە شورای ئەمنیەتیی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ پاراستن‌و ڕاگرتنی ئاشتی لە جیهان‌دا بڕیاری تایبەت بدەن‌و تەنانەت ئەگەر پێویست بوو لە ڕێگەی هێزی نیزامییەوە واریدی عەمەل بن بۆ پاراستنی ئاشتی‌و تەبایی لە جیهان‌دا.

ئێران وەک واحیدێکی جوغرافیایی هەموو کاتێک بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی‌و ڕووسیە لە ناوچەکەدا گرینگی تایبەت بە خۆی هەبووە. ڕووسەکان هەموو کات ئارەزوویان هەبووە لە ڕێگەی ئێران بگەنە ئاوە گەرمەکانی خەلیجی‌فارس‌و دەریای عمان‌و لەوێشەوە بەرەو ئاوە ئازادەکان بڕۆن‌و بەپێچەوانەوە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەتی ئەمریکاو بریتانیا لە پێوەندییەکانی خۆیاندا گرینگی تایبەتیان داوە بە ئێران‌و نەیان‌ویستووە ڕووسیە جێگەو پێگەی بەهێزی هەبێ لە ئێراندا. ئەوەتا ئایزنهاو سەرکۆماری ئەمریکا لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی سەبارەت بە ئێران ئاوا دەڵێ: «پێم شک نایە ناوچەیەک گرینگ‌تر لە ئێران لەسەر نەخشەی جوغرافیایی دنیادا هەبێ. ئێران خاوەنی نەوتەو لەسەر چوارڕێیانی دنیا هەڵکەوتووە. ئەگەر ڕۆژگارێک تاران‌و مۆسکۆ ببنە هاوپەیمان، جێگەیەکی ئەمن بۆ ڕۆژئاوا لەسەر گۆی زەوی پەیدا نابێ. هەروەها نابێ هەل‌و مەرجێک پێک بێ کە ئێران بگەڕێتەوە بۆ سەردەمە دوورەکانی خۆی‌و ببێتەوە بە هێزێکی نیزامی گەورە.

بەو تێڕوانینە دەبینین ئێران گرینگی خۆی هەیەو هەر ئەو گرینگیە ئەگەر بەدەست دەسەڵاتێکی سیاسی دێموکراتیک‌و خەڵکی بوایە ڕەنگە ئێران توانیبای لە ناوچەکەدا وەک زلهێزێکی ئابووری‌و سیاسی دەرکەوتباو ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبوو لەسەر سەقامگیری ئاشتی‌و تەبایی لە ناوچەکەدا. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەر دەرکی بەو ڕاستییەش کردبێ کە ئێران وەک واحیدێکی جوغرافیایی سیاسی جێگەو پێگەی گرینگی هەیە لە ناوچەکەدا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی باش‌و ئەرێنی کەڵک لەو هەڵکەوتە جوغرافیاییە وەربگرێ بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەی ئەو ڕاستییە کەڵکی لە گرینگی ئێران وەرگرتووەو لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا وای عەمەل کردوە کە جیهانی دێموکراسی‌و پێشکەوتوو بە تەواوی لێی بترسێ هەر بۆیە هەر کردارێکی ئێران بتوانێ هێزی نیزامی‌و ئابووری ئێران بە هێز بکا جیهان‌و بەتایبەتی ڕۆژئاوا دژایەتی لەگەڵ دەکەن.

ئێستا با بزانین بۆ وتووێژەکانی نێوان ئێران‌و وڵاتانی ١+٥ بۆ هەردرێژ دەبێتەوەو بۆ ئەو مەبەستە پێویستە ئیشارە بە چەند خاڵ جێ ناکۆک لە نێوان ئەو دوو لایەنە بکەین:

ـ ئێران دەزانێ دنیای دەرەوە بەتایبەت زلهێزەکانی ئێستا قەبووڵ ناکەن ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ناوەکی، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران دەیانهەوێ بە پێداگری خۆیان لەسەر پیتاندنی ئۆرانیوم ئیمتیازی زیاتر وەربگرن‌و زەمانەتی ئەوە بدەن بە ئێران دوای بەستنی پەروەندەی ناوەکی ئێران، باسێک لە پەروەندەی پێشێل‌کاری مافی مرۆڤ لە ئێران نەکرێ‌و هەوڵی ئەوەش نەدرێ دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا لاواز بکەن‌و بێ سێ‌و دوو لێ‌کردن ئابلۆقەکان لەسەر ئێران لابچێ.

بەڵام مەبەستەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا یا ١+٥ دروست بە پێچەوانەی ویستەکانی کۆماری ئیسلامی‌یە. ئەوان دەزانن کە ئێران وڵاتێکی گەورەیە و خاوەنی کانگایکی ژێر زەوی زۆرە و لە هەمان کاتدا بازاڕێکی گەورەی مەسرەفە. بۆ ئەوە ناوچەکە ئارام بێت بەو ناسیاوییەی لە ئێران و کۆماری ئیسلامی هەیانە، دوو ڕێگایان لە پێشە. یەکەم هەوڵ بدەن سیستمی کۆماری ئیسلامی بڕوا و لە جێگای ئەو سیستمێکی دێموکراتیک و خەڵکی بێنە سەرکار، کە هەر وەکی دەیبینن ئێستا ئەو هەوڵەیان لە دەستوری کاردا نییە. دووهەم، بتوانن ئێران‌و سیستمی کۆماری ئیسلامی دەستەمۆ بکەن بێجگە لەوە کە پێشگیریان کردەوە لە دروست کردنی چەکی ناوەکی چەندین ئامانجی دیکەشیان پێکاوە.

بەڵام لە نیشانەکان را وادەردەکەوێ کە ئەو پرسەیە ڕێگایەکی دوورو درێژی لە پێشە چونکە:

ئێران دەیهەوێ هەر دوای مۆر کردنی ڕێککەوتنامەکە ئابلوقەکان چ ئابووری‌و چ سیاسی بێ ئەولاو ئەولا لابچن.

• بەڵام وڵاتانی ڕۆژئاووایی دەیانهەوێ وردەوردە ئەو کارانە بکەن هەتا بەتەواوی لە ئێران دڵنیا بن.

ـ وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەیانهەوێ ئێران توانای پیتاندنی ئۆرانیوم بێنێتەو خوارێ‌و نەتوانێ چەکی ناوەکی دروست بکا.

• ئێران سوورە لەسەر ئەوەی کە پیتاندنی ئۆرانیۆم لە هەر ڕادەیەک دابێ مافی یاسایی خۆیەتی‌و هیچ لایانێک ناتوانێ لەو مافە بێبەشی بکا.

ـ ئێران نایهەوێ ڕاپۆرتی دروست بدا لەسەر ئەو مادە تەقینەوانە کە دەتوانری چەکی ئەتومی پێ دروست بکری.

• هەر بۆیە ئاژانسی ئەتومی پەروەندەی ناوەکی ئێران وەک سکاڵا بردۆتە بەردەمی شورای ئەمنییەتی ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووکان.

بێجگە لەوانە هەم ئێران‌و هەم وڵاتانی ١+٥ دەبێ لەسەر ئەوانەی خوارەوەش بگەنە تەوافوق.

ـ دیاری کردنی چوار چێوەیەک کە جێگای پەسەندی هەر دوولا بێت بۆ پیتاندنی ئورانیۆم.

ـ دیاری کردنی ڕادەی سانترینیوژەکان
.

ـ دیاری کردنی چوارچێوەیەکی زەمانی بۆ چالاکییەکان.

ـ دیاری کردنی شێوەو ڕێکاری ئابلوقە ئابووریەکان.

روون کردنەوەو ئاشکرا بوونی چالاکی دامودەزگای ئەتومی ئێران لە «فردو، ئەراک» بە لام لە گەڵ هەموو ئەوانەی لە سەرەوە باسمان کرد دەبێ ئیشارە بە چۆنیەتی لابردنی ئابلۆقەی ئابووریەکان‌و کۆسپەکانی بەردەم لابردنیان بکەین. چونکە لە ڕاستی دا چوار جۆرە ئابلۆقەی ئابوری خراوەتە سەر ئێران‌و هەرکامیان نیازی بە ڕێکاری یاسایی خۆی هەیەو کات‌و زەمانی پێویستە.

١ـ ئابلۆقەکانی شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووکان

٢ـ ئابلۆقەی یەکێتی ئورووپا

٣ـ ئابلۆقە یەکلایانەکان کە دەوڵەتان بە تەنیا کردوویانە وەک ئەمریکا، بریتانیا، کانادا

٤ـ ئابلۆقەکانی کۆنگریسی ئەمریکا.

لێرەدا زۆر بە کورتی باس لەو ئابلوقە ئابووریانە دەکەین کە لە چۆن پەسەند بوون‌و دەبی بۆ لابردنیان چ ڕێگایەک بگریتە بەر.

١ـ ئابلۆقەکانی شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان

دوای ئەوەی شورای حکام ئاژانسی وزەی ئەتومی جیهان پەروەندی ئەتۆمی ئێرانی ناردە بەردەم شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووکان لە ساڵی ٢٠٠٦ م هەر ئێستا بە ٦ قەتعنامە ئێرانیان مەحکووم کردوە (١٦٩٦، ١٧٣٧، ١٨٠٣، ١٩٢٩) و لە چوار قەتعنامەی دوایی را دەستنیشانی ئەو ناوەندو ریکخراوەو کەسایەتیانەیان کردوە کە دەستیان هەبۆە لەسەنعەتی ئەتۆمی کردنی ئێران کە ئەو ڕاستەو خۆ درگای بۆ دەوڵەتەکان ئاواڵە کردۆتەوە کە بە نۆرەی خۆیان ئابلۆقەی ئابووری بخەنە سەر ئێران. هەروەها بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ناوە ڕۆکی ئەو قەتعنامانە شورای ئەمنیەت بە چەندین کۆمیتەی چاوەدێری تەحریمەکان دەست نیشان کردوە و هەموو دەوڵەتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەرکە لەسەریان لە چوارچێوەی بەندەکانی ئەو قەتعنامانە نەچنە دەرێ. بەڵام هەر کاتێک شورای ئەمنیەت بیهەوێ ئەو ئابلۆقە ئابووریانە لە سەر ئێران لابەرێ پێویستی بەچەندین کۆبوونەوە هەیەو گوێ لە ڕاپۆرتی کومیتەکانی چاوەدێری بگرێ‌و هەرکام لەو قەتعنامانە کە بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەوڵەتی ئێران پەسەند کرابوون، دەبێ بە جیاو بە قەتعنامەو یەک بە یەک لابچن.

٢ـ تەحریمەکانی یەکێتی ئوروپا:

دوا بە داوی تەحریمەکانی شورای ئەمنیەت، شورای وەزیرانی یەکێتی ئوروپا کۆبوونەوەو یەک ریزە تەحریمانە خستیانە سەر ئێران کە بە چەندین بانکو دامەزراوی پیشەسازی کەس یا کەسانی بەریوەبەری کۆماری ئیسلامی لە خۆ دەگرێ.

هەرکاتێک ئێران‌و ١+٥ گەیشتنە ئەنجام پێویستە ئابلۆقە ئابوورییەکان لابچێ بەڵام بۆ ئەو کارە پێویستی بە کۆبوونەوەی شورای وەزیرانی ئوروپا هەیە و دەبێ لە سەر ئەو مەسەلەیە کۆدەنگی تەواو لە شورای وەزیرانی یەکێتی ئورپا دروست بێ.

٣ـ ئامریکا یان کاناداو یا هەر وڵاتێکی دیکە ئەگەر دەوڵەتەکە واتە هیزی ئیجرایی بە فەرمان‌و بڕیاریکی گەڵاڵەی تەحریمێکیان بە دژی ئێران پەسەند کردوە دەتوانن هەر وابە بریار یا فەرمانێکی سەرۆکی دەوڵەت ئەو ئابلۆقانە ئابووریانە لە سەر ئێران لابچن.

٤ـ تەحریمە کانی کۆنگرێسی ئامریکا:

ئەو بەشە لە تەحریمەکان بە دژی ئێران رنگە دژاو ترین حاڵەت بن بۆ لابردنیان چونکە بە پێی یاسای ئەمریکا هەر لایحەیەکو گەڵالەیەک لە هەروو مەجلیس نوێنەران‌و سەنا تێپەری حوکمی قانون وەردەگرێ وبۆ هەڵوەشاندنەوەی پێویستی بە رەزامەندی هەر دوو مەجلیسی نوێنەران‌و سەنا هەیەو ڕەنگە هەڵبژاردنەکانی ئەو دوایانەی کۆنگریسی ئامریکا کە کۆماری خوازەکان تیدا باڵادەست بوون، کاری دەوڵەتی ئۆباما دژاوتر بکا بۆ لابردنی هەموو تەحریمانەبە یەکجاری.

بە پێی یاسای نێو خۆی ئامریکا دەوڵەت هیچ دەسەڵاتی ئیجرایی نییە لەسەر لابردنی تەحریمەکانی کۆنگرێسی ئامریکاو تەنیا دەتوانێ ٦ مانگ ئیجرا کردن‌و بەڕێوەچونیان وە درەنگی بخا. هەر وەکوو باسمان کرد ئەو تەحریمانە کە لەلایان کۆنگرێسی ئامریکا دەست نیشان کراون بوون بە قانوون‌و ئەو ترسە هەیە ئەگەر ئێران پابەند نەبێ بە ڕێکەوتنەکە، خۆ ماندوو کردن و زەحمەتی زۆری پێویستە جارێکی دیکە بکرینەوە بە قانوون.

لە کۆتایی دا ترس لە لابردنی تەحریمەکان دا هەتا تەوافوقی یەکجاری‌و دروست بوونی متمانەی دوولایانە هەر هەیە. چونکە دوای ١١ ساڵ ئێستا کۆدەنگێکی جیهانی بە دژی بەرنامەی چەکی ئەتۆمی ئێران دروست بووەو رەنگە جارێکی دیکە وا بە ئاسانی دروست نەبێتەوەو جارێکی تر چین‌و رووسیە نەگەڕێنەوە نێو هاوبەندێکی وەک ئێستا کە هەیە چونکە هەر وڵاتە بەدوای بەرژەوەندی خۆی‌دا دەگەڕێ.

**ئێران بە هۆی ڕابردوویەکی کە هەیەتی لە پێشێل‌کردنی مافی مرۆڤ‌و دەستتی‌وەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەو پەروەدەکردنی تێرۆریست‌و ناردنی بۆ دەرەوەی سنوورەکان ئەو ترس‌و دڵەڕاوکێیە لای دەوڵەتە زلهێزەکان‌و وڵاتانی ناوچەکە دروست کردوە کە ئەگەر ئێران دەستی بە چەکی ناوەکی ڕابگا ئێحتمالی ئەوە هەیە ئاشتی‌و تەبایی لە ناوچەکەدا بکەوێتە مەترسی‌و هەڕەشەوە**

# وەرگەڕانی تانکرەکانی هەڵگریی ماددەی کیمیایی، مەترسییەک بۆ سەر ژیانی خەڵکی سنە

**ئا: م.ئەلف**

بۆ جاری چەندەم ڕۆژی ٤ی خەزڵوەری ئەمساڵ تانکرێکی هەڵگری ماددەی کیمیایی مازوت لە نزیک بەنداوی «قشلاق»ی پارێزگای سنە وەرگەڕا و دەوترێ ئەمە بووەتە هۆی پیس بوونی ئاوی بەنداوەکە و نیگەرانی لە ناو خەڵکدا دروست کردووە. وەرگەڕانی تانکرەکانی هەڵگری ماددەی کیمیایی لە لای بەنداوی قشلاق چیرۆکێکی تازە نییە و لە ماوەی ساڵانی رابردوودا چەندین جار ڕووداوی لەم چەشنە ڕووی داگە و نیگەرانیی لای خەڵک دروست کردووە و تەندروستی خەڵکیان خستووەتە مەترسییەوە. ئەوەی لەم نێوەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە نابەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە بۆ تا ئیسە بیریان لە چارەسەری ئەم گرفتە نەکردووەتەوە و بەردەوام وەرگەڕانی تانکرەکان بووەتە مۆتەکەیەک لەسەر تەندروستی و ژیانی خەڵکی سنە؟

دوایین تانکر کە ڕۆژی یەکشەممە ٤ی خەزەڵوەر وەرگەڕا، هەڵگریی ماددەی کیمیایی مازوت بوو کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە سنە ڕایانگەیاندووە نەیانهێشتووە بگاتە ناو ئاوی بەنداوەکە و کۆنترۆڵیان کردووە. بەپێچەوانەی لێدوانەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی ناوچەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم ماددەیە تێکەڵ بە ئاوی بەنداوەکە بووە و نیگەرانی لە ناو خەڵکدا دروست کردووە و وەک مەترسییەک بۆسەر تەندرستی خۆیان چاوی لێ دەکەن. بەم جۆرە دەکرێ بێژین درۆ کردنی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە بۆ ئەوەیە خەڵک نیگەران نەبن و درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن. ئەوەی لەم نێوەدا کاربەستانی بواری هاتوچوو و ڕێگاوبان وەک هۆکاری ڕووداوەکە باسی دەکەن، ئەوەیە کە ڕێگاوبانەکە خراوە و بۆ ئەوە نابێ تانکرەکانی هەڵگریی ماددەی کیمیایی هاتوچووی پێدا بکەن. سەرەڕای ئەم قسەگەلە، ئەوەی دیسان جێی پرسیارە ئەوەیە کە بۆ کاربەدەستان لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا نەیانتوانیوە ڕێگاوبانەکە چاک بکەنەوە، یان ڕێگا لە هاتوچووی ئەو تانکرگەلە بگرن کە بوونەتە مۆتەکەیەک لەسەر ژیان و تەندروستی خەڵکی ناوچەکە؟

لەم نێوەدا خاڵی گرنگ و جێی سەرنج ئەوەیە کە ژمارەیەکی ئەم ڕووداوانە لە یەک شوێن لە نزیک بەنداوی قشلاقی سنە ڕوو دەدەن و دووبارە دەبنەوە و هەر جارە بڕێکی زۆری ماددە کیمیاییەکان ڕژاوەتە ناو ئاوی بەنداوەکەوە کە ئاوی خەڵکی سنە و دانیشتوانی دەوروبەری دابین دەکا.

لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوییدا تانکرێکی هەڵگری ماددەی کیمیایی «MTBE» لە لای بەنداوی قشلاقی سنە وەرگەڕا و بەشێکی زۆری ئەم ماددە کیمیاییە ڕژایە ناو ئاوی بەنداوەکە. سەرەڕای نیگەرانی و ناڕەزایەتی خەڵک، کاربەدەستان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانیان نەدا. تەنانەت لە وەڵامی ڕەخنەی نوێنەرانی کوردی ئەو کاتی پارلەمانی ئێراندا «بیژەن نامدار زەنگەنە» کە ئەوکاتیش وەزیری نەوت بوو زۆر بێ باکانە ڕایگەیاند کە ٦٠٠ لیتر لە ماددەی «MTBE» ڕژاوەتە ناو ئاواکە و لە چاو ئەوەی کە بەنداوەکە ١٢٠ ملیۆن مەتری سێ جا ئاوی تێدایە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ماددەی «MTBE» ماددەیەکی کیمیایی مەترسیدارە و بۆ دروست کردنی بەنزین لە ژمارەیەک لە وڵاتان کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. هەروەها لە ڕێگای خواردنەوە و هەڵمژین و بەرکەوتنەوە دەتوانی زیان بە مرۆڤ بگەیێنێ و سەرچاوەی چەند نەخۆشی مەترسیدارە کە یەک لەوانە نەخۆشیی شێرپەنجەیە. سەرەڕای ئەوەی ئەم ماددەیە بۆ مرۆڤ زۆر مەترسیدارە و کاریگەریی خراوی لەسەر ژینگە هەیە و لە لایەن دامەزراوەی ژینگە پارێزی ئەمریکا (EPA) ئەم ماددەیە وەک هۆکاری هەندێ لە شێرپەنجە مەترسیدارەکان دەستنیشان کراوە، لەو کاتەوە تا ئێستا لە لایەن هیچ ناوەندێکەوە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی لە پێوەندیی لەگەڵ کاریگەرییە خراوەکانی ئەم ماددەیە لەسەر خەڵکی کوردستان نەکراوە.

ئەگەرچی ئەم ڕووداوە ئەو کات دەنگدانەوەیەکی زۆر لە ناو خەڵکدا هەبوو و نیگەرانییەکی زۆری دروست کرد، بەڵام هێشتا ئەو نیگەرانییانە نەڕەویبوونەوە کە دیسان لە ساڵی ١٣٨٣ دا تانکرێکی هەڵگری ماددەی کیمیایی لە هەمان شوێن وەرگەڕا و بەشێک لە ماددەکەی دیسان ڕژایە ناو ئاوی بەنداوەکەوە.

ڕووداوی وەرگەڕانی ئەم تانکرگەلە وەک مۆتەکەیەکی هەمیشەیی لێ هاتوە و لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا درێژە هەبووە. ١٠ ساڵ دوای وەرگەڕانی تانکری هەڵگری ماددەی «MTBE»، واتە ساڵی ١٣٩٢ دیسان تانکرێکی هەڵگری گازۆییل لە هەمان شوێن وەرگەڕا و بڕێکی زۆری گازۆییلەکە ڕژایە ناو ئاوی بەنداوەکەوە.

بە وتەی بەڕێوەبەریی گشتیی ژینگەپارێزیی کوردستان، لە ماوەی ساڵی ١٣٩٢ و سێ مانگەی یەکەمی ساڵی ١٣٩٣دا، ٢٥ تانکری هەڵگری سووتەمەنی و ماددەی کیمیایی لە جادەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەرگەڕاون و بوونەتە هۆی پیس بوونی ئاو و خاک و ژینگەی خەڵکی کوردستان. زۆربەی ئەو تانکرگەلە هەڵگری نەوتی خاو بوون و لە باشووری کوردستانەوە چوونەتە ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زۆربەشیان لە جادەی مەریوان ـ سنە وەرگەڕاون. بەڕێوەبەریی گشتیی ژینگەپارێزیی کوردستان، لە مانگی جۆزەردانی ئەمساڵدا بە ئاماژە بەوە کە وەرگەڕانی ئەم تانکرگەلە لە لای جادە و لە نزیک ڕووبارەکان زیانێکی زۆری بە ئاو و خاک و ئاژەڵان و ژینگەی کوردستان گەیاندووە ڕایگەیاند: یەک لیتر لە ماددەی نەوتی ئەو تانکرگەلەی کە وەرگەڕاون، بە ملیۆن لیتر ئاو پیس دەکا و ئەمە مەترسییە بۆ سەر ژینگە و تەندروستی خەڵک.

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەی پێ درا، دوایین نموونەی بەرچاو و زۆر مەترسیداری وەرگەڕانی ئەم تانکرگەلە، ڕۆژی ٤ی خەزڵوەری ئەمساڵ لە نزیک بەنداوی «قشلاق»ی پارێزگای سنە ڕووی دا. تانکرێکی هەڵگری ماددەی کیمیایی مازوت وەرگەڕا و بەشێکی ئەم ماددە کیمیاییە تێکەڵ بە ئاوی بەنداوەکە بووە. «ماددەی کیمیایی مازوت کە نەوتی کورە و نەوتی ڕەشیشی پێ دەوترێ، یەکێک لەو هیدرۆکەربۆنە نەوتییانەیە کە لە قۆناغی پاڵاوتنی نەوتی خاودا و دوای بەنزین و چەند بەرهەمی دیکە بەدەست دێ. ئەم ماددەیە زۆر هەرزانە و زیاتر لە کورەی حەمام و نانەواخانە و هەندێ وێستگەی وزەدا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ». هەروەها یەکێک لەو ماددانەیە کە بۆ ژینگە مەترسیدارە و دەتوانێ کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر تەندروستی مرۆڤ دابنێ.

سەرەڕای ئەوەی ماوەی ٢ـ ٣ ساڵە بڕیار دراوە کە هاتوچووی ئەو تانکرگەلە قەدەغە بکرێ و بیر لە ڕێگایەکی دیکە بۆ گواستنەوەی سووتەمەنی بکرێتەوە، بەڵام ئەم بڕیارە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە. ئەوەی تا ئێستا شارەزایان و ژینگەپارێزان باسی دەکەن، ئەوەیە کە ئەم ماددە کیمیاییانە مەترسین بۆسەر تەندروستی مرۆڤ و زیان بە ژینگە و ئاو و خاک و ئاژەڵان دەگەیێن.

لەپێوندیی لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا سیاسەتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن بەندی بکەین:

١ـ بەردەوام ڕێگرییان کردووە لە دەنگدانەوەی ڕووداوەکە و تا ئەو جێگەی بۆیان لوابێ سەرپۆشیان لەسەریان داناوە و نەیانهێشتوە لە میدیاکان وێنە و زانیاریی پێویست لەسەر ئەو ڕووداوگەلە بڵاو بکرێتەوە.

٢ـ نەهاتوون زانیاری بدەن بە خەڵک و ئاگاداریان بکەنەوە کە لەکاتی ئەو جۆرە ڕووداوانەدا چ ڕێوشوێنێک بگرنەبەر بۆ ئەوەی کەمترین زیانیان بەر بکەوێ.

٣ـ تا ئێستا نەهاتوون لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوانە لەسەر ژیان و تەندروستیی خەڵک ئەنجام بدەن.

٤ـ سەرەڕای ناڕەزایەتی ژمارەیەک لە چالاکوانانی مەدەنی و خەڵک، تا ئێستا گوێچکەیان بە داوای خەڵک و ناڕەزایەتییەکان نەداوە و گرفتەکە وەک خۆی بەردەوامە.

٥ـ سەرەڕای ئەوەی بۆ خۆیان بڕیارییان داوە کە گرفتە چارەسەر بکەن! تا ئێستا نەهاتوون هاتوچووی ئەو تانکرگەلە قەدەغە بکەن و هەروەها نەشهاتوون گرفتی ڕێگاوبان چارەسەر بکەن بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانە بگەنە لانی کەمی خۆیان.

کۆی ئەمانە تەعبیر لە ڕەفتاری نابەرپرسانەی کاربەدەسانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە دەکا و

بەئاماژە بەوەی کە ئەم جۆرە ڕووداوانە لە ماوەی ١٠ـ ١٥ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام دووپات بوونەتەوە و کاربەدەستانی نەیانتوانیوە گرفتەکە چارەسەر بکەن، بەو ئەنجامە دەگەین کە ژیان و تەندروستی خەڵک لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هیچ بایەخێکی نییە و بەردەوام نابەرپرسیارانە لەگەڵ کێشە و نیگەرانییەکانی خەڵک مامەڵە دەکەن.

---


# لە پەراوێزی ڕاپرسییەکەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە مهاباد



**تەهای ڕەحیمی**

ئەمرۆژانە ڕاپرسییەکی سەرپێییانەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە مهاباد لە سەر گۆرانیبێژیی نەتەوەیی و ئیمپراتۆری دەنگ و ئاوازی کوردی و دوو لاوی فارس، لە دنیای مەجازی و هەروەها ژیانی ڕئیاڵی تاک و خەڵکی کورد لە نێوخۆی کوردستان و هەندەران کاریگەریی و دژکردەوەیەکی خێراو پڕتاوی لێکەوتەوە. ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە، لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیداو تەنانەت دەکرێ بڵێین بناخەی دامەزرانی ئەو سیستمە سەقەتە لە سەرەتاوە بە گشتپرسییەکی لەم چەشنە بێ بەرنامەو بەبەرنامەو! نازانستییانەو داسەپاوانە دەستی پێکرد، کە هەر ئەو کاتیش لە لایەن گەلی کوردو بزووتنەوەی خاوەن ڕابردووی ئەم نەتەوەیەوە بایکۆت کرا. کەواتە بە سەرنجدان بە ڕابردوو و سیاسەت و ئاکارو ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی دەبێ لە هەموو گشتپرسی و ڕاپرسی و کردەوەیەکی کۆماری ئیسلامیدا، ئەگەر ئاکامێکی چاوەڕوانکراو بەدی هات بەشک بین، نەک ئەم جۆرە ئاکامە بەرنامە بۆ دارێژراو و چەشنە پیلانانەییە. لەم چەند دێڕەدا نامەوێ باس لە گەورەبوون و نەخشی ئوستوورەیی حەسەن زیرەک بکەم، کە هەروەک دەزانین ئوستووره مێژووی گەلێک سازی دەکا و بە هیچ ئامراز و کەرەستەیەک لێی ناستێندرێتەوە. هەروەک چۆن لە پیلانی ساڵانی ڕابردووی دوژمنانماندا هەوڵێک بۆ کاڵ کردنەوەی کاوەی ئاسنگەر لە نێو هزر و بیری کوردیدا درا بە بیانووی ئەوەی کە کاوە ئەو کاراکتێرەیە کە ڕاپەڕین لە دوایین پاشای ئیمپراتۆری ماد، سەرەکیترین ئەتنیکی پێکهێنەری نەتەوەی کورد کردوە، هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی نەبووە بەڵکو هەمێستاش کاوە هێمای ئازایی ڕۆڵە کوردێکی ئازارچێشتوو و جەورچێشتەیە. بەڵام ئەو مەترسییەی ماوەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتدا خۆی دەرخستوەو لەم لاو ئەولاش باسی لێوە دەکرێ و، بەهۆی ئاڵۆزی و شپرزی دەسەڵاتی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی خودی گەلەوە بە جیددی وەرناگیرێ بەڵکو بەسەریدا تێدەپەڕین، پرسی توانەوە و ئاسیمیلەی زمانە بە شێوەی سیستماتیک و بە پێی بەرنامەی تۆکمە و درێژخایەنی دەسەڵاتی داپلۆسێنەری تێۆکراسی ویلایەتی فەقیهـ و کلتوور و هەموو سەرخانی فارس. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە و پێویستی بە دوان نییە، دوژمنایەتی نەتەوە داگیرکەرانە دژی کورد لە هەموو بوار و لایەنەکانی ژیانەوە. جا لەم نێوەشدا ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە بارتەقای داگیرکەرانی دیکە ڕوومایەکی هێمنتر و تەنانەت زۆر جاران خەمخۆرانەی بۆ گەلی کورد بە بیانووی نزیکایەتی نەتەوەیی نواندوە، بۆ ئەوە نەبووە بەڕاستی نیازپاکە، بەڵکو دەسەڵاتدارانی ناوەندنشین و دەسەڵاتبەدەست بە گورزی کلتووری فارسەوە هێدمەیەکی هێند جەرگبڕو گورچووبڕیان لە پەیکەرەی شوناسی کوردبوون داوە، کە ئەنفال و تەعریب و تەتریک و ڕاگواستن و ....... تۆزی ڕیشی ناشکێن. خزمایەتی کورد و فارس نەک نەبووەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی کلتوور و شارستانییەتی بەرانبەر بەڵکو تەنیا داری هێژمۆنی لەقی پان فارسیزم و شێڤینیزمی ئێرانی پێ ئەستوور کراوەو دەگەڵ ئەوەشدا کلتوور و دەسەڵاتی باڵادەست بەپێی پلانی تۆکمە زۆر لەمێژە خەریک بنەبڕ کردن و ژاکاندنی کلتوورێکە کە خۆی پێی دەگەشێتەوە.

لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئامانج دوژمنایەتی گەلێکی ڕەسەن و سڕینەوەی فیزیکی نەتەوەیەکی خاوەن مێژووو داگیرکردنی خاکی ئەو نەتەوەیەو ئاسیمیلە و تواندنەوەی کەسانێکە کە خۆیان بە (ئەوی دیکە) دەزانن، واتە کەسانێک کە بە هیچ جۆرێک ملیان بۆ شۆڕانەوە لە شوناسێک هەڵنەگرتوە کە ئەویش کوردبوونە. نموونەی بەرچاوەی ئەوەش ئەو جاشەیە کە سەرەڕای خیانەت و پشت کردن لە گەلەکەی پێی بوترێ کورد نی، دژکردەوەی توندی دەبێ. هەر بۆیە دەسەڵاتدارنی تاران لەمێژە بەم شتەیان زانیوە کە کردەوەی توندوتیژانە بەرهەمەکەی تەنیا دژکردەوەی توندوتیژانەترە، ئەنفال ١٨٠ هەزار جەستەی گەرمی بە کۆمەڵ کردە ژێر خاکەوە، هەزاران کانی کوێر بوونەوە، بەڵام بابەگوڕگوڕ هەر پڕ بە هەناوی گڕی کوردایەتی چڕی. بۆیە تاراننشینان بیریان لە چارەسەری و پیلانێکی گڵاوتر کرد کە هەنووکە بەرووبوویەکەشی دەڕننەوە. شێواندنی شوناس باشترین ڕێگەیە بۆ بێدەسەڵات کردن و بە چۆکداهێنانی قارەمان. دارێک ڕیشەکانی پتەو نەبن سۆزە بایەکیش لە بنی دەردێنێ، شێواندنی ئەم ڕیشانە و هەڵبڕینی لەمێژوودا دەبێ کاری بۆ بکرێ، دەبێ مێژوو، زمان، هزر و بیر، ڕوحی نەتەوەیەک کلۆڵ بکرێ هەتا یادگەی ئەم گەلە چی دیکە بیر لە نۆستالۆژی و ڕابردوو و ئازایەتی خۆی نەکاتەوە، هەتا ئوستوورەکانی خۆی لە بەر چاو سوک بێ. خوێنی سووری شەهیدانی هەڵاڵە دەڕوێنێ، ڕق و هەستی تۆڵە لە بیرەوەری تاکەکاندا چێ دەکا، ڕووشاندنی بستی خاکی نەتەوە، گوڕو تینی پیرۆزییەتی خاک هەڵدەچێنێ. کەواتە بەچۆکداهێنان و دەستەمۆکردن و بە کۆیلە کردن تەنیا لە زەینەوە دەست پێدەکا. هەستاندنەوەی سەربەخۆیی و نامۆکردنی تاک لە مێژوو و کلتور و ئوستوورە خۆی ڕێگەیەکە بۆ پێمل



کردن و بە ئامرازکردنی. لێرەوەیە پرۆژەی فارسکلتوران، بیری کۆمەڵگە دەکەنە نیشانە، کە ئەمیش خۆی لە زماندا دەبینێتەوە. چونکی مرۆڤ بەو زمانە بیر دەکاتەوە کە فرچکی پێ دەگرێ، پێی گەشە دەکا، ژینگەی پێ دەناسێ، جیهانی پێ لێکدەداتەوەو، هەر شنەبایەکی دەنگ و وشەی ئەو زمانەی پێ بێ، تاک خۆی تێدا دەبینێتەوە.

دەوترێ موسیقا زمانێکی جیهانییە و پێوەست نییە بە زمانێکی دیاریکراوەوە، دیارە ئەوە خۆی دیوێکی ڕاستی تێدایە، چونکی نۆتەکان و هاژە و لەرینی تاڵە ژێیەکان و ....... هتد ئامرازە موسیقاییەکان پێوەست نیە بە زمانێکەوە، دەنگێکن وەک هاژەی ڕووباران، کە لە کوردستان لای شوانێک و لە ئوتریش و ئاڵمان لای بێتهۆڤێن و باخیش یەک هاژەن، ڕەنگە چۆنیەتی چێژ وەرگرتن لای ئەو کاراکتێرانە جیاواز بێ کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر بواری ئیستاتیکا کە پێوەندی بە زەوقی تاکەوە هەیە، کەواتە ڕاستە ئەوانە زمانێکی جیهانین. بەڵام ئایا من خۆم زیاتر لە دێڕە شێعرەی شاعیرێکی کورد دا زیاتر هەم، یان لە شێعری هەر هۆنیارێکی بیگانەدا. من لە کوێ بم سەر بەو شوێنەم، بۆیەشە هەوڵ بۆ پاراستنی دەدەم. پێی دڵخۆش دەبم، خەمبار دەبم. دەقێکی نووسراو، زمان، موسیقا و ..... وەک خاک شوێنن. ئەو مەقامەی منی تێدام بەقەد خاکەکەم خۆشم دەوێ. یان باشتر بڵێم خۆشەویستی بۆ خاکیش لە هەناوی دەنگەکانەوە دادەچۆڕێ. ئەگەر من لە شێعر، پەخشان، ڕەنگ و دەنگ و دواجاریش دیسان دەنگی گەلەکەم دا خۆم نەبینییەوە کەلێن دەکەوێتە شوناس و ئایدێنتیتیم و بە ئامراز بوونم هەموارە. ئەوەی هەر دوو قوڵی (سەرکوت (هەموو دامودەزگا فیزیکییەکانی وەک سوپا و دەزگەی ئەمنیەتی و هتد) ئایدیۆلۆژی (پەروەردەو دەنگ و ڕەنگ و هتد)) پارێزەری دەسەڵات و کلتووری باڵادەست، بەتایبەتی قوڵی ئایدیۆلۆژی کارێکی نەپساوە و بە بەرنامەی بۆ کردوە هەستاندنەوە زمانە بە شێوازێکی هەستپێنەکراو. کە من وشە و چەمک و واژەی خۆم لا سوک و بێگانە بوو، خۆشم نزم دەبینم و هەوڵ دەدەم لەم نزم بوونە دەرچم. چم لەبەردەستە خۆی پێ هەڵواسم، فەرهەنگ و کلتورێکی زرقەو بیرقەداری درۆیین، مێژوویەکی درەوشاوەی پڕ لە چەواشە، ڕوومایەکی پێشکەوتووی نوورانی هەناو لەرزۆک و گنخاو. لێرەوەیە ئیدی من لە شێعری نالی دا نیم، لە خانی داتەکاوم، مەلای جزیری لە یادگەم نامۆیە، حەسەن زیرەک، عەلی ئەسغەر کوردستانی، تەحسین تەها ...... ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرە بەجێ دێڵم و خەرمانە ئوستوورەکانی خۆم لێ کز دەبن و دەریای بێ بنی زمانەکەم لا دەبێ بە شۆڕەکاتەکانی لێوارە وشکبووەکەی گۆلی ورمێ و، دەچم دە نێو بۆڕەبۆڕو زیقەزیقی گەروویەکدا لە «بوون»م دەگەڕێم کە گەردەلوولێکە خودا دەزانێ لە کوێم هەڵدەدێرێ.

هەروەک لە سەرەتادا وتم ناڵێم ئەم ڕاپرسییەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی دروستە، بەڵام خۆ دەتوانێ زەنگێکی مەترسیدار بێ بۆ خەمخۆران و ڕۆڵەکانی کورد. ئێستا کە دەگەڵ لاوێکی ڕۆژهەڵاتی دەدوێی وەک زمانەکەی زمانی فارسی جارانی لێهاتووە کە لە دە وشان ٩ عەرەبی بوو، کوردییەکی نەک هەر لاوان و تازەپێگەیشتوانی ڕۆژهەڵات، بەڵکو زمانی داپیران و داپیرانیش لە گرێژنە دەرچووە بۆیە لاوانی مەڵبەندی ناسیۆنالیستی ڕۆژهەڵات خۆیان لە چریکەی زیرەک دا نابیننەوەو لە تولەرێگەکانی دەنگی بابایەکی فارسدا هەڵودان. ئەمە تەنیا لەسەر خەڵکی مهاباد ڕاست دەرناچێ، بەڵکو لەوسەری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئەمسەری دۆخ ئەمەیە کە لە ساباڵغ دەرکەوت.

بەڵام دیسانیش دڵخۆشم بەو ڕاپەڕینەی دوای ئەو ڕاپرسییە لە زەینی تاک و کۆی کۆمەڵگەی کورددا ڕووی دا، ڕازانەوەی شەقامەکانی مهاباد بە وێنەی زیرەک نیشان لە نەکوژانەوەی ژیلەمۆیەکە، دژکردەوەی کەسایەتیی و هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات باس لە پتەوبوونی ڕیشەکانی دارێکی هەزاران هەزار ساڵەن، بەڵام دیسانیش گەلی کوردو بەتایبەت بزووتنەوەی کوردی (بە پانەوە) نابێ کەمتەرخەم بن لە ئاست پیلانەکانی دوژمن و دەبێ ئەم ڕاپرسییە بە ڕاست و دروست وەرگرن و کار بۆ گەشاندنەوەو بووژاندنەوەی ژێرخان و سەرخانە تۆزگرتووە لەبننەهاتووەکەی ئەم گەلە ڕەسەنە بکەن.

# فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم

## بەشی دووهەم و کۆتایی



رۆئیا تلوعی

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: سیروان مووساپوور**

بێشک فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم ڕاگەیاندنی شەڕ بەدژی پیاوان نیە و بەدوای وەلانانی بەتەواوەتی پیاوان و دووپاتکردنەوەی دوولایەنەی ئەوەکە پیاوسالاری بەسەر ژنانی هێناوە، نیە. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە لەگەڵ خۆڕاگریی پیاوە نەریتییەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەگەر ژنان خوازیاری نیوەی بیاقی سیاسی و نیوە پۆستەکانی بڕیاردان بن، نەتەنیا هیچ زوڵمێکیان لە پیاوان نەکردووە، بەڵکو خوازیاری گەڕاندنەوەی مافی لەدەستچووی خۆیانن. بێشک جیهانی پیاوسالار حەزی بە گەڕاندنەوەی مافی زەوتکراو نیە. هەربۆیە پێم وایە ژنان دەبێ لە قۆناغی تەعاروف و شەرمنی تێپەڕ بن و داواکاریی خۆیان بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ بخەنەڕوو و لەسەری سوور بن. لەم پێناوەدا تەنانەت ژنانی ئەندامی حیزبەکانی ئێستاش دەتوانن خۆپێشاندان و مانگرتنی ئاشتیخوازانە بە پشتیوانی پیاوانی باوەڕمەند بە مافی یەکسانی، لە بەردەم دەفتەری سیاسیی حیزبەکانیان وەڕێ بخەن و پێداگریی لەسەر داواکارییەکانیان بکەن. ژنانی نووسەر دەتوانن لەم بارەوە زیاتر بنووسن و زانیاریی بڵاو کەنەوە.

گرنگە سەرەتا فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم بۆخۆمان پێناسە بکەین و ڕوونی بکەینەوە کە بەوردی لە کوێ ڕاوەستاوین؟ ئەگەر ناسیۆنالیزم لەباری توندی و تیژی لە سفرەوە بۆ دە پلەبەندی بکەین، بەشێوەیەک کە دە بە ناسیۆنالیزمێکی تەواو پیاوانە، توندڕەوانە و وەڵام نەدەرەوەی ژنان و کەسانی تر دابنێین و سفر بۆ نەبوونی بەتەواوەتی ناسیۆنالیزم بگەڕێنینەوە، لەوانەیە بتوانرێ فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم لە پلەی پێنجەم دابنرێ. نە زێدەڕۆیی کردن و نە درێخی کردن و کەمکاری. نە چاونەقاندن لەڕاست حەقیقەتێک و نە وەها پێیەوەنووسان کە بەچی شێوەیەک ڕاستییەکانی تر نەبینرێن و قبووڵ نەکرێن.

سوودی فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم لەوەدایە کە توێژێک لە ژنان توانایی سیاسیی خۆیان دێننەنێو مەیدانی سیاسەتی کوردییەوە. ژنانی کورد لە چەند بەشی کوردستان کە بەجۆرێک خاوەن کیانی سیاسیین، دەتوانن بە وەدەسهێنانی نیوەی دەسەلاتی سیاسی و مەیدانی سیاسی، توانایی گۆڕانکاری ئەرێنی لە تەواوی بوارە یاسایی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایینییەکان بە قازانجی یەکسانی ڕەگەزیی و لابردنی توندوتیژی لە تەواوی شێوازەکانیدا بەدەست بێنن. بە بەشداریی پەنجادەرسەدی ژنان، بەکردەوە پێویستیی هەبوونی یەکێتی و ڕێکخراو و سازمانە لاوەکییە سەرگەرمکەرەکانی ژنان لەو حیزبانەدا لەنێو دەچێ بە هەمان شێوە کە یەکێتیەکانی پیاوانمان لەو حیزبانەدا نیە. ئەگەرچی ژنانی ئێستای نێو حیزبەکان بەهیچ جۆرێک لە پیاوان کەم توانەتر نین کەچی زۆرن ئەو ئەندامە پیاوانەی کە پێویستیان بە بەهێزکردن هەیە. فمینیزە کردنی ناسیۆنالیزم لە تەواوی بەشەکانی کوردستان کە کیانێکی سیاسی دیاریکراویان نیە، چوونی ژنانی بەتوانا بۆ نێو گۆڕەپانی سیاسی هان دەدن. لەوانەیە بڕێک لەو ژنە کوردانەی کە ڕوانینی یەکسانیخوازانەیان هەیە بتوانن بچنە نێو پەرلەمانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و هەنگاوگەلێک لەپێناو باشترکردنی دۆخی کوردەکان و ژنان هەڵێننەوە. ئامادەبوونی ژنانی بەتوانا و پشت ئەستوور بە خۆ، نەک ژنانی گوێڕایەڵ و خزم، بۆ نیوەی مەیدانی ڕێبەرایەتیی سیاسی حیزبەکانی ئێستا، پێگە و سیما و بەرنامە و کردەوەی سیاسیی ئەو حیزبانە دەگۆڕێ و بەرەوپێشی دەبا. ژنانی کوردی هاووڵاتیی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکاییش بۆ بەشداریی سیاسیی زیاتر لە وڵاتانی شوێنی ژیانیان و هەنگاو هەڵێنانەوە بۆ خزمەت بە بردنەسەری ڕەوشی کوردەکان لە ئاستی جیهاندا هان دەدرێن.

لە ناسیۆنالیزمێکی ژنانەدا دەبێ بایەخ بەوە بدرێ کە لە دوو شتی جیاواز خۆ بەدوور بگیرێ. نەفرەت و نەخۆشیی خۆ بەکەم زانین / خۆبەزل زانین. ناتوانرێ هیچ نەتەوەیەک بە کەمتر یان باشتر دابنرێ. ڕوانینی خۆبەزلزانانە دەرحەق بە نەتەوەیەک و سووکایەتی پێکردنی بە بەکار هێنانی وشەگەلێک وەک هەژاریی فەرهەنگی، گەشەنەکردن و دواکەوتوویی ئابووری وەک کێبرکێی نادادپەروەرانەی ڕاکردنی مەیدانیی بۆ دوو ڕاکەرە کە یەکێکیان هیچ کۆسپێکی لەبەردەم نیە بەڵام لە بەردەم ئەوەی تردا دیوارێک دابنێ و چاوەڕوانیش بکا پێبەپێی ئەو ڕاکات! خۆ بە کەمترزانین لە نەتەوەیەکی دیکەش وەک ئەوە وایە کە ڕاکەری دووەم بە ئاگاداربوون لە نادادپەروەرییەکە، دەست لە هەوڵدان هەڵگرێ و خۆ بەدەستەوە بدا. لەحاڵێکدا هێشتا دەرفەتی ئەوە هەیە بە پشت بەستن بە خۆ و بەهرەوەرگرتن لە تواناییەکەی لە لەمپەرەکە ڕەت بێ و بگاتەوە ڕاکەری یەکەم. لە بابەتی دووەم واتە خۆ بەکەمزانین، ئەگەری بڵێسەسەندنی نەفرەت زۆر زۆرە. ئێمەی ژنان دەتوانین وەبیر خۆمان بێنینەوە کە بۆ دروستکردنی دنیایەکی دیکەی پڕ لە ڕێز و یەکسانیی کار دەکەین. ئەزموونی زۆرمان لە سیستەمی پیاوسالار هەیە کە بەڕێکەوت لەم ئەزموونانەدا کەموزۆر لەگەڵ ژنانی جیهان بەتایبەت ژنانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشێوەین. ژنانی دیکە ئەگەرچی لە نەتەوە ـ دەوڵەتەکانی دیکەن و ئەگەرچی ئاگایانە یان نائاگایانە لە بەرهەمهێنانەوەی ناسیۆنالیزمی پیاوسالارانەی نەتەوە ـ دەوڵەتەکانی خۆیان و لەبەرچاونەگرتن یان لەوانەیە پێشێلکردنی مافەکانماندا ڕۆڵیان هەبووە، بەڵام لە ژن بوون و ڕەنج کێشان لە هەڵاواردنی ڕەگەزایەتیدا لەگەڵ ئێمە هاوبەشن. ئێمە دەبێ بتوانین ئەوانیش لە گۆڕینی فۆرمی زێدەڕۆیانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی خۆیان هان بدەین. سۆشیال میدیا، وێبلاگەکان و نووسین لە ماڵپەڕ و ڕاگەیەنەکاندا ڕێگەی گونجاوە بۆ هێور کردنەوەی کەشی پڕ لە توندوتیژی و بەدوور لە لێک تێگەیشتن. لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆچوونە جیاواز و دژبەیەکەکان ڕێگەچارە توندوتیژی و سووکایەتی پێکردن نیە. لە بنەڕەتدا ئەگەر ئێمە بە لۆژیک تەیار بین بەوپەڕی ئارامییەوە بۆچوونەکانی خۆمان دەخەینەڕوو ئەگەر ١٨٠ دەرەجەش لەگەڵ بۆچوونەکانی تر جیاواز یان دژیەک بن و پێویستیش نیە حەتمەن یەکتر قانیع و ڕازی بکەین. بەکەمەوە ناسیارییەکمان لە بۆچوونەکانی یەکتر دەبێ کە دەتوانێ بۆ دەسپێکی گفتوگۆ و تێگەیشتنی دوولایەنە خاڵێکی باش و گونجاو بێ. توند پێکدادن و داخستنی دەرگەی گفتوگۆ لە نەبوونی لۆژیک و هەروەها ناکارامەیی توندوتیژیی کەلامییە. لەوانەیە داخستنی دەرگەی گفتوگۆ سادەترین ڕێگە بێ بەڵام باشترین ڕێگە نیە!

بۆ نموونە هەڵگرتنی لاپەڕەی «ئازادییە پەنامەکییەکانی ژنان» (٦) کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسی ئازا «مەسیح علینژاد» دامەزراوە و نووسینی کامێنتی پڕ لە گاڵتەجاڕی و سوکایەتیی بە ژنە نووسەرە فێمینستەکان لەسەر ئەو بنەمایە کە «بڕۆن لە قاوەخانەکاندا بەدزییەوە سەرپۆشەکانتان لابەرن و بەخۆشییەوە قاوە بخۆنەوە، بەڵام مەنووسن» بە دوور لە عەقڵ و لۆژیک و هەروەها فۆرمێک لە سەرکوتی ئاخاوتەیی دەزانم. ئەم شێوازە هەڵسوکەوتە لە نەناسین و تێنەگەیشتن لە بارودۆخ سەرچاوە دەگرێ کە هەر خودی ئێمە شکایەتمان لێی هەیە! یەکەم ئەوەکە مەسیحی عەلینژاد نە وەک فیمینیستێک و نە وەک چالاکێکی بزووتنەوەی ژنان، بەڵکو وەک هەواڵنێرێکی دەرخەری ڕاستیە شاراوەکانی نێو جەرگەی کۆمەڵگەی ئێران، وەها لاپەڕەیەکی خاوەن لایەنگری زۆری کردۆتەوە. ئەگەر ڕەخنەیەکتان لە چەمکی ئازادییە پەنامەکیەکان یان کاری مەسیح هەیە، بۆ دەبێ وەک کوتکێک لەسەری ژنە نووسەرە فێمینیستەکان بدرێ کە لەوانەیە هاوڕا، بێلایەن یان تەنانەت دژی ئەو کارەی مەسیح بن؟ لەلایەکی دیکەوە گاڵتەکردن بە ئازایەتییەکی بە بڕوای ئێوە بچووک چ جیاوازییەکی لەگەڵ سووک سەیرکردنی ئازاییەتی پڕ لە ئێسترێسی وەک چەکداربوون و شەڕکردنی ژنانی کورد هەیە؟ ئێوەش خەریکن هەر ئەو هەڵەیە دووپات دەکەنەوە! ئەگەر کەمێک لە گەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگە شیعە مەزهەبەکانی ئێران بەتایبەت لە شارستانەکان ئاشنا بن، دەبینن کە حیجاب تابۆیەکی قورس و گرانە کە شکاندنی لە زەینی کچان و ژنانێک کە لە نۆ ساڵییەوە بۆ پۆشینی هان دراون یان ناچار کراون، کارێکی ئاسان نیە و ئازایەتی دەوێ. پەرەپێدانی ئەم ئازایەتییە تابۆشێکێنەرانە، بەهێزکردنی جۆگەڵەی ڕەوانی گۆڕانکارییە قووڵ و لەسەرەخۆکانی کۆمەڵگەیەکە کە خودی ئێوە لە بارودۆخی ئێستاکەی ڕازی نین. کەوایە بۆچی گاڵتە بە هەوڵێک دەکەن کە لەپێناو گۆڕانکارییدا دەدرێ؟ مەگەر لە ئیسفەهاندا بۆ کەمێک شلترکردنەوەی حیجاب، توندڕەوەکان ئەسیدیان بە دەموچاوی کچاندا نەکرد؟ سوتاندنی ژنان بە ئەسید چ جیاوازییەکی لەگەڵ کوشتن و دەستدرێژی کردنە سەر ژنان لە بەرەکانی شەڕدا هەیە؟ ئەوانەیکە بە گاڵتەپێکردنەوە، کۆمەڵگەی تارادەیەک ئازادتری کوردستان لەباری حیجابەوە لەگەڵ کۆمەڵگە داخراوترە مەزهەبییەکانی ئێران بەراورد دەکەن، تووشی هەمان هەڵەیەک دەبن کە لەم دواییانەدا لە بەراوردی بارودۆخی ئاشتی و هەلومەرجی نائاسایی شەڕ و پێویستیی بەرگریی لەخۆ، لەلایەن نووسەرە فێمینیستەکانەوە هاتۆتە کایەوە. هەڵسەنگاندن و دادوەری کردن بەبێ ناسین و تێگەیشتن لە بارودۆخی یەکتر! نەبوونی ئاگایی و تێنەگەیشتن ڕاست ئەو شتەیە کە لە فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزمدا دەبێ دووری لێ بکرێ.

بەڵام چ گرەنتیەک هەیە کە ژنان بە وەرگرتنی لەسەدا پەنجای بیاقی سیاسی و ڕێبەرایەتیەکەی و فێمینیزەکردنی کەشی ناسیۆنالیستی زاڵ، توندوتیژ نابن؟ بەکردەوەوەها گرنتیەک نیە مەگەر بڕیاری ئاگایانەی ژنان لەسەر پەیمانێکی ئەخلاقی کە وشیارانە لە توندوتیژییان دوور دەخاتەوە. بۆ گرەنتییەک نیە؟ ئەگەرچی ژنان بەگشتی ڕوحییەی لەسەرخۆی و ئاشتیخوازییان هەیە، بەڵام ئێستاش ژنی وا هەن کە زۆر توندوتیژ دەبن. هەبوونی بابەتگەلی وەک هەوڵەکانی ژنانی سیاسی بۆ وەلانانی ژنانی سیاسی نەیار یان سەربەخۆ، چەواشەکردن و زەوتکردنی مێژووی بزووتنەوەی فێمینیستیی ژنانی کورد بە قازانجی کەس یان ڕێکخراوی سیاسیی خۆیان، یان وەک نموونە لە ئاستی کۆمەڵایەتی، هەبوونی بابەتەکانی ئازاردانی منداڵان بەدەستی ژن/ دایک بەڵگەی ئەم ئیدیعایەن. پێم خۆش نیە ئیلاهەیەکی بێکەموکوڕی لە ژن دروست بکەم کە وادەی سازکردنی بەهەشتێکی بەرین لەسەر زەوی دەدا. ژنان هەنووکەش بەڕادەی پێویست لە دەسەڵاتی سیاسی و ناوەندەکانی بڕیارداندا نەبوون کە بتوانرێ ئامارێکی دروست لە چۆنییەنی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدارییان بخرێتەڕوو. لەلایەکی دیکەوە نەبوونی وەها ئەزموون و ئامارێکیش هۆکارێک بۆ نیگەرانی لە داهاتوو و پێشگرتن لە ژنان بە گومانی ناکارامەیی و توندوتیژی نیە. ئێستا لەو بابەتە کەمانەی کە ژنان دەسەڵاتیان هەبووە، زیاتر ئاشتیخواز بوون بەڵام نموونەی وەک مارگاریت تاچێریش لە مێژووی دەسەڵاتداریی ژنان بەرچاو دەکەون.

سەرچاوەکان:


١. Fa.wikipedia.org/wiki

٢. Fa.wikipedia.org/wikiفمینیسم

٣. www.aftabir.com/articles/view/applied_sciences/social_science/feminism_nationalism__c١٢c١٢٢٤٣٢٠٦٢٨php.p١فمینیسم ـ یا ـ ناسیۆنالیسم

٤. www.kurdishfeminists.com/more.php?id= ٧٩٥

٥. www.zannegaar.net/content/٤

٦. www.facebook.com/StealthyFreedom


**د.ئەحمەد ئابڵاخی:**

# زمانی کوردی زمانێکی پاراوە بۆ وەرگێڕان و دەتوانێ خۆی لەبەکار هێنانی وشەی نامۆ بپارێزرێت

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

ئا: مادح ئەحمەدی

**ئاماژە: ئەزموونی وەرگێڕان لە کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک کەندوکۆسپ بەرەوڕوویە. هەر کەس لە ڕوانگەیەکەوە دەڕوانێتە کەندوکۆسپەکان و خوێندنەوەیان بۆ دەکات. ڕەنگە کۆی ڕوانگەکان بتوانن یارمەتیدەر بن لە دۆزینەوەی ڕێگا چارەی پێویست بۆ کەمکردنەوەی کەموکوڕییەکان. ئەوەی لە کوردستان لە پانتای وەرگێڕان و زماندا دەبینرێ لە ڕووی مەعریفییەوە کاریگەریی نەرێنیی داناوە و ئاڵۆزییەکی دروست کردوە کە زۆر کەس پێیان وایە ئەم ئاڵۆزییە سروشتییە و بێژنگی ڕۆژگار بەرهەمە خراپەکان ئەخاتە لاوە و بەرهەمە ناوازە و باشەکانیش بۆ هەمیشە ئەمێننەوە. بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە کەسانێکیش پێیان وایە ئەم دۆخە بەرهەمی بێسەروبەرەیی و بێ پلانییە و لایەنە پێوەندیدارەکان بە بەرپرسیار دەزانن. لە پێوەندیی لەگەڵ گرفتەکانی بواری زمان و وەرگێڕان لە کوردستان پێویستە ئەو کەسانەی لەو مەیدانەدا ئەزموونێکیان هەیە، قسەیان لەگەڵ بکرێ و لە ئەنجامی ئەم قسەو باسانەدا بەرەو ئەو ئاراستەیە بچین کە کەموکوڕییەکان و گرفتەکان زیاتر بناسین و بە بەرچاڕوونی زیاترەوە هەوڵ بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنیان بدەین. دوکتۆر ئەحمەد ئابڵاخی جگە لە ئەزموونی نووسین لە بواری وەرگێڕانیشدا ئەزموونی هەیە و چەند بەرهەمێکی کردووە بە کوردی کە شانۆنامە و چیرۆک و هەروەها چەند بەرهەمێکی دیکە لە بواری هزری چەپدا، لە خۆ دەگرێ. بۆیە لە پێوەندیی لەگەڵ زمان و وەرگێڕان و ئەزموونی وەرگێڕان، ناوبراومان دواندووە.**

**«ئەحمەد محەمەد ئابڵاخی» ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە و دواتر چووتە بەغدا و لە زانکۆی ئەوێ درێژەی بە خوێندن داوە. هەروەها لە لۆبنان لە ژمێریاریدا دوکتۆرای وەرگرتووە. د.ئەحمەد ئابڵاخی جگە لە زمانی کوردی، شارەزایی لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیشدا هەیە و چەند بەرهەمێکی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و وەک نووسینیش خاوەن چەند کتێبە. سەرجەم بەرهەمە نووسراو و وەرگێڕاوەکانی ناوبراو بریتین لە: وەرگێڕان: ١ـ لە چاوەڕوانی گۆدۆدا ـ شانۆگەری ـ نووسینی: سامویل بکێت، ٢ـ مرۆڤە ترسناکەکان، کۆمەڵەی چیرۆک، نووسینی: چیرۆک نووسی سووری « یاسین روفاعیە «، ٣ـ نامەیەک بۆ هاوڕێ، نووسینی: لینین، ٤ـ ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵدا، نووسینی: لینین، ٥ـ ئەلف و بێ کۆمۆنیستی، نووسینی: برژنسکی، ٦ـ بەرەو هەڵسانەوەیەکی سەرلەنوێ چەپ، نووسینی: کەریم مروە. نووسین: ١ـ بەهار و نێرگز و چاوەکانت ـ کۆمەڵە شێعر، ٢ـ لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی خیام ـ لێکۆڵینەوە، ٣ـ تەبایی، شانۆنامە**



**جیاوازی نێوان وەرگێڕانی دەقێکی شانۆیی و چیرۆک ( کە هەردووکیان دەقی ئەدەبین) لەگەڵ وەرگێڕانی دەقێک لە بواری بیری چەپدا کە بەڕێزت کارت لەسەر کردووە، لە چی دایە؟ وەرگێڕانی کامیان بە دەستەوەتر و ئاسانترە؟**

**د.ئەحمەد ئابڵاخی:** پرسیارێکی زۆر بە جێیە، ئەو بوارەی کە کاری وەرگێڕانی تێدا ئەکەیت، جگە لە شارەزایی لە هەردوو زمانەکەدا لە بابەتەکەشدا پێویستی بە شارەزایی هەیە. کەسێک شێعرێک وەرئەگێڕێت، ئەبێ بزانێ پرەنسیپەکانی شێعر نووسین چییە؟ (وەک وێنەی شێعری و مۆسیقای شێعری و زمان پاراوی). چیرۆک و شانۆنامە هەرچەندە دوو بابەتی ئەدەبین، بەڵام کارکردن تیایاندا جیاوازە، بۆ نموونە شانۆنامە بریتیە لە گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان کە زۆر جار زمانی گفتوگۆ جیاوازە لە زمانی نووسین، هەروەها پێویستە کۆتایی هێنانی قسەی کەسێک، وەرگرتنەوە، یان وەڵامدانەوەی کارەکتەری بەرانبەر ڕەچاو بکرێ. چیرۆکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەک دیالۆگە ناوخۆییەکان و سەردێڕی ڕووداوەکان و زۆر شتی تر، بۆ نموونە ڕەنگە لە چیرۆکێکدا هاتبێت: ( ... لەبەر خۆیەوە ئەدوا و بیری لە ڕابردووی خۆی و خێزانەکەی ئەکردەوە ...). ئەم دێڕە لە شانۆدا نانووسرێ، چونکە کاراکتەر ناتوانێ لەسەر شانۆ ئەوە جێبەجێ بکات. لەبەر خۆیەوە ئەدوێ و بینەر گوێی لێ نابێ یا بینەر چۆن و بە چیا بزانێ ئەو بیری لە ڕابردووی خۆی و خێزانەکەی ئەکاتەوە. بەشی دووەمی پرسیارەکەت کە جیاوازی ئەمانە لەگەڵ بابەتی سیاسیدا چییە؟ زۆر دەستەواژە و زاراوە هەیە کە لە بابەتی سیاسیدا بەکاردێ ولە بابەتی ئەدەبیدا نییە و وەرگێڕ پێویستی بەو زانیارانە هەیە. دەنا وەرگێڕ زۆر بە ئاسانی ئەکەوێتە هەڵەوە و ناتوانێ پەیامەکە بە دروستی لە زمانی سەرچاوە بۆ زمانی مەبەست بگوازێتەوە. بەم پێیە هەموو ئەو بوارانەی کە کاری وەرگێڕانی تێدا ئەکرێ، پێویستە وەرگێڕ شارەزایی تێدا هەبێت. بۆ نموونە من ناتوانم بابەتێک لەسەر کیمیا یان ماتماتیک وەربگێڕم، چونکە شارەزایم لەو بوارانەدا لەو ئاستەدا نییە کە دەقێکی پێ بکەم بە کوردی.

**جیا لە وەرگێڕان بۆ خۆشتان کۆمەڵێک بەرهەمتان هەیە. یەکێک لەو بەرهەمانە کۆمەڵە شێعری « بەهار و نێرگز و چاوەکانت «ـە، دەمەوێ بپرسم جەنابت کە شێعریشت هەیە، ئەی بۆ شێعرت وەرنەگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی؟ یان لە بنەڕەتدا ئێوەش وەک ژمارەیەک خاوەن ڕای دیکە لەگەڵ وەرگێڕانی شێعردا نین؟**

**د.ئەحمەد ئابڵاخی:** دەقاو دەق وایە، من لەگەڵ وەرگێڕانی شێعردا نیم. هەرچەندە هەندێک شێعریشم وەرگێڕاوە و بڵاویشم کردووەتەوە. بۆ وێنە سێ تا چوار شێعری «نزار قەبانی»م کردووە بە کوردی. شێعر خەیاڵێکی چڕی شاعیرە کە ناکرێ سەد لە سەد خەیاڵەکەی من وەک شاعیرەکە بێت. من بۆ خۆم لە نووسینی شێعردا سەرکەوتوو نیم و ڕازی نیم لەو شێعرانەی کە نووسیومن، بەڕای من کەسێکیش شاعیر نەبێ ناتوانێ شێعر وەربگێڕێت. دەبێ ئەوەی شێعر وەرئەگێڕێتەوە پارێزگاری لە تام و چێژی دەقە شێعرییە وەرگیراوەکە بکا. زۆر جار لەگەڵ هاوڕێ ڕەخنەگرەکانم کە شێعرێکی بێ تام و چێژ ئەخوێنینەوە ئەڵێین:»ئەڵێی شێعری وەرگێڕراوە». ڕاستە کە شێعر وەرئەگێڕیت بە ئامانەتەوە پارێزگاری لە گەیاندنی ئایدیای شاعیرەکە ئەکەیت، بەڵام زەحمەتە بتوانی پارێزگاری لە تام و چێژەکەی بکەیت.

**هەست دەکرێ لە وەرگێڕاندا زیاتر شێوازی وەرگێڕانی « وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستە « بەکار دێنن و خۆتان لەو شێوازە وەرگێڕانە بە دوور دەگرن کە ناوەڕۆکی دەق لە زمانی سەرچاوە وەردەگرێ و بە زمانی مەبەست دایدەڕێژێتەوە. ئایا ئەم تێڕوانینەتان بەرانبەر بە وەرگێرانەکانت قبووڵە؟ ئەگەر وایە**

ل ١١

کوردستان

ئەدەب و هونەر

ژمارە: ٦٤٥

١٥ی سەرماوەزی١٣٩٣

٦ی دێسامبری ٢٠١٤

### وتوویژی بەشی ئەدەب وهونەری رۆژنامەی کوردستان

## لەگەڵ نووسەرو وەرگێرولێکۆڵەری ئەدەبی «م. ئاران» لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە

**عەلی لەیلاخ: سەرەتا پێمان خۆشە کورتەیەک لە ژیانی هونەریی خۆتت بۆخوێنەرانمان باس بکەیت؟ لەکەیەوە بە جیدیی چالاکیی ئەدەبیت دەسپێکردوە؟**

هەر لە تەمەنی ١٣-١٤ ساڵیمەوە بە هۆی ئەو کتێبەکوردیانەی لە ماڵماندا هەبوون، بە خوێندنەوەی کوردی ڕاهاتووم بە تایبەت چوارینەکانی خەیام و بۆ کوردستانی هەژار زۆریان کار تێکردووم. دواتر بە گۆڤاری سروە و دواتریش بە مەهاباد ئاشنا بووم. ساڵی ٨٦ کۆمەڵە شێعرێکم بە ناوی «یەکەم ئەوین و دوانیشتمان» لە چاپ دا و ئێستاش دووهەم بەرهەمم ناردووە بۆ ئێزننامەی ئێرشاد بە ناوی « منیش ڕادێم بە بێتۆیی». ناوەناوەش کاری وەرگێڕانی شێعر و کتێبیش دەکەم و ئێستاش ماوەیەکە لەسەر مامۆستا هەژار دەنووسم.

**عەلی لەیلاخ: بەڕێزت لە چەند بواری جیاجیای ئەدەبیاتدا هەڵسووڕی وەکوو هۆنینەوەی شێعرو وەرگێرانی ئەدەبی ولێکۆڵینەوەی زمانی، بەڕای جنابت ژانرە ئەدەبییەکان بەیەک گرێدراون؟ ئایا نووسەرێک دەتوانێ لە چەند بواردا سەرکەوتووبێ؟**

کە ژیان ئاوێتەیەکە لە بیروهەستی جیاواز، ئەدەبیات و بە گشتی هونەریش ئاوێتەیەکە لە ژانرگەلی جۆراوجۆر کە پێکەوە پێوەندیان هەیە بە تایبەت لەم چاخەدا کە دنیا بۆتە دێیەکی بچووک. ئەوەی کە نووسەرێکیش بتوانێ لە چەند بواردا سەرکەوتوو بێت دەگەڕێتەوە بۆ توانایی و تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی خودی نووسەرەکە.

**عەلی لەیلاخ: وەکوو کەسێک کە ئەزموونی وەرگێرانی شێعرت هەیە،چ ئاستەنگ وگرفتێک دەبینی لە کاری وەرگێڕانی شیعر؟ ئایا بڕوات بەمە هەیە کە وەرگێرانی شێعر زۆر جار جەفاکردنە لە خودی شیعر! مەبەستم ئەوەیە یان بە هۆی ناشارەزایی وەرگێڕەکە یان جیاوازیی زمانی و فەرهەنگی زۆر جار وەرگێڕانە شێعرییەکان سەرکەوتوو نابیندرێت، جەنابت چۆن لەم پرسە دەروانی؟**

گرفتی کاری وەرگێڕان گەلێک زۆرە بەڵام وەرگێڕان جەفاکردن نییە لە دەق و بە کارێکی نەلواو و نەکراوی نازانم. شێعرگەلێک هەن کە چێژەکەیان لە بیچم و هێمی زماندایە، ئەوانە بەڵێ بۆ وەرگێڕان ناشێن، بەڵام زۆربەی شێعرەکان وەها نین. قۆناغەکانی وەرگێڕان ئەمانەن:١- تێگەیشتنی دروست و تەواو لە دەقی سەرەکی .٢- دۆزینەوەی وشە و دەستەواژە و پەند و زاراوەکانی هاوتا - کە شێوازی وەرگێڕان کاریگەری دەبێت لەسەر شێوەی هەڵبژاردنیان- ٣- ڕاگوێستن و پاراستنی ئەم وشە و دەستەواژانە بە شێوەیەک کە کێش و مۆسیقای دەروونی و بیچم و هێمی شێعرەکە هەڵبگرێ. ئەگەر وەرگێڕانێک نەیتوانیوە سەرکەتوو بێت هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گرفتێک کە لە یەکێک لەم سێ قۆناغەدا پێش هاتووە.

**عەلی لەیلاخ: هەر لەسەر مەسەلەی وەرگێڕان، وتەیەک هەیە کە وەرگێڕان وا چاکترە کە دوو لایەنە بێت. یان بەو ڕادەیە کە پێویستە ئێمە لە هونەری ئەدەبی گەلانی دیکە لە ریگەی وەرگێرانەوە ئاشنا ببین، هەر بەو ڕادەیەش بگرە زیاترە دەبێ ئەدەب و شێعری کوردییش بە نەتەوەکانی دیکە بناسێنین.لەم بارەوە چەندە کار کراوە؟**

ئەم دوو کارە لێک جودان و پێکەوە پەیوەست نین. هەست بە هیچ لاوازییەک ناکەم لە بواری وەرگێڕان لە کوردی ڕا بۆ زمانێکی دیکە و پێم وایە تا ڕادەیەکی باشیش ئەم کارە کراوە بە تایبەت لە کوردی ڕا بۆ فارسی.

**عەلی لەیلاخ: بەڕێزت خاوەنی بەرهەمی شێعریت. بەتایبەتی ئەمە کە سەرقاڵی بە دانانی دووبەیتیت، لە ئەمرۆکە زۆربەی شاعیران هۆگری شێوازی نوێی شێعرین، ئەم واز نەهێنانەی کەسانێک وەکوو بەڕێزت لە قاڵبە کلاسیکەکان وەکوو(غەزەڵ، دوو بەیتی...هتد) بەجۆرێک هەست بە بۆشایی کردنە لە نەبوونیان یان هەر ویست و حەزی خۆتانە؟**

یەکەم حەز و ویستی تاکەکەسی خۆمە و دووهەم لەبەر هەست بە بۆشایی کردن و سێهەمیش لەبەر ڕەچاوگرتنی ئەم خاڵە گرینگەیە کە: شێعر، چەشنی ئاوە کە سەرچاوەی ژیانە و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ناگونجێت. نوێترین بیر دەکرێ لە کۆنترین بیچمدا دەربکەوێ و کۆنترین بیرۆکەش دەتوانێ لە نوێترین بیچمدا وەڕێبکەوێ. بنەما سەرەکییەکانی شێعر بە بڕوای من ئەوانەن: بیر، هەست، خەیاڵ، زمان، بیچم کە ئەوانە دەسووڕێنەوە بە دەوری شێعرێکدا و ڕادەی دوور و نزیکیان بە ناوەند لە هەر شێعرێکدا جیاوازە و کێش و مۆسیقا و قەریحە و ئەزموون بە مەودایەکی دوورتر دێنە ئاراوە. هەرکام لەم بنەمایانە تازەکرێنەوە شێعریش تازە دەبێتەوە. بڕوایەکی دیکەشم هەیە ئەویش تاقانە بوونی بیچمە بۆ شێعرێکی تایبەت. جاری وا هەیە باشترە هەست و خەیاڵێک بخرێتە چوارچێوەی کێش و سەروا و جاری واش هەیە باشترە بیچمێکی نوێی بۆ دابڕێژرێ کە پێوەندی هەیە دیسان لەگەڵ تواناییەکانی نووسەر.

**عەلی لەیلاخ: زۆر جار لە تۆرە کومەڵایەتییەکان وەکوو فیسبووک، کە هەڵێکی ڕەخساندووە کە بەرهەمی قەڵەم بەدەستانی چینی تازەکارو لاو بکەوێتە بەردیدەی خوێنەران. دەبینین کە هێندێک نووسەری کورد بە فارسییش شێعر دەنووسن، کە گلەییان لێدەکرێت ئەیژن: ئێمە ڕەنگە بەفارسی بنووسین بەڵام فیکریەتمان کوردییەو، هونەر زمان ناناسێت و تەنانەت دەمانهەوێت لە ریگەی زمانەوە دەنگی خۆمان بە گوێ ئەوان(فارس) بگەینین.. ئەمەت بەلاوە کارێکی دروستە؟ یان پاساو هێنانەوەیە و بەسووک زانینی زمانی کوردییە؟**

گەرەکت بێ ڕاشکاوانە وەڵامێکی ڕاستەوخۆ ڕۆبنێی ناکرێ....بە ڕاستی کارێکی گرانە. هەم کەڵکی هەیە و هەمیش زیان، بەڵام وا وێدەچێ کە زیانەکانی زیاتر بن. ئێستا تەنیا بە سەرچڵی ئاماژە بۆ کەڵک و زیانەکان دەکەم: دەکرێ بەم شێوەیە خێراتر دەنگی خۆمان بە درواسێکان ڕابگەیێنین کە هەڵبەت ئەوە وریایی و لێزانی و زاڵبوونێکی زۆری پێدەوێ بە سەر هەر دوو زمانەکە دا و بە تایبەت ئاگاداربوون لە خواستی نەتەوەی خۆت و چۆنێتی خوێندنەوەی تۆ لە لایەن بیانییەکانەوە. بەڵام زیانەکانی زیاترە کە ئەمانەن:١- زمانەکەی خۆت پشتگوێ دەخرێ.٢- ڕەنگە ئەم کارەی تۆ شەپۆلێکی ئەدەبی لە زمانی بیانیدا وەڕێبخا کە دەکرا ئەم شەپۆلە بۆ زمانەکەی خۆت بێت.٣- ئاستی فام و مشووری نەتەوەیی و نیشتمانی گەلەکەی خۆت دادەبەزێ و بەو ڕادەیەش ئی گەلەکەی‌تر وەسەر دەخەی....جاری وا هەیە قازانجێک هێندە زۆرە کەسێ زیانەکە وەپاش دەخات و جاری واشە ئەم قازانجە هێندە بچووکە کە بە نیوەزیانێکیش دەبژێردرێ. دەتوانین هەڵسەنگاندنێکی مێژوویش بکەین و بپرسین ئایا تا ئێستا بە فارسی و عەڕەبی نووسینی کوردان کەڵکێکی ئەوتۆی لێکەوتۆتەوە؟

**عەلی لەیلاخ: بەڕێزت ماوەیەکە خەریکی وە بیر هێنانەوەولێکۆلینەوە و شێ کردنەوەی زمانی ئەدەبی وهونەریی مامۆستا هەژاری مۆکریانیت، چ شتێک بۆتە هۆکاری ئەم خۆ ماندووکردنە، یان چ کەموکوریەک لە زمانی ئەمرۆی کوردیدا دەبینی کە بە لەبەرچاوگرتنی ژێرخانی زمانوانی کەسانێک وەکوو مامۆستا هەژار، قەرەبوو دەکرێتەوە؟**

هەژار بە باشی لەناو ئێمەدا جێنەکەوتووە....

زمانی هەژار، چوارچێوەی پتوون و پتەوی ئێستای زمانی کوردییە. هەژار لەبەر گەلێک قسە و باسی بەرتەسکی حیزبی و سیاسی پشتگوێ خراوە و وەبن سێبەری هەندێک کەسایەتی دیکە کەوتووە کە نە وەک ئەو شارەزای زمان و ئەدەب بوون و نە شێعریان دەگاتە ئاستی ئەو. بە بڕوای من هەژار بێ کەموکووڕییە. هەندێک کەس دەڵێن هەژار ئەدیب بووە و شاعیر نەبووە یان هەژار شێعری لاوازە یان هەژار، هەستی بەرز نییە، ئەوانە قسەی بێ‌بنەمان، ئەوانە هەژاریان نەخوێندۆتەوە و نەیانناسیوە دەنا چوارینەکانی هەژارانەی خەییام بۆ هەمووومان ئاشکرایە و دەزانین کە ئەگەر کابرا خۆی شاعیرێکی لێهاتوو نەبێت چۆن دەتوانێ وەرگێڕی لێهاتووی شێعر بێت؟ بە داخەوە لەبەر نەبوونی میدیا و مەدرسەی ئازاد و خۆماڵی ڕستە و وشە و قسەکانی هەژار نەکەوتوونە سەر زاری خەڵک و نەبوون بە زاراوە و پەند. من بۆ کوردستان وەک گوڵستان دەخەملێنم هەم بۆ فێربوونی کوردی و هەمیش کوردایەتی.

**عەلی لەیلاخ: بۆ دوایین پرسیار شێعروئەدەبی رۆژهەڵات بە نیسبەت پارچەکانی دیکەی کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو بەربەست و لەمپەرانە کە لەسەر رێ قەڵەمی کوردی دا هەیە لە ئیران، بەرێزت چ لە ئاستێکدا دەیبینی؟**

زۆر باش؛ ئەدەبیات لە تەنگانەدا من پێم وایە باشتر خۆ دەکێشێتەوە. پێشم وایە ئەو پێشکەوتنەی لە ڕۆژهەڵات ڕوویداوە لە شێعری کوردیدا لە باشوور بەدی ناکرێ... نووسەرانی ڕۆژهەڵات زۆر زیاتر سەرنجیان داوەتە کێشەی زمان لە شێعردا.

زۆر سپاس لە بەرێزتان

بە هیوای سەرکەوتنی زیاتر،

دریژەی:

## د.ئەحمەد ئابلاخی: زمانی کوردی زمانێکی پاراوە بۆ وەرگێڕان و دەتوانێ خۆی لەبەکار هێنانی وشەی نامۆ بپارێزرێت

**هۆکارەکەی چیە؟**

**د.ئەحمەد ئابلاخی:** کاری وەرگێڕانی وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستە مەگەر هەر بۆ فەرهەنگ دەست بدات. من بۆ خۆم لە وەرگێڕاندا مەبەستم ئەوەیە بیر و باوەڕی نووسەرەکە بگەیەنم بەتایبەتی لە بابەتی سیاسیدا، لەبەر ئەوە چ کارم بەسەر وشە و ڕستەوە نییە، تەنانەت خاڵ بەندیەکانیش ئەگۆڕێت، جاری وا هەیە من لەکاری وەرگێڕاندا تووشی ئەوە بووم تەنیا وشەیەکی سەرەکی بە دێڕێ دوو دێڕ گوزارشتی لێ بکەم تا بتوانم خوێنەر بەباشی لێم تێ بگات و لە مەبەستی نووسەرەکەش بگات. ئەمە بۆ خۆی ئامانجی کاری وەرگێڕانە. هەر ئەمەش وای کردووە جاری وا هەیە پەرەگرافێکی نیو لاپەڕیی وەرئەگێڕیت کەچی لاپەڕەیەک یا زیاتر ئەگرێتەوە. ئەو جۆرە وەرگێڕانە (واتە وشە بە وشە یا ڕستە بۆ ڕستە) تەنانەت بۆ تابلۆی ناونیشانی فەرمانگەیەک یا کۆمپانیایەکیش نابێ. هەر بۆ نموونە هەندێک لەو وەرگێڕانانە وەرئەگێردرین زیاتر بۆ پێکەنین وەک ئەوەی «مصلحه المبیعات الحکومیه» کراوە بە «بەرژەوەندیی فرۆشتنی میری». ئەمە نازانم یانی چی؟ «میری» ئەفرۆشرێت؟ ئەبوایە بکرایە بە «دەزگای فرۆشتنی سەر بە میری»، یان «دەزگای فرۆشتن تایبەت بە میری»، یا بەهەر شێوەیەکی تر گوزارشتی لێ بکرایە، یان لە نەخۆشخانەکان «وحده الباگنیه الاولی» کراوە بە «یەکەی هەناوی یەک» کە دەبوو بە کوردییەکی جوان بنووسرابایە. بۆ نموونە بکرابایەتە «بەشی هەناو ژووری یەک»، یان «بەشی یەکەم بۆ نەخۆشییەکانی هەناو». بەم جۆرە ئەمە جیاوازی وەرگێڕانی وشە بە وشە، یان ڕستە بە ڕستەیە کە لە مەبەست دوورت ئەخاتەوە و وەک پێویست نایەت بە دەستەوە.

**بەڕێزتان دوکتۆراتان لە بواری ژمێریاریدا وەرگرتووە. ئەم بوارەش یەکێک لەو بوارانەیە کە کورد کاری تێدا نەکردووە و تەنیا چەند کەسێک هەوڵیان داوە کە تێرم و زاراوەکانی ئەو بوارانە بکەن بە کوردی، ئەوەندەی دەبینرێ زۆربەی ئەو تێرم و زاراوەگەلەی کە لەو بوارەدا بەکار دەبرێن وشەی داتاشراوی کوردی نین و لە زمانەکانی دیکە وەرگیراون. دەمەوێ بپرسم بۆ بەڕێزتان لە بوارەکەی خۆتاندا وەرگێڕانتان نەکردووە کە کورد زۆری پێویست پێیەتی؟**

**د.ئەحمەد ئابلاخی:** زمانە زانستییەکان وەک ژمێریاری، کیمیا، ئەندازیاری و پزیشکی ئاسان نین بکرێن بە کوردی. هەر چەندە مامۆستای بەڕێز «جەمال عەبدول» فەرهەنگێکی کیمیایی داناوە، بەڵام لە کتێبەکاندا زۆر دەستەواژە و زاراوە هەیە کە زانستین و هێشتا لە بەرانبەریاندا لە زمانی کوردیدا وشەمان نییە، بۆیە ئەبێ وەرگێڕ خۆی وشەی بۆ دابتاشێ، کە ئەمەش ئاشنا نابێت بە ژمێریاران یا پزیشکان یا ئەندازیاران. هەر وەک نموونەیەکی بچووک لە زمانی ژمێریاریدا لای ڕاستی حسابێکی ژمێریاری پێی ئەوترێ «من» یا»مدین» و لای چەپیشی پێی ئەوترێ «الی» یا «دائن» کە ئەم مەدین و دائنە قەرزار و قەرز دەر نین بەمانای ژمێریاری تاکو بە کوردی لە بەرانبەریان دابنرێت. دەتوانین دەیان نموونەیەی لەم چەشنە باس بکەین. ئەمانە هەموو گرفتن و پێویستە دەزگایەکی زمانەوانی بە هاوئاهەنگی و کۆدەنگی ئەو زاراوە زانستیانە بکەن بە کوردی و بانگەشەی بۆ بکەن و بە گوێی خەڵکی ئاشنا بکەن. لێرەدا مەبەستم لە خەڵک، خەڵکی زانکۆکان وخوێندکارانە. ئەوجا دوای ئەوە وەرگێڕەکان ئەتوانن کاری لەسەر بکەن و پشت بەو بڕیارەی ئەو دەستە زمانەوانییە ببەستن، چونکە ناکرێ هەر کەسە و یا هەر وەرگێڕەو بە ئارەزووی خۆی وشە بۆ ئەو زاراوانە داتاشێ و گێژاوێکی زمانەوانی و لێک حاڵی نەبوون دروست ببێت.

**ژمارەیەک لە وەرگێڕەکان گلەیی و ڕەخنەیان لە چۆنیەتی مامەڵە کردنی دەزگاکانی وەرگێران و چاپ و بڵاوکردنەوە هەیە، ئێوە چۆن دەڕواننە چۆنیەتی مامەڵە کردنی ئەو ناوەندانە لەگەڵ وەرگێڕەکان و دەقەکانیان؟**

**د.ئەحمەد ئابلاخی:** ئەو دەزگایانەی کەسانی فەرمانبەری تێدایە، نەک پسپۆڕی وەرگێڕان کە هیچ کاری تریان نەبێت و بە بەرنامە خەریکی وەرگێڕان بن. ئێستا وای لێ هاتووە کە خەڵکی بۆ خۆیان و بە ئارەزوی خۆیان بابەت وەرئەگێڕنەوە و ئەدرێت بەو دەزگا و ناوەندانە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ئیتر یا پێدا ئەچنەوە، یا ئەیدەنە کەسێکی دەرەوەی دەزگاکەیان بۆیان پێدا بچێتەوە، ئەوە بابەتێکی دیکەیە. دیارە لە لایەکیشەوە ئەوانیش ناهەقیان نییە و کەموکورتی زۆرە و نەپلانێکی ڕوون و ئاشکرایان لەبەردەمایە و نە بودجە ودەرماڵەیەکی وایان هەیە کە وەڵامدەر بێ. کەموکورتیش لەوانەدا بە دوای خۆیدا تەگەرە و ئاستەنگ دروست ئەکات، ئەگەر من بەرپرسی دەزگایەکی وابم و دەستەڵاتم هەبێ و خۆم بەرنامەڕێژی بکەم و خۆم خەڵکی بۆ دابمەزرێنم و پارەشم لەبەردەستدا بێت، ئەو کاتە کۆمەڵێک وەرگێڕی باش بە مووچە و دەرماڵەی باش دائەمەزرێنم کە جگە لە وەرگێڕان کاری دیکە نەکەن. ئەوسا بە پێی پلانێکی باش و بە ڕاپرسی کەسانی شارەزا دەیان کتێبی دانسقە و نایابم لە زمانەکانی دیکەوە وەک ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، فەرەنسی، ئەڵمانی، تورکی و... هەڵئەبژارد و بەپێی تایبەتمەندی وەرگێڕەکە لە زمانەکاندا دابەشم ئەکرد بە سەریاندا و ماوەم بۆ دیاری ئەکردن کەلە ماوەی ئەوەندەدا وەک ئەرکێکی فەرمی ئەبێ تەواوی بکەن و چاپخانەی باشم دا ئەنا و بە دیزاین و نەخشەسازی و تایپیست و هەموو پێداویستییەکانی ترەوە باشترین کارم دەکرد و لە ساڵێکدا لایەنی کەم پەنجا کتێبی باشم ئەخستە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردیم پێ دەوڵەمەند ئەکرد. ئەمەی من ئەیڵێم تانە نییە بۆ بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی ئەو دەزگا و ناوەندانەی وەرگێڕان وچاپ و بڵاوکردنەوە و لەو ڕوانگەوە قسە ناکەم کە ئەوان وەک منیان پێ ناکرێ. ئەو دەسەڵات و داراییەی کە باسی ئەکەم بخرێتە بەردەستی ئەوانیش لەو بڕوایەدام ئەوانیش ئەوەیان پێ ئەکرێت. ئەمە لە ڕوویەکەوە، لە ڕوویەکی ترەوە ئەوانیش ستانداردێکی ڕێزمان و ئیملای کوردیان لەبەر دەستا نییە کە هەموو دەزگاکان لەسەری ڕێکەوتبێتن و پێڕەوی بکەن، لەبەر ئەوە هەرچەندە گلەیی هەبێت، ئەوانیش لە وەڵامدا بیانووی خۆیان هەیە.

**بە گشتی چۆن دەڕواننە بازاڕی وەرگێڕان لە کوردستان دا، هەندێ کەس پێیان وایە جۆرێک لە پاشا گەردانی و بێسەر وبەریی باڵی بەسەر ئەم مژارەدا کێشاوە، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم بۆچوونە؟**

**د.ئەحمەد ئابلاخی:** پێم وایە لە وەڵامەکانی پێشوودا تیشکم خستە سەر ئەو پاشا گەردانییە. بەدەر لە دەزگاکانی وەرگێڕانیش ئەو پاشاگەردانی و شپرزەیی و بێسەروبەریەی بە وەرگێڕانەوە هەیە، پێوەندیی بە وەرگێڕەکانەوە هەیە، وەرگێڕی زمانی فارسی، ئینگلیزی و عەرەبی ئەناسم بۆ ماوەی پانزە دەقیقە ناتوانێ لەگەڵ فارسێک، یان ئینگلیزێک و یان عەرەبێکدا قسە بکا، واتە زمانی بەرانبەر شارەزا نییە، کەچی کتێب لەو زمانانەوە وەرئەگێڕێتەوە سەر کوردی. زمانی هەر گەلێک دەیان و سەدان ئیدیۆم و کنایەی تێدایە و ناکرێ وەرگێڕانی وشە بۆ وشە، واتە تەرجەمەی حەرفی بۆ بکرێت، کەچی ئەبینی کاری وەرگێران ئەکەن و زۆریش لەو وەرگێڕانە کەوتوونەتە هەڵەی واوە کە بووەتە مایەی گاڵتە جاڕی و دەماودەم خەڵکی بۆ یەکتری ئەگێڕنەوە کە فڵان وەرگێڕ بەرانبەر فڵان ڕستە یان فڵان وشە بە کوردی وای نووسیوە. نموونەی زۆرم لایە گەر بیانڵێم وەرگێڕەکان کاری خۆیان ئەناسنەوەو لێمان زویر ئەبن، بۆیە وەرگێڕ ئەبێ بە تەواوی بەسەر هەردوو زمانەکەدا زاڵ بێ، ئەوسا ئەتوانێ کاری وەرگێڕان بکات.

**چ پێشنیازێکتان هەیە بۆ ئەوەی دۆخی وەرگێڕان لە کوردستان گەشە بکات و کەموکوڕییەکانی کەمتر بێتەوە؟**

**د.ئەحمەد ئابلاخی:** پێشنیاری من ئەوەیە حکوومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری دەزگای تایبەت بە وەرگێڕان دروست بکات و کەسانی کارامە و بە توانای تێدا دابمەزرێنن و ئەوانەشی کە لە دەرەوەی ئەو دەزگایە، کاری وەرگێران ئەنجام ئەدەن بەرهەمەکانیان لێ وەربگیرێت و بدرێتە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا تا لەلایەک بە زمانەکەیدا بچنەوە و لە لایەکی تریش بەراورد بکرێ لەگەڵ دەقە وەرگێڕاوەکەدا و ئەگەر پەسەند بوو بۆیان چاپکرێ و پاداشت بکرێن و زیاتر هان بدرێن. پێویستە ڕێگاش نەدەن بەرهەمی سەقەت وەرگێڕاو تێپەڕ ببێ و لە هەمان کاتیشدا دەستورێک و ڕێزمانێک و ئیملایەکی ستاندار و یەکگرتوو هەبێ و پێڕەوی بکەن و کارەکان هەمووی بە بەرنامە بکرێت.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 645 6 Decem 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەڕێوەچوون ی سمینارێک بەبۆنەی ٢٥ ی نۆڤامبر لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی ٢٥ ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژیی دژی ژنان سمینارێکی پێکهێنا.

ئەو سمینارە کە ڕۆژی سێشەممە، ٤ی سەرماوەز بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵێک مێوانو ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیە بەڕێوەچوو، بە ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی قوربانیانی گیانبەختکردووی دەستی توندو تیژی دەستی پێکرد.

لە سەرەتای بەرنامەکانی ئەو سمیناتەدا شلێر مەحموودی، بەڕێوەبەری بەرنامەکە باسێکی لە سەر ئەو بۆنەیەو توندوتیژی دژی ژنان پێشکێش کرا.

لە برگەیەکی دیکەی کاری سمینارد پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەو بۆنەیەوە لەلایەن خەدیجە مەعزووری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن بێگەرد عەلیپوورەوە خوێندرایەوە.

لە برگەی سەرەکیی کاری سمینارەکەدا کوێستان فتووحی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی باسێکی لەژێر ناوی جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا پێشکێش کرد.

کوێستان لە باسەکەیدا توندوتیژیی وەک پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤ ناوبردو بە ئاماژەیەکی کورت بە جۆرەکانی توندوتیژی لە کوردستان، لە ڕابردوو و ئێستادا؛ باسی لە توندوتیژییە شاراوەکانی نێو کۆمەڵگا کرد کە بەهۆی بڤەبوونو بە پاساوی پاراستنی حورمەتو ئابرووی خێزان کەمتر دەنگی لێ دەردێو دەبینرێو کەمتر بەدواداچوونی بۆ دەکرێ.

هەروەها تیشکی خستە سەر ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێران بە کوردستانیشەوە کۆمەڵگایەکی «ژنئازار»ە، توندوتیژی دژی ژنان بەهۆی بەردەوامیو ڕەوایی پێدرانی لە لایەن عورفو ئایینەوە بۆتە نۆرمێک لە ژیانی کۆمەڵایەتیو تەنانەت زۆرێک لە ژنان بە بەشێک ژیان و چارەنووسی ژن بوونی خۆیانی دەزانن.

کوێستان فتووحی لە تەوەرێکی باسەکەیدا پەرژایە سەر جۆری سیاسەتو ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر پرسی ژنو گوتی سیاسەتو قانوونەکانی بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامی توندوتیژیی دژی ژنانی لە سێ بەستێنی خێزان، کۆمەڵگاو حکومەت نهادینە کردووەو ژنان لە زۆربەی مافەکانیان بێبەش کراون.

شایانی باسە دوای هاتنە بەرباسی سەرنجو تێبینیی چەند بەشداربوویەک سمینارەکە کۆتایی هات.

## بەڕێوەچوونی سیمناری ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە نۆرویژ بەڕێوەچوو




ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٩ی نوامبری ٢٠١٤ی زایینی، سیمنارێک لە ژێر ناوی توندوتیژی دژ بە ژنان و خۆراگری ژنی کورد لەوڕۆدا لە لایەن یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ بەڕێوەچوو.

مەحبوبە ڕەحیمی، بەرپرسی یەکێتی ژنان لەنۆرویژ، وێڕای بەخێرهاتنی بەشداربوان باسێکی کورتی لەسەر ڕۆژی ٢٥ی نوامبر پێشکەش کرد.

لە درێژەی سمینارەکەدا گوڵاڵە شەرفکەندی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای ٢ ژنی نۆروێژی چالاک لە بواری ژناندا بە ناوەکانی «سیڤ سترۆم» و «ئینگویل لووندە» لەسەر تووندوتیژی، سەنتەری کیشەی ژنان و هێندێک کێشەو گرفتی دیکەی ژنان بابەتیان پێشکەش کرد.

بەڕێز شەرفکەندی لە گەل باس لە گرفتەکانی ژنان پێی وابوو پێویستە کە دوو ڕێگای بەرنگاری بەرامبەر بە ژنان هەبێ: یەکەم ئەوەیکە سیستەم لە ڕێگا دارشتنی یاساوە پشتیوانی لە ژن بکات و دووهەم، کۆمەڵگا لە ڕێگای ریکخراوەکانی وەک ژنان، و ئەو ڕێکخراوانەی کە داکۆکی لە مافی ژن دەکەن هەنگاوی بۆ هەڵێنەوە.

لە درێژەی باسەکەی دا گوڵاڵە شەرەفکەندی باسی لە بارودۆخی ژنان لە ئەمرۆی کۆماری ئیسلامی ئێران دا کرد.

ناوبراو باسی ئەسید پاشی، یاسای ئەمر بە مەعروف و نەهی لە منکر کرد کە بەو شێوەیە ڕێگای بۆ تووند وتیژی دژ بە ژنان خۆش کردوە.

لە درێژەی سمینارەکەدا کۆمەڵێک لە بەشداربووان بە پرسیارو تێبینییەکانیان بەشدسارییان لە باسەکەدا کرد کە دواتر لە لایەن خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی یەوە وڵامیان درایەوە.

کۆرگێری دووهەم، سیڤ سترۆم لەسەر سەنتری پشتیوانی لە ژنان باسێکی پێشکەش کرد و بە وردی لە سەر گرفتی ژنان لە وڵاتی نۆرویژ دوا. دوایین کۆرگێر، ئینگویل لووندە، لێکۆڵەر لە بواری خەتەنەی ئافرەتان، باسێکی لەسەر خەتەنەی ژنان و گیروگرفتەکانی قسەی کرد. ناوبراو لەم پێوەندییەدا باس ئەو گرفتانەی کرد کە ژنان لەبواری جسمی و رووحیەوە کە دوای خەتەنەکردن تووشی دەبن.

## سۆئێد: بەڕێوەچوونی سمینارێک سەبارەت بە «سڵامەتی دەروونی ژنان»

ڕۆژی شەممە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سمینارێکی لە ژێر ناوی « سڵامەتی دەروونی ژنان» بۆ بە ئاگادار کردنەوەی ئەندامانی خۆی لەسەر بارودۆخی ژنانی کوردستان و بەتایبەتی ژنانی ئاوارە بوو لە ماڵ و نیشتەجێ لە کەمپەکان پێک هێنا.



دوای خوێندنەوەی ڕیزی بەرنامە لە لایەن سکاڵا حەکیمزادەوە، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن لەیلا محەممەدی خوێندراویە.

پاشان کۆرتە کلیپێک کە هەر لە پێوەندی لەگەڵ خەبات دژ بە توندوتیژی دژی ژنان لە لایەن کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کۆمیتەی سوئێد، ئامادە کرابوو نیشانی بەشداربووان درا.

لە درێژەی سمینارەکەدا سێ خاتوونی شارەزا لە بواری دەروونی و پزیشکی بەڕیزان: کەژاڵ ئەحمەدی سلێمانی ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی، زێنەب کاواک ناسراو بە هێڤی ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی و دوکتور سۆزان فەتحی باسەکانی خۆیان پێشکەش کرد کە پێوەندی بە سڵامەتی دەروونی ژنانەوە هەبوو.

کەژاڵ ئەحمەدی سلێمانی باسێکی لە چەندین جۆری نەخۆشی و چۆنیەتی تووش بوون و هەروەها چارەسەریەکانی کرد. هێڤی سەبارەت بە سەفەری خۆی بۆ کوردستان و یارمەتی کردن بە هاووڵاتییە ئێزیدیەکان و دوکتور سوزان فەتحی باسێکی تێروتەسەلی لەسەر نەخۆشییەکانی ژنان پیشکەش کرد.

بەشی کۆتایی سیمینار سپاسنامەی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆڕو سمینارەکان لەلایەن کوێستان بابایی خوێندرایەوە.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی هەژدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ

بەبەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی هەژدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا کاروباری ئەو فستیڤاڵە ئەدەبییە لە شاری سلێمانی دەستی پێکرد.






شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک کەریم مەهدەوی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری سلێمانی بەشداری لە هەژدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا کرد کە لەژێر دروشمی «شەنگال و کۆبانێ، سەنگەری بەرەنگاریو ئاسۆی ئازادی» لە هۆڵی تەوار بەڕێوە دەچێ.

شایانی باسە کە فێستیڤاڵی کە ٥ ڕۆژی خایاند کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی وەک شێعر و چیرۆکو لێکۆڵینەوەوە هەروەها هزریو ڕووناکبیری پێشکەش دەکران.

## بەر لە ماڵاوایی

# ئەدەبی منداڵانو ئەرکی ئەمڕۆ



منوچێهر پوردل

ئەگەر زمان وەک سەرەکیترین توخمی ناسنامەی نەتەوایەتی ناسراوە ئەوا بۆ گەلی کورد نیشانە و هێمایەکیش بووە بۆ «بوون» و لە ڕەوتی مێژووی پڕهەوراز و نشێوی خۆی ئەرکی پاراستنی ئەم زمانە زیاتر کەوتۆتە ئەستۆی ئەدەبی زارەکی بە هەموو لق وپۆکانییەوە، لە لایە لایە و حەکایەتی دایکان بۆ منداڵانڕا بگرە تا شینگێڕی و شەڕەفڕی کیژان و کوڕان و بەیت و باو و بەند و حەیران و... لە بەرامبەر ئەم خۆڕاگرییە پڕ لە سەروەرییەی نەتەوەی کورد. بە درێژایی سەدان ساڵ بگرە زیاتریش، دەسەڵات واتە نەتەوەی باڵادەست لە هیچ کۆششێک بۆ تواندنەوەی فیزیکی و ڕۆحی گەلی کورد درێغی نەکردووە، بێگومان حەوجێ بە کوتن ناکا سەدان نموونەی کوشت و بڕ و قەڵاچۆ و نەهامەتی کە بەسەریا هاتووە بەڵام ئەم چەشنە حەولە کردەیی و فیزیکییانە نەیانتوانیوە کورد لە ناو بەرن و تەنانەت زۆر جار دژکردەوەیەکی وایان لە خۆیان نیشان داوە کە لە ئاکامدا بە زەرەری دەسەڵاتدا شکاوەتەوە هەر بۆیە لەم سەردەمی مۆدێرنیتەیەدا دەسەڵات بە چەکو چۆڵی نوێی میدیایی (ماهوارە، تەلویزیۆن، ڕادیۆ، ئینترنێت، ڕۆژنامە و...) خەریکی ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی کوردە، ململانییەکی فەرهەنگی بە نهێنی و ئاشکرا لە نێوان دەسەڵات و نەتەوەی کوردا ئێستا لە هەموو کاتێک بە هۆی ئەم ئامرازانە دێتە بەر چاو.

ئەوەی کەمتر- ڕەنگە زۆر کەمتر- ئاوڕی وێدرابێتەوە ئەوەیە کە دەسەڵات بەشێوەیەکی نابەرهەست فەرهەنگ و ئەدەبیاتی منداڵانی کردۆتە مەبەست. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بەهۆی سیستمێکی دیکتاتۆر و پاوانخواز زمانی کوردی هەر بڤەیە، منداڵانی کورد وەک هەمیشە لە خوێندن بە زمانی زگماکی بێبەشن. مامۆستا ناسرباباخانی کوتەنی ئیدئۆلۆژی ئەم سیستمە لە سەر دوو بنەمای زڕە ناسیۆنالیستی فارس و شیعەگەرێتی دامەزراوە و وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەکەلتوور وەک ئێران وەک یەکەیەکی گشتی چاو لێدەکا نەک وڵاتێکی پێکهاتوو لە پاژە جۆربەجۆرەکان و بە گشتی نەتەوەکانی تری بە یەکجارەکی پشت گوێ خستووە. هەرچەند دیارە بە هۆی ئیرادە و ویستی هەندێ ڕووناکبیر و نووسەر، تاقمێکی سنووردار کتێب و نامیلکەی جۆراوجۆر چاپ دەبێ کە زۆربەیان لە باشوور چاویان دەپشکوێ و زۆر جاران هەر ناگاتە ڕۆژهەڵات، بەڵام بەداخەوە لە بواری ئەدەبی منداڵاندا هەر هیچ نەکراوە و هەر دەڵێی ئەم بەشە بوونی نییە. دیسان بەداخەوە بەشێک لە نووسەرانی ئێمە بە چاوێکی سووکەوە سەیری ئەدەبی منداڵان دەکەن و هەردەڵێی خۆ لە قەرەی ئەم ژانرەدان ئاستی کەسایەتییان دادەبەزێنێ! زۆر جاران بە هۆی تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی منداڵان لە سەرووی هەمووان ئەم زمانە تایبەتە و سەمبولیکەی کە هی ئەم چەشنە ژانرەیە، پەیام و مەبەستە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان زۆر باشتر دەگاتە جێ و بۆ منداڵ ڕێپیشاندەرترە.

تۆ کە سەیری ئەدەبی منداڵان لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان دەکەی دەبینی کە پڕفرۆشترین و پڕتیراژترینی کتێبەکان هی منداڵانە، ئەمە واتای ئەوەیە کە ئاستی فەرهەنگی ئەم نەتەوانە لەچاو ئێمە گەلێک بانترە و بە شێوەیەکی خەسارناسانە گەیشتوونە ئەم قۆناغەی ئێستا. کەوا بوو کە ئەگەر نامانەوێ فەرهەنگ و زمانەکەمان تێدا بچێ نووسەرانی ڕۆژهەڵات ئاوڕێکی جیدی بدنەوە ئەم بوارە کە چون دەسەڵات لە ڕێی میدیا بینراوەکان و لەڕێی کتێبە دەرسییەکانی سەرەتایی قوتابخانە گوێی منداڵانی لە شێعری مەبەستداری فارسی ئاخنیوەتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم منداڵانە لە فەرهەنگ و کەلەپووری خۆیان پەراوێزتر دەخرێنەوە. جگە لە نووسەران ئەرکی سەرشانی میدیای کوردییە جگە لە یەک دوو بەرنامەی سەرسەرەکی کارتۆنی منداڵان بە کوردی، کۆمەڵە خەسارناسییەکی جیدی لەسەر شاشەی تلویزیۆنەکانی بۆ ساز دا، ڕەنگە ئەمەش خۆی لەخۆیدا لە ڕاستای پڕۆژەی شیاو و بەجێی ڕۆژهەڵات مێحوەریدا پێناسە بکرێ. بەم مانایە ئەگەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە تەعبیری دۆستان خەریکی ئەنفالی سپییە ئەوە گۆشەنیگایەکی پڕۆژەی ڕۆژهەڵات مێحوەری دەبێ مناڵە بێنازەکانی کوردستان و لە هەمان کاتیشدا بنەماڵەکانیان بن. منداڵی کورد وەک وەچەی دوارۆژ بە گشتی خراوەتە پەراوێزەوە هیچ حەولێکی جیددی لەباری پەروەردە کردن و بارهێنانی بەدی ناکرێ، دەچێتە قوتابخانە و دەگەڕێتەوە ماڵەوە، لەم سیکلە چەندپاتەکراوەدا تووشی – فەیلەسووفەکان کوتەنی- دەور و تەسەلسولێکی باتڵ بووە و لە ئاکامدا دەبێتە مرۆڤێکی خەسیو و بە دوور لە ئینتیما نەتەوەیی‌یەکان و نامۆ لە فەرهەنگ و ناسنامەی خۆی، بۆیە دەبێ پلان و بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ئەم دۆزە هەبێ. سێکوچکەی بنەماڵە، قوتابخانە و نووسەران بێگومان کاریگەرترین دەوریان دەبێ هەبێ لەم بەرنامەیەدا و دەوری میدیای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش وەک تاکە دەنگی ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد لەم ساتەوەختەدا دەبێ تۆختر کرێتەوە. کەوا بوو ئەم ئەرکە سەرەکی و قورسە واتە پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی بۆ منداڵانەیان لە ئەستۆیە بۆ پەروەردە و بارهێنانێکی باشتر بۆ فێرکاری منداڵان بە زمانی کوردی. وەچەکانی ئێمە و بەر لە ئێمە گۆشکراوی حەکایەتی دایکانی خۆیان بوون کە شەوانە بەدەم ئەم حەکایەتانەوە سەریان ناوەتەوە سەر سەرین و خەویان لێکەوتووە، شتێکی کە دەمێک ساڵە دەنگی لە ماڵان نابیسرێ، بەڕاستی تۆ بڵێی لەم سەردەمەدا بزنۆکە و مەڕۆکە لە کوێ بن؟